# خودی کوردی

# لەنێوان کەسێتی دووفاقی و

# تراژیدیای ئەنفالدا

## نیهاد جامی

## ٢٠٠٤



ناوی کتێب: خودی کوردی

ناوی نووسەر: نیهاد جامی

جۆری کتێب: لێکۆڵینەوە

بەرگ: ئەبوبەکری مەلا عەبدوللا

تایپ: نووسەر

تیراژ: ١٠٠٠

چاپی یەکەم– چاپخانەی کارۆخ (سلێمانی– بازاری بەرهەم)

ژمارەی سپاردنی (٣٨٢) ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

بۆ

زیرەك عەبدوللاَ

## دەسپێک

بەردەوام ووشە لەنێوان دەمانخاتە بەردەم دوو ئاستی بیرکردنەوەی جیاواز، بۆیە ئەو دوو ئاستە بەردەوام پێەیستی بەوە هەیە گوتارێک هەبێت کۆیان کاتەوە، بۆیە لەنێوان کەسێتی دووفاقی وتراژیدیای ئەنفالدا ئەوەی دەبێ بەو ڕووبەرەی ئەو دوو ئاستە کۆبکاتەوە، ئەوە خودی کوردییە، بەو پێیەی خودێکە لەنێوان هەردوو ئاستە کۆمەڵایەتیەکە دەژییت، ئەوشە پەیوەندیی بەدوو قۆناغی بەدوا یەك هاتوو هەیە، یەکێکیان ئەزموونی بەعسیزمە کە ئەنفال بەرهەم دێنێت، ئەویتریش ئەزموونی حوکمڕانی کوردیە، کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر بنیاتنانی کەسێتی دووفاقی.

ئەگەرچی پڕۆژەی ئەم کتێبە بەتەنیا هەوڵێکی سۆسیۆلۆژی نییە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگای کوردیی، بەڵکو لەپاڵ ئەو خوێندنەوەیە تێڕامانێکی ڕەخنەییە لەناو گوتاری سیاسیمان، ئەوەش بەتەنیا قسەکردن نیە لەڕووداوێك کە ڕوویداوە، بەڵکو بەدواندنی ئەگەرەکانی داهاتووە.

هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەدۆخی بێدەنگی کۆمەڵگا، ئەوەش لەڕوانگەی دوو تێڕوانینی جیاوازەوە،



یەکێکیان بابەتێکی تیۆریە لەبارەی کەسێتی دووفاقی لەسرووشت وپێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا، لەڕوانگەی چەمکی کەسێتی دووفاقی لای سۆسیۆلۆژیستی عیراقی د. علی الوردی، کە ئەو بابەتە چۆن لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەتەنیا وەك گرفتێکی کۆمەڵایەتی دەرنەکەوتووە، بەڵکو بەشداریەکی چالاکی کردووە لەململانێ سیاسیەکانمان، لێکۆڵینەوەی دووەمیش هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەتاوانی ئەنفال وپڕۆژەی مەرگدۆستی لای بەعس لەڕوانگەی نووسینەکانی (بەختیار عەلی) ەوە، بەتایبەت لەسەر لێکۆڵینەوەی (لەئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن) ئەوەش بەتەنیا بەو مەبەستە نیە کە لەتاوانی ئەنفال وعەقڵیەتی بەعسیزم بدوێین، بەڵکو قسەکردنێکە لەپێناو شکاندنی دیواری بێدەنگی ناو گوتاری ڕوناکبیریمان کە لەناو ستایش وسەرزەنشت کردندا خۆی نوقمی ئومێدێکی یۆتۆپی کردووە، بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بکەینە دەروازەیەکیتر بۆ شکاندنی بێدەنگی، ئومێدمان بەوە هەیە بتوانین لەو ڕێگەیەوە درێژە بە گفتوگۆکانمان بدەین.

# کەسێتی دوفاقی

# لەسروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگای

# کوردیدا

بۆئەوەی توانای ئەوەمان هەبێت لەو هۆکارانە قسەبکەین، کە لەپشت دووفاقی کەسێتی لەکۆمەڵگای کوردیدا وەستاوە، پێویستمان بەتێگەیشتنێکی سۆسیۆلۆژیانە هەیە بۆ ناسین، ناسینی کۆمەڵگایەك لەوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بۆچی لەناو فەرامۆشکراوەکانی گەشە بەخۆیدەدات، تا دواتر لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە دەپەڕێتەوە نێو کایەی سیاسی، بۆئەوەش پشت دەبەستین بە چەمکی (دووفاقی) لای کۆمەڵناسی عێراقی (د. علی الوردی)، نەك لەبەرئەوەی ئەو چەمکە بۆ کۆمەڵگای کوردیی هەمان دەرەنجامەکانی ئەومان پێدەبەخشێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، زۆرجار خاڵی بنەڕەتی بۆ جیاوازیی تیا دەردەکەوێت.

کەوابێ ئەی ئەو دەسپێکە چیە وامان لێدەکات پشت بە نووسینەکانی ئەو ببەستین؟ پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت و بەهەند وەریبگرین، کە گەر چەمکی خود بەشێوەیەکی گشتی واتایەکی جیاوازی هەبێت لەگەڵ خودی کۆمەڵگایەکی دەستنیشانکراو، ئەوا ئەو نەتەوەیەی کە کولتوری کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی ئەو کۆمەڵگایە،



زۆرینەی دەرەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی لەو کۆمەڵگایە دەچنەوە، کە لەناویدا تواونەتەوە و سیما کولتوریەکانی خۆی ونکردووە، بۆیە کاتێ بۆ قسەکردن لە کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایە راستەوخۆ پشت بە تێڕوانینەکانی ئەو کۆمەڵناسە دەبەستین، هۆیەکەی ئەوەیە کۆمەڵگای کوردیی بەهۆی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراقەوە سیستمێك بیرکردنەوە و جۆری سزا و خۆسەپاندنی نەریتی لەو کۆمەڵگایە دروست کردووە، وایکردووە بەدرێژایی زەمەن سیما کولتوریەکانی لێبسەنێتەوە.

تادواجار لە (خودێکی کوردیی) گۆڕیویەتی بە (خودێکی عێراقی)، بەڵام خودێك بەمانای کۆمەڵێك لێکچوون، نەك بەواتای گۆڕینی بۆخودێکی ئایدیۆلۆژیی، کە ئینتیما بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بکات، چونکە ئەوەیان مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، بۆ ئەوەی بەراورد بکەین لەنێوان ئەو دووانە هەوڵ دەدەین پێناسێکی سۆسیۆلۆژییانەی خود بخەینە ڕوو، تا لەوێوە قسە لەو خودە کوردییە بکەین.

یەکێك لەو پرسیارانەی سۆسیۆلۆژیستەکان بۆچوونی جیاوازییان لەبارەیەوە هەیە، ئەو

پرۆسەیەی ناونانە کە ئاماژەی بە خود داوە، بەوەی خود چ وەزیفەیەکی هەیە و کێ ئەو ناوەی لێناوە و سیماکانی ئەو خودە چۆن لەمرۆڤدا کەسێتیەکی تایبەتمەند دروست دەکەن، ئەوەی بۆچوونەکان لەخاڵێکدا لێکنزیك بکاتەوە ئەوەیە "کەسێتی مرۆیی پێکهاتەیەکی جوڵەییە و هەوڵدانێکی بەردەوامە لەپێناو سەرکەوتن لەنێوان ئارەزوە سروشتیەکانی مرۆڤ و بنەماکانی کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندووە"(١).

ئەگەر لەو پێناسەیەوە سەیری کەسێتی کوردیی بکەین، دەبینین خودێکە بەردەوام لەسەر بنەما سەپێندراوەکانی ئاکاری کۆمەڵگا ئارەزووە سرووشتیەکانی خۆی چەپاندووە، بەواتای سەرکەوتنی ئەو بۆ گەیشتن بەو ئارەزووە نییە، بەڵکو داکۆکیکردنە لە شوناسی کۆمەڵایەتی، بەوەی چەمکێکی نەگۆڕ بەسیستمی ئاکاری کوردیی ببەخشێت.

ئەوەش بێدەنگی کردووە بە خەسڵەتێکی دیاریی ئەو خودەی لەبەرامبەر سەرکوتکاریەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان تەواو بێدەنگ بێت، وەنەبێت ئەوەش لە بڕوابوونی سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو لە



دووفاقیی ئەو خودە هاتووە، لەناوخۆیدا کەوتۆتە ململانێوە، ململانێ لەنێوان ئارەزووەکانی ئەو بۆ ئازادبوونی خود و سیستمی سەپێندراوی کۆمەڵگا، ئەوساتەش خود دەبێت بەکەسێك دووفاقی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا گەشە پێبدات، چونکە هەر ئەو خودەیە لەناو کۆمەڵگادا نوێنەرایەتی گشتی دەکات و دواجار کۆمەڵگایەکی دووفاقی لەنێوان (ئارەزوو/ سەرکوتکردن) دروست دەکات، کۆمەڵگایەك وەك چۆن لەدوای ڕاپەڕینەوە بینیمان حزب هەموو سەرکوتکاریەکانی نێو (خێزان، عەشیرەت، دەوڵەت) ی لەناوخۆیدا کۆکردەوە و ئارەزووە سرووشتیەکانی خودی دنیای ئێمەی کوشت.

کاتێك کۆمەڵگایەك لەناو دووفاقیەت گوتاری خۆی بەرهەمبێنێت، ئەو کات هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵگایە دەبێ بەخەونی هەموان، کۆمەڵگایەك تەنیا لەناو ئەو خەونەدا نامێنێتەوە، بەڵکو لەدەرکەوتنی سیماکانی زەبروزەنگ و بەدەنگهاتنی خودە لەو کۆمەڵگایە، هەڵوەشاندنەوەی ناوەندی عەقڵی دەبێت بە پرۆسەیەکی کار بۆکرا، بەوەی خود ناچار دەکات گۆڕانی ئەو سیستمە بکات بە خەونی حەقیقەت.

چونکه ئەوە کۆمەڵگایە فرمانەکانی دەرەوەی خۆی دەسەپێنێت، نەك فەرمانڕەواکانی دەرەوەی کۆمەڵگا، ئەوە نە ئاینە چەپاندن دەسەپێنێتە سەر خود و نە حزبیشە ئەوەمان بەبالا دەبڕێ، کە دەبێت مەرگدۆست بین وخوێنی خۆمان بکەینە ئالای حزب، بەڵکو کۆمەڵگا نەریتێکی هەیە ودەیەوێت بەردەوام بەرجەستەی فەرمانەکانی بکات، خودی لەناو خۆیدا تواندۆتەوە و گوتارێکی بێئیرادەیی بنیات ناوە، شکستی خەونی خود پێوەندی بەو کولتورەوە هەیە، لەسەر رابردوو وێنای داهاتوو دەکات.

بەوەی مەرجەعی پێشبینیەکانی بەحیکایەتەکانی رابردوو دەبەستێتەوە، ئەو حیکایەتانەی پێمان دەڵێن، ئەوەیە هاوکێشەی نەگۆڕی ژیان، باپیران وا ژیان ئێوەش هەروا دەبن، حیکایەتی گەڕانەوە بۆ زەمەنی مێژوویی، بەو مەبەستەیە لە زەمەنی هەنووکەیی خۆمان بیر نەکەینەوە، بەڵکو پێڕەوی نەریتەکانی زەمەنی باپیران بکەین، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش خودێکی شکستخواردووی بنیاتناوە کە هەرگیز رێگەی ئەوەی پێنەدراوە داهاتووی لەسەر ویستو ئیرادەی خۆی بنیات



بنێت، بەڵکو ئەو ئیرادەیە کوژراوە، تەسلیمی قەدەرێکی کۆمەڵایەتی کراوە، قەدەرێك لەسەر بەخت وفاڵ وجادوو دەبردرێتە ئاستی بەرزبوونەوە، بەوەی پێشتر کەسێك لە رێککەوتێك لەو رێگەیە سەرکەوتووە، ئیدی ئەوە پێوەندیی بەڕاستی ئەو قەدەرەوە هەیە، نەك بەهێزی نەستی ئەو خودە، کە توانای سوودوەرگرتنی نییە لەهێزی نەست، چونکە ئەوە پێوەندیی بە نەستەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەدۆخی ئابووری یان رامیاریی خودەوە هەیە، دەکرێت ئەو دۆخە ئابوورییەی نەریتێك سەریدەخات.

لە نەبوونی ئەو دۆخە ئەو نەریتە نەتوانێت کەسێکی تر وا دەربکات، چونکە لە بنەماوە پێوەندی بەدۆخەکەوە هەیە، بۆیە ئەو کەسێتیەی بەسەرکەتوو دەناسرێت لەو تێگەیشتنە پێوەندیی بە دۆخەکەوە هەیە، ئەوەیان پێوەندی بە کەسێتیی سەرکەوتوو نییە، ئامادەبوونی دۆخێکە سەریدەخات و پێوەندیی بە نەستی خولقێنراو نییە، بۆیە سەرکەوتنی کەسێتی پێوەندیی بە دۆخەکانەوە نییە، بەڵکو پێوەندیی بەهێزیی نەستەوە هەیە، هێزێك تاکەکانی ناو کۆمەڵگای

**کوردیی بڕوا بەو هێزە ناکەن، کە لە پشت ئیشکردنەکانی مرۆڤە، ئەو هێزەی تەکنەلۆژیای خستە نێو ماڵەکانمان، هێزی نەست و توانای خوڵقێنراوی مرۆڤە.**

**هیچ کەسێتیەکی سەیر لەپشت دروستکردنی کۆمپیوتەر و سەتەلایت و پێوەندیکردن لەرێگەی ئینتەرنێتەوە نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت ئەوانەی دروستیان کرد، توانیویانە سوود لە زیرەکیی نەستی خۆیان وەربگرن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لەناو کۆمەڵگایەکداین، بەشدار نین لەو هێزە، بەڵکو گۆڕانەکان دێنە ناو ئێمە، ئێمە نەبووینە بەشێك لەناو گۆڕانەکان، ئەوەش وایکردووە پرسیاری خودی کوردیی ببێت بە پرسیار لە چۆنیەتی ستایشکردن، بەوەی چۆن ستایشی ئەو هێزە بکەین.**

**چۆن ئەو ماتریالانەی بۆ بەرهەمهێناوین، کۆمەڵگای کوردیی لەساتەوەختی بەشدارینەکردن لەناو گۆڕانەکان، تەنیا بینەرێکی ئەو گۆڕانکارییەیە، دواتر کە چاو دەکاتەوە دەبێت تێکەڵی ئەو دۆخە بێت، ئەوەش تەنیا لە ئاستێکی دەستنیشانکراو دەرنەکەوتووە، بەڵکو لەهەموو ئاستەکانی ژیان**



**بەڕووی کۆمەڵگا دەرکەوتووە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەو تەنیا هێزێك فڕێیداوە.. کە هێزێکی ئەفسوناوییە، ئەوەش هەمان وێنەی بەئاگاهاتنی کۆمەڵگای عێراقی هەیە، (علی الوردی) رووداوی جەنگی جیهانی بۆ ئەو کۆمەڵگایە بەئاگاهاتنی کۆمەڵگایەکی نوستوو ناو دەبات.**

**بێئاگایی خوود لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەر تەنیا خەوتنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا نییە، بەڵکو لەکاتی هەستکردن بەو هێزە دەروونیەی ناتوانێت بۆ ژیان بیگوازێتەوە ولەناو کۆڕ وکۆبوونەوەکان هەوڵی نکولیلێکردنیش دەدات، کەچی زۆرجار لای چەند کەسێکی نزیکی خۆی دان بەو هێزە دەنێت، ئەو حاڵەتەش جۆرێکی تری دووفاقییە لە کەسێتی نێو کۆمەڵگادا، کە شکستی کەسێتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بڕوانەبوون، بەڵام داننەنان بەو شکستە وایکردووە کەسێکی دووفاق دەربچێت، چونکە ئەگەر بڕوا بەو شکستە بێنێت، دەتوانێت سوود لەو هێزە دەروونیەی خود وەربگرێت.**

**(ئیبن خەلدون) بڕوای وایە جیاوازییەکی جەوهەری نییە لەنێوان موعجیزەی پێغەمبەران و فێڵی سیحربازان، چونکە هەردووکیان سەرچاوەکەیان**

دەچێتەوە سەر دەروونی مرۆیی، ئەم دەروونە دەتوانێت بیکات بە پەیامبەر، وەك چۆن لەتوانایشیدایە کەسێکی شەڕانگێزی لێدەربچێت، بۆ ئەوەی باشتر لەمەبەستەکە حاڵیبین، خەونەکەی یوسف بەنمونە دێنینەوە، توانای نەستی یوسف لەناو خەوندا توانایەکە لەگێڕانەوەی خەونەکەدا باوکی مژدەی پێغەمبەرایەتی پێدەدات، ئەو توانایەی یوسف لەناو خەونەکەی لە بینینی مانگ و ئەستێرە دەیبینێت دەروونە.

وەك چۆن دیسان ئەوەش دەروونە وا لە براکانی دەکات، مادامەکی باوکیان بایەخی زیاتر بەو برایەیان دەدات دەبێت بیکوژن، دواجار یەك لەو برایەی داوا دەکات نەیکوژن وبیخەنە ناو بیرەوە، دەروونی برایەکە بۆ هاوڕابوون لەسەر ئەو دەروونەی کە کۆك بن لەسەر خستنە ناو بیرەوە، ئەگەر لەو نمونەیەوە سەیر بکەین دەبینین، هێزی یوسف هەمان هێزی براکانیەتی، بەڵام هێزێك بۆ یەکێك دەیکات بە پێغەمبەر و بۆئەوانیتریش شەڕانگێز.

ئەوەش فرۆید ئەو هێزە شاراوەیەی خستەڕوو، کە توانا شاراوەکانی نەست دەسەڵاتیان وەك تواناکانی



عەقڵ هەیە، ئەوانەی عەقڵ ئیدراکیان پێناکات، نەست لای خۆی کۆیدەکاتەوە، ئەوەش خاڵی گەشەکردنی دەروونناسی بوو، ئەگەرچی لەئەمڕۆدا سایکۆلۆژیستەکان ئەو پێکهاتەیەی فرۆید وەردەگرنەوە، بەڵام لەگەڵ بونیادەکانی ناو ئەوپێکهاتەیە هاوڕا نین، چونکە بەلای ئەوانەوە "عەقڵی ناوەکی بەتەنیا خەزێنەیەك نییە بۆ ئارەزووە چەپێنراوەکان، وەك فرۆید پێشبینی دەکرد"(٢).

چونکە فرۆید عەقڵی ناوەکی بەئارەزووی چەپێنراوی سێکسی دەبەستەوە، کەچی سایکۆلۆژیستەکان لەم رۆژگارەدا عەقڵی ناوەکی بۆ هەموو ئارەزووە سێکسی و ناسێکسیە چەپێنراوەکان دەگەڕێننەوە.

ئەوە لەکاتێکدا ئەو رەخنەیە لەناو رۆشنبیریی کوردییدا بەمەرگی فرۆید ڕاڤە دەکرێت، بەو مردنە رۆشنبیریی کوردیی خۆی لە دیدگای فەلسەفی ئەو فەیلەسوفە دەدزێتەوە، ئەو دەبێت ئەوە بزانێت، رەخنەگرتن لە دەقێکی فەلسەفی دەستنیشانکراوە، بەتایبەت فرۆید، کە دەرگایەکە بۆ بیرکردنەوە لە (دووفاقیەت).

دووفاقیەتی (ئارەزووو/سەرکوتکردن) کە ستراتیژیی بێدەنگی کەسی دووفاقی دەخوڵقێنێت، بەئازادکردنی نەست و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێی دەرگایەك بۆ ئەو توانا شاراوەیە ئاوەڵادەکرێت، بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بونیادە سەرکوتکراوەکان، بەڵام دەبێت ئەوەش جیابکەینەوە، کە ئەگەر دووفاقیەت لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گوزارشت لە نەخۆشیەکی دەروونی بکات کە خود تووشی دەبێت.

ئەوا لەڕووە سۆسیۆلۆژییەکەی بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی راڤەدەکرێت، کەواتە دەبێت حەقیقەت لەکوێدابێت؟ نەست دەتوانێ حەقیقەت بکات بە موڵکی خۆی یاخود حەقیقەت تەنیا ئەقڵا خاوەنداریێتی دەکات؟ ئەگەر حەقیقەت بەرۆڵەی شەرعیی ئەقڵا بزانین، ئەوا دەبێ بڕوامان بەو چەمکە ئەفلاتونیەش هەبێت، کە ئەقڵی مرۆیی بەئاوێنەی حەقیقەت سەیردەکات، ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی (مانهایم)ە، کە بڕوای وایە، ئامادەبوونی حەقیقەت لەدەرەوەی ئەقڵی مرۆییە، ئەوەشە مانهایم هاوڕادەکات لەگەڵ (جۆن دێوی) چونکە (دێوی) تەوا ئەو رەتدەکاتەوە، کە



ئەقڵ حەقیقەت بخوڵقێنێت، بەڵکو لای ئەو ئەقڵا کارێکی تری هەیە، ئەویش هەوڵدانە بۆئەوەی لە ململانێدا سەربکەوێت، بەڵام لەناو هەردوو دیدگا هاودژەکە ئەو بۆچوونە لۆژیکیە وەردەگرن، کە (ئەقڵا بەشێك وەردەگرێت لە حەقیقەتی دەرەکی، دواتر لەلای خۆیەوە بەشێکی تری بۆ زیاددەکات، بۆئەوەی ئەو وێنەی حەقیقەت تەواو بکات، کە وێنایکردووە، ئەوەشە وای لە هەموو تاکێك کردووە، کە حەقیقەتێکی تایبەت بەخۆی هەڵگرتبێت، وەك چۆن جانتا هەڵدەگرێت)(٣).

دووفاقیەت ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە لەناو کوردەوارییی لەکوێوە سەریهەڵداوە؟ ئاخۆ دیاردەیەکە لە دووفاقیەتی کۆمەڵی عێراقیەوە وەرگیراوە، یاخود پەیوەندی بە هەناوی کورد خۆیەوە هەیە؟

ئەوەی جێگەی گومانکردن نییە ئەوەیە، کۆمەڵی عێراقی کۆمەڵێکە هەر لەکۆنەوە بەخەڵکانێك ناوبراون، کە سەرچاوەی دووبەرەکینانەوەن، بەڵام ئەو خاسیەتە لەکۆمەڵگای کوردیدا بەدینەکراوە، بەڵکو کۆمەڵێك بووە، ئەوەی کە تووشی دووفاقی کردووە پێوەندی هەبووە بە نۆستالۆژیی ئەو خودە

**بەبەها کۆمەڵایەتیەکان و خەونی رزگاربوون لەو بەهایە، ئەوەش بووەتە مایەی ئەوەی دووفاقیەتی ئەو خودە سەرباری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام خاڵی نیە لە ئاستێکی سایکۆلۆژیی، چونکە ترسی مردن دووفاقیەتی لاکردووە بە دیاردەی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەو قۆناغانەی کوردەواریی پێیدا تێپەڕیووە وابەستە نەبووە بە سروشتی دۆخی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دۆخێك بووە کە هێنانی ترس بووە، وایکردووە دەسبەرداری رابروو ببێت و دۆزەخ و بەهای نویٚ قبول بکات.**

**بۆیە ئینتیمای یەکتاپەرستی ئەو کۆمەڵە لە بڕوابوونەوە نەهاتووە، بەڵکو ترس لە شمشێر گۆڕیویەتی، ئەو گۆڕانە بووەتەهۆی دووفاقیەك لەنێوان رابردوویەك کە بەموڵکی خۆی دەزانێت و ئێستایەکیش کە بەسەریدا سەپێنراوەو ئەو دووفاقیەتە لە هیچ ساتەوەختێك لەکوردەواریی جیانەبۆتەوە، هەربۆیە چەکداربوونی خێڵەکان لە قۆناغی ئەنفالدا هەوڵدانە بۆ مانەوەی خێڵ و پاریزگاریکردن لە خێڵ، نەك لە بڕوابوونی خێڵ بەدەوڵەت هاتبێت، ئەگەر ئەو دووفاقییەتەی خێڵ بچوك بکەینەوە سەرئاستی خود، دەبینین ئەو**



**پێشمەرگەیەی دەگەڕێتەوە ناو شارو دەبێت بەچەکداری یەك لە خێڵەکان، ئەو پێشتریش بەرلەوەی بچێتە ناو شاخ، توانای ئەوەی هەبووە ئینتیما بۆ خێڵی چەکدار بکات، بەڵام ئینتیمای دوای گەڕانەوە پێوەندی بەو ترسە ناخییەوە هەیە، کە خود تووشی دووفاقی دەکات، گوتاری ئینتیمای کۆمەڵ گوتارێکە هیچ کاتێك هێندەی ئەو دوانزەساڵەی دوایی بە سیمای کۆمەڵەکەمان دەرنەکەوتووە.**

**ئەگەرچی ئەو خودەی کە لەناو ئەو قۆناغە نوێیە سیاسیەی کۆمەڵ چاویکردۆتەوە، خودێکە جیاواز، بەڵام تەوتەمیەتی زەبروزەنگ هەست پیٚدەکات، لەهەندێك باردا بۆ خولڵقاندنی کەسێتی خۆی بیر لە راکردن دەکاتەوە، راکردنێك کە ماڵی باوان بەجیٚبهێڵێت، بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە بە فرمانەکانی دەسەڵاتی ماڵا رازی نییە، ئەو راکردنە لەو دوانزە ساڵەی دوایی سنورێکی فراوانتری بەخۆی بەخشی، بەوەی تاکەکانی کۆمەڵ یاخیبوونیان لەخێزان گواستەوە بۆ یاخیبوون لە حزب، ئەو رەتکردنەوەیە قبوڵنەکردنی سیستمی خێڵەکی ناو دنیای حزبە، کاتێك بڕیاردەدات کە**

وڵات بەجێبهێڵێت. بۆیە کۆچی لاوی کورد دەکرێت لە ڕەهەندی خولْقاندنی کەسێتیەوە سەیری بکەین، چونکە خود لەتوانایدا هەیە، لە فەزایەکی کراوەدا هەوڵی گۆڕینی خۆی بدات و بەدژی ئەو دووفاقیەتە بووەستێتەوە، کە پێشوو دنیای ناوەوەی شێواندبوو.

ئەو دووفاقیەتە ڕێگەی نەدەدا قۆناغەکانی خۆی ببڕێت، خولْقاندنەوەی خود پێیوەندیی بەو وێنەیەوە هەیە، کە خود دەیەوێت بۆ خۆی وێنای بکات، چونکە ئەگەر ئەو خودەی کۆمەڵ خوازیاری بوو، بەوەی دەبێت کەسێك بێ لە وێنەی پاڵەوانێکی شەڕکەر دەربکەوێت، ئەوا ئەو خودە لە ئەمڕۆدا حەزی بەجوانیەکان و خەون بەئومێدەکانەوە دەبینێ، ئەوەش وایلێدەکات ڕقی لە شەڕەکان بێتەوە، چونکە دڵنیایە لەوەی گوللەی تۆپەکان بەربەرستن لەبەردەم خەونەکانی و هەڕەشەن لە جوانیەکان.

ئەوەش وێنەی پاڵەوان لەلای دەبێ بە وێنەیەکی دووفاق، چونکە پاڵەوان لای ئەو چەندە هێمایە بۆ ئەو جەنگاوەرەی نابەزێ و هێرش دەکات و توانا و زەبروزەنگی خۆی دەنوێنێ، لە ڕوویەکی تردا



دەیەوێ ئەو وێنەیە بگۆڕێت، گۆڕینی ئەو وێنەیەش شکاندنی وێنەی موقەدەسی پیاوبوونە، وێنەیەك کۆمەڵی خێڵەکی تەقدیسیکردووە و لەئێستادا بووە بە پەیکەری وێنەی موقەددەس.. پەیکەرێکە بۆ ئازادبوونی خود، دەبێت وەك (برایم) بکەوێتە شکاندنی بتەکان.

کاتێك یەزدان بە موقەدەس دەزانێ نەك بتەکان، بەلاّم خود لەپێناو موقەددەسێك ئەو کارە ناکات، بەڵکو تەنیا مەبەست ڕزگاربوونە لە زەمەنی موقەددەس، چونکە بەبێ شکاندنی ئەو زەمەنە، ئەو فەزا روناکبیریە نایەتەدی، وەك کایە سیاسیەکانی نێو کوردەواریی دەیانەوێ بەبێ شکاندنی پەیکەری موقەددەس بانگەشە بۆ دەرکەوتنی ئەو گۆڕانە بکەن، دیارە ئەو کارە تەنیا جۆرێکە لە دووفاقیەت، چونکە ئەو ئەقڵەی شەڕی خێڵەکی بکات و داکۆکیش لەبیری دواکەوتوو بکات.

ئیدی هەموو بانگەشەکانی دەچنە بازنەی ساختەکارییەوە، لەرێگەی دووفاقیەك کە ئەو کایە سیاسیە نوێنەرایەتی دەکات، بۆیە ئەو خودەی وڵات جێدەهێڵێت، دەتوانین لەو تێڕوانینەوە

سەیری بکەین، کە دەیەوێ دووفاقیەت جێ بهێڵێت و سەرلەنوێ خۆی بنیات بنێتەوە.

ئەو حاڵەتەش دەکرێت دەگمەن بێت و کەسی راکردوو لەناو ژیاری خۆرئاواش پارێزگاری لە دووفاقی کەسێتی خۆی بکات، بوونی لە کیشوەرێکی نوێ، تەنیا ئامادەگیەکی جەستەیی بێت و هیچ گۆڕانێکی تێدا دەرنەکەوێت، بەڵام کاتێك دەیەوێ وا دەربخات، کە ئەو گۆڕاوە، ئەوەیان گۆڕان نییە، بەڵکو نواندنێکە کە کەسی دووفاق پێویستی پێیەتی، ئەوەیان وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد پێوەندیی بە ئاستی سایکۆلۆژییەوە هەیە، کە کۆمەڵگا تێکیشکاندووە و گرێی خۆبەکەمزانین تووشی ئەو ئاستە دووفاقییەی دەکات.

ئەو دووفاقیەتەی لەنێو کەسێتیدا دەمێنێتەوە، دووفاقیەکە پێوەندیی بە جۆری گەشەی فیسیۆلۆژیی و جۆری رەفتاری کۆمەڵە لەگەڵیدا، ئەوەش لای زۆر لەداهێنەران پەیوەندیی بە ئاستی بیرکردنەوە هەیە، ئەو توانایەشی لادروست دەکات، لە خودێکی تێکشکاوەوە بیگۆڕێت بۆ خودێکی داهێنەر، کە توانا قوولاّ و شاراوەکانی پێ کەشف



دەکات، دیارە کەشفکردنی ئەو توانا شاراوەیە نهێنیەکی نەزانراوی هەستپێنەکراوە، ئەوەش بەلای (د. علی الوردی) بەکارلێکەرێکی هەمیشەیی هەردوو فاکتەری بایۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی ناسراوە، چونکە خود لەرێگەی نەریتەکانی کۆمەڵەوە کەسێتی دەستنیشان دەکرێت، ئەو کەسێتیەی لە کۆمەڵی سەرکوتکراودا پڕیدەکات لە شکست و لەناو خۆیدا گرێی ئاڵۆزی بۆ دروست دەکات، ئەوەش هەندێك جار وایلێدەکات، کە هەست بە کەسێتیەکی تر بکات و خەونی پێوەببینێت، کاتێك ئەو گرێ دەروونیە گەشەدەکات و براکسیسی ئەو کەسێتیە دەکات و دەیەوێت ببێت بەو کەسایەتیەی کە جیاوازە لە کەسێتیی خۆی.

یەکێك لەو هۆکارانەی دووفاقیەتی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هێشتۆتەوە، بڕوانەبوونە بە وازهێنان لە ئەقڵیەتی خێڵەوە، ئەو ئەقڵەی لەگەڵ کۆچکردن بۆ شار ناتوانێت بیگۆڕێت، وەك چۆن ناشیەوێ دان بە نەگۆڕانی لەناو شار بێنێت، ئەوەش تەنیا لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتی دەرنەکەوتووە، بەڵکو حزبەکانیش کاتێ دێنە ناوشار نایانەوێت ئەو ئەقڵە خێڵەکیە لەخۆیان جیابکەنەوە، لێرەدا هەردوو

فاکتەرەکە دەبنە بکەرێکی دیاری ئەو ئەقڵە، بەوەی لەنێوان خود و دژەخود تووشی بەریەکەوتن دێن، دیارە خود لەبنەڕەتدا جۆرێك لە دووفاقیەتی تێدایە بەلای ئەوانیترەوە، چونکە (مرۆڤ بەسرووشتی خۆی ناتەواوە و لەتواناشیدا نییە سیستمێك بخوڵقێنێت کە هەموو خەڵك پێی رازی بن)(٤).

بەڵام خود دەتوانێت سیما راستەقینەکانی خۆی بدۆزێتەوە، لەرێگەی دەروونەوە، چونکە دەروونی خود ئاوێنەیەکە بۆ بینینی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی و دواجار بۆ ئەو کردەیەی کە رەفتارەکانی هاودژکردۆتەوە، ئەوەش وایکردووە بیکات بە کەسێکی دووفاقی.

بەواتای ئەو لەرێگای دەروونەوە توانای بینینی رووە هاودژەکانی خۆی هەیە، ئەوەش بەدوای پرسیارکردن لە رەفتارەکانی خۆی دەتوانێت ئەو توانایە لەناوخۆیدا دروست بکات، توانا رەخنەگرتن لەخود، لەرێگەی ئاوێنە (دەروون)، کە ئاوێنەیەکە تەڵخی و نەخۆشیی و گرێیەکانی بەسەرەوەیە، بۆیەئەو دەروونە خودێکی شەڕانگێز دەخوڵقێنێت لەناو کۆمەڵدا، ئەو خودەی کە هەر لەمنداڵیەوە ئەندامێکی جەستەی لەدەستداوە، ئەو هەستی



بەکەمایەتیە پڕیدەکات لە رق و خودێکی تووڕەی پێدەخوڵقێنێت، ئەوەشیان دوو ئاستی جیاوازی هەیە(٥).

مرۆڤ لە تێکەڵبوون بە کۆمەڵ هەڵگری چەند دەروونێکی جیاوازە، تۆ ئەگەر وا رێك بکەوێت لەمانگێکدا سێ بۆنە و ئاهەنگی جیاواز هەبێت، کە تیایدا داوەت کرابێت یان خۆت بۆی بچیت، ئەوا بێگومان لەهەر بۆنەیەکدا جلوبەرگێکی جیاواز دەپۆشیت، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ناتەوێت لەیەك دەروون خۆت دەربخەیت، بەڵکو ئەو جلوبەرگەی پێی دەچیتە سەردانی ناسیاوێکت هەرگیز ئەو خۆگۆڕینە نییە کە لە ئاهەنگێکی بووك گواستنەوە خۆشەویستەکەت دەبینیت.

وەك چۆن ئەو خۆگۆڕینە تەواو جیاوازە لە خۆگۆڕینێك کە دەچیتە سەردانی بەرپرسێك بۆ دامەزراندنت لە رێکخراوێکی بیانی، واتە لەهەر خۆگۆڕینێك دەتەوێت کەسایەتیی خۆت بەشێوەیەکی تایبەت دەربخەیت، ئەوەش خەسڵەتێکی سرووشتیی مرۆڤە (ویلیام جیمس) لەوبارەیەوە بۆوچونی وایە (مرۆڤ عادەتی وایە، کە چەند دەروونێکی هەیە نەك تاکە دەروونێك)(٦).

بەڵام کاتێك ئەو خاسیەتەی خود لەخودی کلتوریکی تر نزیك دەبێت، مایەی یەك کلتوری ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوەیان پێوەندی بە خەسڵەتی فیسیۆلۆژیی مرۆڤەوە هەیە.

هەر لەکۆنەوە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبووە و سۆسیۆلۆژیستەکان بەردەوام لەگەڕانی ئەوەدان فەرەنسیەك لەئەڵمانییەك و مەکسیکیەك لە ئەمریکیەك جیابکەنەوە، ئەوەش لەو پێناسەیەی (مید) هاتووە، کاتێك مرۆڤی بەخاوەنی دوو دەروون ناوبرد (دەروونی کۆمەڵایەتی) و (دەروونی سرووشتی)، بەواتای مرۆڤ لەنێوان دوو دەروونی جیاواز دەرکەوتووە، لەو چەمکە هاونزیکیەك لەنێوان دەروونی خودێکی عێراقی لەگەڵ خودێکی کوردیی دەبینرێت، چونکە سەرباری ئەو هاوبەشییانە، کۆمەڵێك هۆکاریی ناوەکیی تر هەبووە، کە پێوەندیی بە دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیە هەبووە، ئەگەرچی ئەوە بەومانایە نایەت کە خاسیەتەکانی ئەو دوو کلتورە لەیەك جاواز نەبوون، ئەوەش تەنیا لەنێوان ئەو دوو کلتوورە لەیەکچوون نابینرێت، بەڵکو ئەو لێکچونە لەنێوان زۆر لە کولتورکان



بەرچاودەکەوێت، وەك لەو لێکچوونە نزیکەی ئەفسانەکانی ئەمریکای باکور و باشور دەیبینین، بەڵام ئەوە خوێندنەوە ئەنترۆپۆلۆژیەکەی(شتراوس)ە لە دەقی (ئەفسانە و مانا) هەوڵدەدات مانایەکی قوڵ بە بونیادی هەریەك لە دەقە ئەفسانەییەکان ببەخشێت.

بەڵام ئەو جیاوازیە لەنێوان سیستمی بەهاکان لای کورد وەك خۆی و دواتر لەگەڵ کۆمەڵی عێراقیش تووشی دووفاقی کردووە، ئەوەش لای (د.علی الوردی) وابەستەیە بە مێژووی دەوڵەتی عێراقەوە، چونکە ئەو مێژووە نەیتوانیووە یاسایەکی نوێی دەوڵەت بسەپێنێ، بەڵکو دوو یاسا هەیە بۆ فەرمانڕەوایەتی، یەکێکیان یاسایەکی خێڵەکی، ئەویدیش یاسایەکی مەدەنی، ئەو دوو یاسایەش بەرهەمی دوو بەهای کۆمەڵایەتی ئاست جیاوازن، پەیڕەوکردنی هەردوو یاساکە گوزارشت لە دووفاقیەتی ئەو کۆمەڵە دەکات.

ئەو دووفاقیەتی یاسایە لە کۆمەڵی ئێمەدا لەماوەی دوانزە ساڵەی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتی کوردیی زۆر بەخەستی دەرکەوت، کە لە ئەزموونی حزبیەوە گواستیەوە بۆ فۆرمی پەرلەمانی.

ئەگەر تا ئێرە تێڕوانینێکی گشتیمان لەسەر دووفاقیەت خستبێتەڕوو، ئەوە لێرەوە هەوڵ دەدەین ئەو کارلێکەرەی کە وەك دو فاکتەر کاریان کردووە، بیگەڕێنینەوە بۆ سەردوو بەها کۆمەڵایەتی، چونکە دوو بەهان پێکهاتەی سرووشتی کۆمەڵی ئێمەن، بەبێ یەکێکیان ئەویتر نەهاتووە بەڵکو هێزی بەردەوامبونی خۆی لە ئەویتر وەرگرتووە، بۆیە بەدوای قسەکردن لەو دو بەهایە هەوڵا دەدەین ئەو دووفاقیەتە لەڕووی سۆسیۆلۆژیای ئاین و دواتر لەرێگەی گۆڕینی لەکایەیەکی سۆسیۆلۆژیی بۆ کایەی سیاسی بگوازینەوە کە بۆچی یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سیاسی دەیانەوێت زەمینەی هێزی کۆمەڵایەتی بەخۆیان ببەخشن، بەڵام لەسەر ژێرخانێکی دووفاقی لەنێوان بەهای خێڵەکی و بەهای ژیاریی.

## بەها کۆمەڵایەتیەکان و دووفاقیەتی بەها

بەپێی چەمکی ئیبن خەلدون پۆلێنکردنی کۆمەڵ دابەش دەکرێتە سەر دوو بەها، ئەوانیش (بەهای خێڵە کۆچەرییەکان) و (بەهای ژیار) . ئەگەر لەو



ناسینەوە سەیری کۆمەڵی عێراقی بکەین دەبینین خێڵە کۆچەرییەکان لە بیابانەوە هاتوون هەڵگری تایبەتمەندی ئاکاری سەربەخۆن بەپێی یاسای بیابان، سنوری عێراق واهەڵکەوتووە کە بیابان لە کۆچەرییەکانی سعودیەی جیابکاتەوەو ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بوونی بەهای کۆچەریی وەك زەمینەیەکی بڕواپێکراوی ئەو کۆمەڵەیە، کە ئەویش ئیسلامبونی کۆمەڵی عێراقیە، کە دواتر لەرێگەی خەلافەتی عوسمانیەوە ئەو بەهایە دەبێت بە شوناسی کۆمەڵی عێراقی.

شوناسێك عوسمانیەکان تیایدا توانیان لەسەر دوو ئاست کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو کۆمەڵەیە بەجێبێڵن، یەکەمیان بەوەنەبوو ئەوان داکۆکییان لە بەهای کۆچەریی دەکرد، بەڵام لەناو ئەو بەهایە توانیان کەسێتیەکی نامۆ بێنن، کەسێتیەك دواتر وەك چینێکی سەربەخۆ سەیردەکرا ئەویش (ئەفەندی) بوو، بۆیە ئەفەندی لەعێراقدا بوو بە چینێکی کۆمەڵایەتی، کە دەرچووی خوێندنگا نوێیەکان بوون، ئەوانە دەبوونە فەرمانبەر لە دەزگا حکومیەکان و لەرووی جلوبەرگەوە لاسایی جلوبەرگی ئەفەندییان دەکردەوە، ئەو چینە

هەولّیان دەدا قسەکردن بگۆڕنە سەر زمانی تورکی، بەمانای ئەفەندیی لەناو عەرەبدا بەتورکی قسەیان دەکرد، ئەوە سەرەڕای ئەوەی زاراوەی زانستی و هونەرییان تێکهەڵکێشی قسەکانیان دەکرد(٧).

ئاستی دووەمیش کاریگەری لەسەر ئاستی هونەری بیناسازی دروست کرد، بەتایبەت لە بیناسازی مزگەوت، کە تا ئێستاش ئەو هونەرە عوسمانییە وك فۆرمێکی ئاینی خۆی دووبارەدەکاتەوە.

رەنگە لێرەدا رووبەڕووی ئەو پرسیارە ببینەوە کە مادامەکی عوسمانییەکان لەڕووی بیناسازی هونەری خۆیان هەبوو، وەك چۆن مۆدی ئەفەندییان هێنا، ئەو پەیوەندییە خێڵەکییە چییە ئەوانی پێ ناودەبەین، ئایا بوونی ئەو دوو ئاستە وەك ژیار سەیر ناکرێت؟

ئەگەر بۆ مێژووی عوسمانییەکان بگەڕێینەوە دەبێ بڵێین ئەوانیش خاوەنی رابردوویەکی کۆچەرییین، کە دەسبەرداری نەبوونە، بەڵکو موسڵمان بوونیشیان لەسەر هەمان وێنەی خێڵە کۆچەرییەکانی تر بووە، کە ئیسلام خاوەنی هەمان ئاکاری کۆچەریی بوو کە ئاکاری بیابان بوو، ئەوان موسڵمانبوونیان وابەستەکردووە بە هێزی خێڵ بەوپێیەی کۆچەریی بوون لە تورکستانی خۆرهەڵات هاتبوون، کە



لەترسی هێرشەکانی جەنگیزخان هەڵاتبوون بۆئەنادۆڵا، موسڵمانبوونیان دەپیاراستن لە مردن بەوپێیەی هەر هێرشێك بۆ سەر ئەوان، بەهێرش بۆ سەر ئیسلام سەیردەکرا، ئەوەش وایدەکرد عوسمانییەکان خۆیان بە رۆڵەی شەرعیی ئەو بەهایە بزانن، ئیسلامیش بە رۆڵەی هەمان بەهای خۆی سەیردەکات. بەهای دووەم کە (بەهای ژیار) بوو بەهایەکە لەدژی بەهای یەکەم دێت، بۆیە ئەو بەهایە لەعێراقدا جەنگ هێنای لەرێگەی ئینگلیزەکانەوە، کە عوسمانییەکان دەیانویست بەهەموو شێوەیەك دژایەتی بکەن، چونکە سەپاندنی دەبوە مردنی بەهای کۆچەریی.

بۆیە جەنگی جیهانی یەکەم بۆ کۆمەڵی عێراقی جەنگی دەربازبوون بوو لە گۆشەگیریی کۆمەلایەتی کە خەلافەتی عوسمانی خوڵقاندبووی، ئەو جەنگە ئاشنابوونی کۆمەڵی عێراقی بوو بە ژیار، دەرچوون بوو لە بەهای کۆچەریی بۆ هاتنەنێو پێوەندییەکی ژیاریی نوێ، چونکە عوسمانییەکان چەندە لە فۆرمێکی جیاواز لەعێراقدا کاریان دەکرد، بەڵام وەك ئامارژەمان بۆکرد بەرهەمی ئەقڵی کۆچەریی بوو، نەیدەویست کۆمەڵی عێراقی بە ژیار ئاشنابێت،

بەڵکو ئەو کۆمەڵەیەی گۆشەگیرکردبوو لەناو کۆمەڵە پێوەندیی داخراو، باشترین بەڵگەش هەردوو والیەکەی لەعێراقدا (مدحت پاشا) و (نازم پاشا)ن، کاتێ کاری خزمەتگوزارییان لەعێراقدا ئەنجامدەدا و سامانی ئەو ولاتەیان بۆ تورکیا نەدەناردەوە لەئەنجامدا خرانە مەنفا و دواتر کوژران.

عوسمانییەکان کاتێ زانییان بە ژیاریبوونی ئەو کۆمەڵەیە هەموو شتێ لەدەست دەدەن، هەوڵیان دا لەرێگەی وروژاندنی سۆزدارییەوە، ئەو کۆمەڵەیە بوروژێنن بۆ دژایەتیکردنی ژیار، بەوەی ژیاری ئینگلیزیی ژیارێکی ئینگلیزیی کافرە لەدژی ئیسلام، زەوتکردنی ئاین و هێنانی کلتورێکی نادینیە، ئەو کارەشیان تاڕادەیەك سەریگرت و بووە مایەی ئەوەی زۆری خێڵەکان و بەشێك لە خەڵکی شارەکان چەك لەدژی ئینگلیز هەڵبگرن، ئەو دژایەتیە تەنیا بەرەنگاربوونەوەی چەکداری نەبوو، بەڵکو چەکداری ئاستێك بوو سۆزی ساویلکەیی مرۆڤی ئەو کۆمەڵەی دەوروژاند.

دەنا لەبنەڕەتدا دژایەتیکردنی عوسمانییەکان (دژایەتییەکی کلتوری) بوو، بەوەی ژیاری خۆرئاوایان کورتکردبۆوە لەناو چەمکی حەرامی



ئاینی و رایانگەیاند (چوون بۆ خوێندنگاکان حەرامە، و خوێندنەوەی رۆژنامە حەرامە، و فێربوونی هەر زمانێکی ئەوروپی حەرامە، و هەروەها حەرامکردنی لەسەرکردنی شەبقە و خواردن بەکەوچك و تەنانەت دانیشتن لەسەر کورسیش)(٨).

لەنێوان ئەو دوو بەهایە کۆمەڵی عێراقی بوو بە هەڵگری هەردووکیان ئەوەش وایکرد، ببێ بە کۆمەڵێکی دووفاق لەنێوان خێڵی کۆچەریی و ژیاردا، بۆیە مرۆڤی عێراقی بەکورد و عەرەبەوە کەسێکی دووفاقی نێو ئەو دوو بەهایەیە، بۆیە بەهای دووەم کە بەهای ژیارە و لەگەل بوونی دەوڵەت خۆی دەسەپێنێو بەڵام ئەو بەهایە کە دەکرا ببێ بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراقی کەچی نەیتوانی دەسبەرداری ئەقڵی خێڵەکی بێت نەك لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی خێڵەکییە، بەڵکو خێڵەکیبوونی ئەو لەپال ژیارییبوونی پێکهاتەی دووفاقی کەسێتی ئەو پێکدێنن.

ئەوەش پێوەندیی بە دەمارگیریی ئەو مرۆڤە هەیە، کە لە رەگدا خاوەنی بونیادێکی خێڵەکییە، کە دیارە بۆ ناسینی دەمارگیریی دەبێت بۆ لای ئیبن خەلدون بگەڕێینەوە، چونکە مەبەستمان لە مانا

**خەلدونیەکەی ئەو چەمکەیە ئەویش بەلایەوە (ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتیەیە کە کوڕانی خێڵ یان هەر گروپێکی تر بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، و وایان لێدەکات هاوکاریی یەکتر بکەن و هاوشان ببنەوە لە چاکە و خراپەدا، و دەمارگیریی بەهێز هەموو هێزەکەی لەکۆچەرییدایە، و ئەوەش هۆکاری ململانێی نێوان خێڵە جیاوازەکانە)(٩).**

**ئەگەر ئەمڕۆ گوێبیستی ئەو هێزە نەتەوەییانە ببین کە خێڵەکیبوون بە دیاردەیەکی عەرەبی ناودەبەن و بەوناوبردنە بیانەوێ خێڵیەتی لە کوردەواریی دووربخەنەوە، دیارە بەوکارە ئەو هێزە نایەوێ کوردەواریی بگەیەنێ بەشوێنێك کە شایستەی ژیاندۆستی بێت، بەڵکو ئەو هێزە بەوکارەی مەبەستیەتی رابردووی نەتەوە بشێوێنێ، چونکە خێڵیەتی بەر لە هەر شتێ تەنیا وابەستە نییە بە کورد و عەرەبەوە، بەڵکو ئەو ئەقڵە بەرهەمی خۆرهەڵاتە، بەڵام عەرەب لە هەموو نەتەوەکانی تر زیاتر بەشوێنێکی ئارامی زانیووە**

**(ئیبن خەلدون نەتەوە کۆچەرییە جیاوازەکانمان بیردێنێتەوە، لە فارسو تورکمانو سقالیبە و کورد و بەربەر و عەرەب، و هەوڵدەدات دابەشیان بکاتە سەر سێ پلە، و لەکۆتایی بەشەکەشدا ئاماژەیەکی روون بۆئەوەدەکات کە عەرەب لە هەموویان زیاتر ژیانی بیابانی هەڵقۆزتۆتەوە)(١٠).**

**کەچی هەندێ نەتەوەی تر تایبەتمەندی وەك عەرەبی لێی پەیدانەکرد، لەوانە بەربەر و عەجەم کە روویان کردە کشتوکاڵی و ئەو کارەیان کرد بەتایبەتمەندیی خۆیان، ئەو تێگەیشتنە خەلدونیە بۆ بەهای کۆچەریی بەرەنجامی خوێندنەوەی لۆژیکێکی ماددیانەیە بۆ کۆمەڵ، لەرێگەی دەرچون لە لۆژیکی ئەرستۆیی.**

**ئەو لۆژیکەی دوو لە سیفاتە گشتیەکانی (لۆژیکی وێنەیی) و (لۆژیکی هەڵێنجراو)ە، بەتایبەت لۆژیکی وێنەیی کە بایەخ بە وێنەی بابەتەکە دەدات و ماددەکە فەراموش دەکات، بۆیە ئیبن خەلدون ویستی لە رێگەی لۆژیکی ماددیانە (لۆژیکی ئەرستۆیی تێکبدات و لەشوێنیا لۆژیکێکی نوێ بنیات بنێت، کە متمانە بکاتە سەر واقیعێکی کۆمەڵایەتی گۆڕاو)(١١).**

**ئایا ئەو هۆکارە چییە وامان لێدەکات بەرەو ئیبن خەلدون بگەڕێینەوە بۆ ناسینی کۆمەڵ، نەوەکو بۆ سۆسیۆلۆژیای خۆرئاوا؟**

بێ دوودڵی دەڵێین تاکە هۆیەك لەپشت ئەو ستراتیژە وەستابێت، ئەو میکانیزمەی خەلدون بۆ کۆمەڵی عەرەبی خستیەڕوو، میکانیزمێکە لە ئێستای کۆمەڵی ئێمەدا کێشە و ململانێی کۆمەڵایەتی تیا لەدایك دەبێت. گرنگ نییە کێشە دەخوڵقێت، کۆمەڵی بێ کێشە.. کۆمەڵگایەکی نوقمی نێو ئومێد.. کۆمەڵێکە نایەوێ قسە لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی بۆ دونیا بکات، بۆیە خوڵقاندنی کێشە دەبێتەهۆی تێگەیشتنمان لە کێشە کۆمەڵایەتیەکانمان، ئەو کێشانەی (ئیبن خەلدون) تیایدا خستیەڕوو لەڕووی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لەیەکتریی و یان کۆچەریی لەگەل ژیاریی، یاخود عەرەب و عەجەم.

لەئەمڕۆدا ئەم کێشەیە بووە بە کێشەیەکی نەتەوەیی نێوان کورد و عەرەب، واز لەو دەمامکە هەڵخەڵەتێنەرەش دێنین کە لەئێستادا دەیەوێ ئەوەمان بۆ بخاتەڕوو کە لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا هیچ کێشەیەك نیە، چونکە ئەو دیدە ئایدیۆلۆژیە دڵنیامان ناکات لە نەبوونی کێشە، بەڵکو دواخستنی کێشەکەیە بۆ ئایندە، بۆیە بۆئەوەی نەکەوینە نێو ئەو گوتارە فانتازیەی ئومێد



کە هێزە سیاسیەکانمان بەرزیانکردۆتەوە، پێویستە نەك کێشەی دین و دەوڵەت هەست پێ بکەین، بەڵکو کێشەی سوننە و شیعە لەناودین فەرامۆش نەکەین، بۆیە هەوڵدەدەین سەرەتا لە بوونی ئەو جیاوازیە نەتەوەییە قسەبکەین کە لە ڕێگەی (زمان)ەوە جیادەبنەوە لەیەکتریی و دواتر دێینە سەر کێشەی سوننە و شیعە، کاتێ ناچینە سەر پەیوەندی دین و دەوڵەت هۆکارەکەی ئەوەیە، ئەوەی دووفاقی بەرهەم دێنێتەوە، ئەو پەیوەندیە نیە، بەڵکو کێشەی مەزهەبیە.

## زمان و جیاوازیی کولتوریی

کێشەی زمان بۆ کۆمەڵی ئێمە ئەگەر بەقەد بەها کۆمەڵایەتیەکان گرنگی نەبێت، ئەوا وەك جۆرە میکانیزمێکی بەها سەیردەکرێت، چونکە زمان تەنیا پێوەندی بەو حاڵەتەوە نییە کە ئێمە لەناو دەوڵەتی عێراقی وەك نەتەوەی دووەم سەیرکراوین، بەڵکو زمان خوڵقێنەری کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتیە، بەمانای دووفاقیەت لە هەناوی زماندا دەست بە گەشەکردن دەکات، ئەوەش لە زمانی شیعرییەوە دەستپێدەکات لەناو حزبیش خۆی

دەکات بەگوتارێکی دووفاق، ئەگەر شیعر شەڕکردن بووبێت لەسەر زیندەگی و مەرگ، لەراستیدا ئەوەیان دووفاقیەتی ژیان بووە کە (دڵدار) دەیەوێ لەرێگەی زمانەوە بنووسێت (کەس نەڵێت کورد مردووە.. کورد زیندووە) ئەو دڵنیاییە لەراستیدا گوزارشتە لە مەرگ بەڵام زمان دەیەوێ دووفاقیەت بخولقێنێت.

بۆئەوەی بەدوژمنەکانی نەتەوە بڵێت شوناسی کوردبوون ئامادەگی هەیە، ئەوەش لای ناسیۆنالیزمی کوردیی بەزۆر فۆرمی جیاواز پارێزراوە، ناسیۆنالیزمی کوردیی هێزێك نییە یادەوەریی خاڵی بێت لە دووفاقی، بەڵکو وزەی ئەو مانەوەیە لە (دڵدار) وەردەگرێت، کە وزەیەکی دووفاقە(١٢).

بۆیە زمان بەرەوام لەنێوان هەردوو بەها کۆمەڵایەتیەکە هەستی شوناسی بریینداری هەبووە، ئەو هەستەش زۆرجار وایلێکردووە قبوڵکردنی بەهایەك لەسەر مەرگی بەهاکەی تر نەبێت بەڵکو مانەوەی هەریەك لە بەهاکانی بەپێویستیەك سەیرکردووە، پێویستە لەو حاڵەتەدا ئاماژە بۆئەوە بکەین کە گەر دووفاقیەت لای (علی الوردی)



لەئاستێکی سایکۆلۆژیەوە دەهێنرێتە سەر دۆخی دیاردەی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە کۆمەڵگای کوردیدا زمان دەبێ بەهۆکاری ئەوەی دووفاقیەت لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بگوازرێتەوە ناو کایەی سیاسی، ئەگەرچی زمان بەو پەڕینەوەیە توانای ئەوەی هەبووە جیاوازی کوردەواریی لە کۆمەڵی عێراقی دەستنیشان بکات، ئەویش لەڕووی زمانی شیعرییەوە کە ستایشی پاڵەوان دەکات، کە ئەوەش بەرهەمی بەهای کۆچەرییە، ئەگەر لێرەدا بکەوینە نێو ئەو یادەوەرییەی کە ئەو زمانە ستایشە زمانێکە بەعس لایەنگریی تیادەکات و هەندێك جار لەناو هەندێك قەڵەمی کوردیش لەسەردەمی بەعس بینرابێت.

بەڵام ئەوەیان پێوەندی بە دووفاقیەتی ئەو شاعیرانە و هەستکردن بە کەمایەتی ئەوە وەك شاعیرێك کە ئەوەیان لێرەدا مەبەستی ئێمە نییە، چونکە ئەوکات بەرەو باسی تر پەلکێشمان دەکات، بەڵکو مەبەستمان زیاتر لەوەیە گەر کۆمەڵی عێراقی لەسەردەمی شیعریی جاهیلی ستایشی قارەمانێتی پاڵەوانیان دەکرد، ئەوا لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەو ستایشە گۆڕدراوە بەجۆرێك لەبەرەنگاری، وەك

لەنامەکەی (سالم) بۆ (نالی) داوای لێدەکات نەیەتەوە چونکە خاك داگیرکراوە، ئەگەرچی دەبێ ئەوەش بەسەرنج وەربگیرێت، کە بۆچی سالْم دەیەوێ نالی نەیەتەوە، چونکە خاك داگیرکراوە، بەلاّم خۆی لەژێر ئەو حوکمە داگیرکارییە دەژییێت، چونکە ئەوەیان دووفاقیەتی (سالم)مان بۆ دەردەخات، بۆیە ئەوجۆرەش دواتر دەپەڕێتەوە ناو ئەقڵی سیاسی کە هەول دەدەین بەر لە کۆتایی بەووردی لەسەری بوەستین لەسەر یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سیاسی کە لەراستیدا وەك هێزی کۆمەلاّیەتی ئەکتیڤن نەك سیاسی.

بۆیە دووفاقیەتی زمان دەبێتە هۆی جیاوازیی کولتوریی، ئەو جیاوازیەش وادەکات پێوەندی کۆمەڵ بەدەوڵەت بکات بە پێوەندیەکی گومانوایی، ئەو گومانە مۆدێلێکی بەعسیزم نییە، بەڵکو بەعس سوودیلێبینووە، بەلاّم مۆدێلێك وابەستەی کرانەوەی کۆمەڵی عێراقیە لەگەڵ دەوڵەتی نوێدا، ئەوەش بۆ هەڕەشەکردن و سیخوڕیی دەگەڕێتەوە بەسەر کۆمەڵدا، کە هەردوو جەنگە جیهانیەکە گریمانەیان کرد، بۆیە بەلای (الوردی)ەوە لە کۆمەڵی عێراقی ئەفەندییەکی قەڵەم و کاغەز بەدەست یا بۆ



باج وەرگرتن هاتووە، یا بۆ کردنە سەربازیی، یاخود بۆ بردنە زیندان، و ئەگەر ئەو کەسە لەڕووی پۆشینی جلوبەرگ، وەك خەڵکەکە بوو ئەوە گومانی سیخوڕیی لێدەکرێت.

دیارە جەنگ بوو بەهۆی خوڵقاندنی بەهای ژیار، لەپالاّ بەهای خێڵە کۆچەریەکان، بوونی ئەو دوو بەهایە وایکردووە کاتێ دەوڵەت لەناو بەها ژیارییەکانی خۆیدا بەهێزبووە، ئەوا ئەو کۆمەڵەیە لەگەڵیدا رۆیشتووە بەهای کۆچەریی لاوازکردووە، کەچی لە لاوازبوونی دەوڵەت بەهای ژیاریی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی بیابانەوە، ئەو نمونەیە تەنیا وابەستە نییە بە رابردووی کۆچەریی لەعێراقدا، بەڵکو چۆن کۆچەرییەکانی سعودیە لەلاوازبوونی ئیسلام پشتیان کردۆتە ئیسلام و لەسەرکەوتنیش بەرەو لای گەڕاونەتەوە، بەعسیش توانی ئەو نمونەیە زیندووبکاتەوە، رازیبوونی خێڵەکان بەچەکداربوون بۆ دەوڵەت و تێکدانی ناوچەکانیان بۆخۆی مۆدی خێڵی دووفاقیە.

ئەو دووفاقیەتەش لەو ساتەوەختە پێوەندیی بەسەرکەوتن و زەبروزەنگی بەعسەوە هەبووە، لەلایەك لەجەنگی لەگەڵ ئێران وەك سەرکەوتوویەك

خۆی نمایش کردووە، لەڕوویەکی تریش خێڵەکانی دڵنیاکردەوە، ئەو دەتوانێ لەرێگەی زەبروزەنگەوە ئەوانی دەرەوەی سنوری خۆی بتوێنێتەوە، بەتایبەت کاتێ خێڵەکان کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفالیان دەبینی، ئینتیمایان بۆ بەعس دەکرد، ئەو ئینتیمایە، چەندە دووفاقیەتێك بوو بۆ خۆپاراستن، هێندەش سڕینەوەی زمانی خۆی بوو نەهێشتنی جیاوازیی کولتوریی بوو.

خێڵ لەوساتەوەختە شانازی بەناوی خۆی دەکرد، بەلاّم ناوی ئەو تەنیا هێزێك بوو کە دەبوو لەپێناو دەوڵەت بجەنگی و بۆیە بەشداریکردنی خێڵ لەتاوانی ئەنفال، بەشداریکردنی خێڵە لە دووفاقیەت، بەوەی شەڕ لەسەر شەرەف خێڵ دەکات و لەئاستێکی تریش بوونی ئەو بەشێکی هەرەبچوکە لەناو جەستەی بەعسەوە.

## دووفاقی لەروانگەی سۆسیۆلۆژیای ئاینییەوە

کاتێ لەروانگەی سۆسیۆلۆژیای ئاینییەوە سەیری دووفاقیەتی کۆمەڵگای کوردیی بکەین، دەبێ لەدوو ئاستەوە سەیری بکەین (ئاستی زمان) و (ئاستی سرووتی ئاین)، ئەو دوو ئاستەش دەبەینە نێو



(سوننە)و (شیعە) لەئیسلامدا، ئەگەرچی شیعەبوونی کورد کەمتر قسەی لێدەکرێت، بەلاّم ئیسلامبونی کۆمەڵی ئێمە خاڵی نییە لە دووفاقیەت بۆ هەریەك لەو ئیشکالیەتە، نەبوونی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئاینی لەپشت ئەو قسەنکردنە وەستاوە.

خوێندنەوەی کۆمەڵ لەرێگەی زانستی کۆمەڵایەتیەوە بەخشینی رەهەندێکی نادیار نییە بە کۆمەڵ، بەڵکو راڤەکردنەوەی کۆی چالاکی و گەشەی کولتوریی کۆمەڵە، دواندنەوەی فەرامۆشکراوەکانی ژیانە، قسەکردنەوەیە لە ئەگەرێك کە هەستیپێدەکەین لێینایەینەدەنگ، ئەو زانستە فێری ئەوەمان دەکات درك بە ئاسۆیەکی روون بکەین، ئەوەش ئاسۆیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە، ئاسۆیەکە تەنیا پێویستی بەرەخنەگرتنە، چونکە ستایشکردنی کولتور و بێدەنگی لەئاست گوتاری کلتوری کۆمەڵ، ترسە لە دۆڕاندنی شوناسێك کە پێمان دراوە و هی ئێمە نەبێت، کلتوری کوردیی هێندەی یەقین بە شتەکان دەدات، بەقەد تاڵە موویەك گومانی نییە، بەبێ گومانکردن ناتوانین بزانین کۆمەڵی ئێمە لەکوێی دونیا

وەستاوە، ئەو بەهایە چییە ئەو کۆمەڵەیە هەڵگریەتی، گومانکردن رووخانی ئەو دڵنیاییە کە زەمەنێکی درێژە لەیادەوەریی نەوەکاندا دەپارێزرێت، زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژیا) توانای ئەوەی هەیە ئەو یادەوەریە بێنێتە زمان و سنور و ئاراستەی کۆمەڵایەتی ئەو یادەوەرییە دەستنیشان بکات، بۆیە پێویستە ئەو زانستە بەوە لێکنەدرێتەوە، کە دەمانەوێ گریمانەی کلتورێکی تر بسەپێنینە سەر کولتورێکی تردا، ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە لەڕاستیدا ترسیان لە کلتوری کوردیی نییە، بەڵکو ترسیان لە دۆخێکە کە گۆڕانی تیا رووبدات، ئەوان لەناسینی کۆمەڵ لەڕووی پەیوەندیەوە بێدەنگن.

چونکە لە هەرکاتێك کام لە دوو بەهاکەی بەپێویست زانی دەیهێنێتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو کارەش نابێ بە جێگەی دڵخۆشکەریی بزانین، بەڵکو دەبێ گومان بەرەو ئەوەمان ببات کە ئێمە کۆمەڵێکی تەندروست نین، لەبری هەڵچوون لەبەرامبەر تێگەیشتن لەم چەشنە پێویستە رەخنە و بۆچوونی جیاواز بخەینەڕوو نەوەك بڕیاری پێشوەخت بسەپێنین، پێویستمان بەوەیە لە دووتوێی



زانستەوە گفتوگۆ بکەین، بۆچی وتمان زانست و نەمانوت زانستی کۆمەڵایەتی؟ چونکە ئەوە تەنیا سۆسیۆلۆژیا نییە توانای خوێندنەوەی پەیوەندی هەیە لە کۆمەڵی ئێمەدا، بەڵکو لەپاڵ ئەو زانستە، زانستەکانی تر لەجۆری (ئەنترۆپۆلۆژیا)ش کارێکی پێویست و حەتمیە و دەبێ فەرامۆشی نەکەین، ئەوەش لەسەر ئەو حەقیقەتەی کە (زانست بەشێوەیەکی گشتی شتێکی تر نییە جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەویش لەرێگەی تاکەکەسێکەوە گەشەناکات، بەڵکو گەشەکردنی وەکو گەشەسەندنی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ترە)(١٣).

بۆیە کاتێ سەیری پێوەندیی کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردیی دەکەین لەڕووی سۆسیۆلۆژیای ئاینەوە دەبینین (زمان / سرووت) بەرهەمهێنەرێکی تری دووفاقیەتن، ئەگەرچی یەکەمیان زیاتر پێوەندی هەیە بە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیەوە، بەڵام سۆسیۆلۆژیای ئاینی فەرامۆشی ناکات.

ئەگەر کۆمەڵی عێراقی کۆمەڵێك بێت لەڕووی ئاینەوە بەسەر سوننە و شیعە دابەش بووبێت ئەوا کۆچەرییەکان ئەو گروپەن کە زیاتر بەرەو شیعە

دەگەڕێنەوە، هۆیەکەشی وێنەی پاڵەوانێتی و قارەمانی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ە، کە بەرابەری شیعەخوازیی دادەنرێت، عەلی پیاوێك بوو وێنەی قارەمانی تیا کۆببۆوە، قارەمانیش بەردەوام لای کۆچەر مایەی شانازییپێوەکردنە، کەچی کۆمەڵگای کوردیی کە ئیسلامیەکی سوننیە، بەڵام لەناو ئاستی زمان خاڵی نییە لە شیعەگەرایی، بەمانایەکی تر سوننەبوونی ئەو کۆمەڵەیە بەمانای رەتکردنەوەی شیعەبوون نەبووە، بۆیە ئاماژەکردن بۆ قارەمان بە (شێرەکەی ئیمامی عەلی) ناودەبرێت، یاخود لە پاڕانەوەی ژنی کوردیی کاتێکی منداڵێکی بەرەو سەفەرێکی سەخت دەڕوات دەڵێ (بڕۆ ئیمامی عەباس لەگەڵتا بێت)(١٤).

ئەگەر ئەو ئاستە زمانەوانییە وابەستەبێت بە یادەوەرییەکی هاوبەش، ئەوا بوونی کۆمەڵێك سرووتی شیعەیی سەلماندنی ئەو یادەوەرییەیە.

یادی کوشتنی حەسەن و حوسەین یادەوەرییەکی بێلایەن نییە بۆ مرۆڤی کوردیی، بۆیە ئەو یادە رۆژێکی ماتەمینی و پرسەی مەرگی ئەو دوانە بۆ کۆمەڵ دەنوێنرێ لەلایان بەشێك لە رێگەی پۆشینی جلوبەرگی رەش و بەخشینەوەی چێشتی



هەریرسە، سرووتێکی شیعەگەراییە و سوننیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردیی پیادەی دەکەن، بەو بیانووەی کە ئیسلام هەمووی درێژکراوەی یەکترییە لەکاتێکدا شیعەکان بڕوایان بەو بۆچوونە نییە.

بۆیە ئەو یادەوەرییە یادەوەرییەکی بریندارى مرۆڤی کوردیە، کە بەهۆی ئەوەی خۆی بەبەشێك لەو یادە گشتیە دەزانێت، چونکە پێویستە ئەوەمان بیرنەچێت، ئینتیمای ئاینی مرۆڤ وابەستەیە بە رابردووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزان، بۆیە ئەگەر ئاین لەباوانەوە بۆ نەوەکان وەربگیرێتەوە، ئەوا قسەکردن لە دوو فاقیەتی ئاینی کۆمەڵگای کوردیی دووانە لە رابردوویەکی کۆمەڵایەتی، ئەو دووانە رەخنەییە لای بیریارانی رەخنەگر بەپێی تێگەیشتنی (مانهایم) بۆ دو جۆر پۆلێن دەکرێت، یەکەمیان ناودەنێ (وابەستەی کۆمەڵایەتی) ئەوەش بڕوای زۆرینەی کۆمەڵە و نایانەوێ لێی دەربازبن)(١٥).

ئەویدیشیان بە رزگاربوونی کۆمەڵایەتی، ناودەبات، ئەوەش ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە هەوڵدەدەن لە بۆچوونی جیاوازەوە قسە لە ئاسۆی کۆمەڵایەتی بکەن و بەپێچەوانەی جۆری یەکەم هەوڵدەدەن لەو

وابەستەبوونە کۆمەڵایەتییە خۆیان رزگاربکەن، دیارە لەوحاڵەتە ئەو دووفاقیەتە زیاتر بەرووی ئەوانەوە دەردەکەوێت کە خۆیان بە توێژی روناکبیران دەزانن، کە لەنێوان (وابەستەبوون) و (رزگاربوون) تووشی دووفاقیەت دێن.

ئەوە سەرای ئەوەی نەبوونی خوێندنەوە رەخنەیی بۆ ئەو کلتورە ئاینیە هۆکارێکی تری ئەو وابەستەبوونەیە، بۆیە دوو نمونە دێنینەوە یەکیان زیندوو لەئێستادا بەردەوامە لەگەڵمان، ئەویدیش مردوو.. لەرابردوو هاتووە و خۆی درێژدەکاتەوە(١٦)، بۆیە شیعەگەریی لە کۆمەڵگای کوردیدا کلتورێکی دەرکراو نییە، بەڵکو خاوەنی زەمینەیەکە کە توانا قسەکردنەوەی هەیە لەسەر ئەو مێژوە.

ئەگەر رابردوویەکی دەستنیشانکراویش بێت، بۆیە بوونی (سەید) و ناوبردنی بە (کوڕانی پێغەمبەر) هەرچەندە ئەو توێژە لەناو هەموو وڵاتانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی دەبینرێت، بەڵام لەناو شیعەدا بایەخێکی تایبەتیان هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەوان توێژێکی کۆمەڵایەتی پیرۆزن، لە کوردەواریشدا هەمان پیرۆزییان هەیە.



وەك چۆن لەگۆڕستانەکان گۆڕی نەناسراو هەیە، کە لای ئێمە بە (مەزار) یان (چاك) ناسراوە، ئەو ناوبردنەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە مردوو کەسێکی پەریزادە و راستگۆ بووە لەدژی زوڵم تێکۆشاوە، مێژووی ئەو گۆڕە نادیار و نەناسراوە، هەندێجار ئەو مێژووە بۆ ئەو ئەسحابانە دەگەڕێندرێتەوە کە لە غەزاکان شەهید بوونە، لەبەرامبەر ئەوەدا بۆچوونێکی تر هەیە پێیوایە ئەو گۆڕە هیچ راستیی و پیرۆزییەکی نییە بەڵکو کۆمەڵ مێژوی بۆ دروستکردووە، مێژووی ئەسپێکی تۆپیوو کە کاتێ شۆڕەسوارێك ئەسپەکەی دەتۆپیێو لەژێر خۆڵی دەنێو دوای دوو ساڵ ئەو گرمۆڵە خۆڵە دەبینێ، خەڵك وەك مەزارێکی پیرۆز سەیری دەکەن.

لە ئەدەبی نوێی کوردیدا ئەو کلتورە رەخنەی ئاڕاستەکراوە، بەڵام رەخنەیەکی هەتیوو رەخنەیەك بەتەنیا توانای خوێندنەوەی نابێت و پێویستی بە هەوڵی تۆکمە و بەردەوام هەیە.

ئەگەرچی ئەو رەخنەیە رەخنەیەکی شەرمن نیە، بەڵکو بە بوێرییەوە کاتێ لە (حەسار و سەگەکانی باوکم)دا (شێرزاد حەسەن) لەسەر زمانی زێوان کوڕی گەورە وریادەکاتەوە لەمێژوویەکی

دروستكراو وپێی دەڵێ: (بێئاوەز ئێرە نە مەزارە و نە تەڕەماش).

پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێكی تریش بكەین، ئەویش ئەوەیە كە مەزار لای شیعە بە (كچانی حەسەن)ی كوڕی عەلی ئەبی تالیب ناودەبرێن، بەڵام ئەو ناوبردنە لای (علی الوردی) ناوبردنێكی وەهمییە چونكە حەسەن ئەو هەموو كچەی نەبووە.

مەزار لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە بووە بەوشوێنەی كە تاكەكانی ئەو كۆمەڵە سەردانی دەكەن بۆ ئامانجەكانیان، لەڕووی چاكبوونەوەی نەخۆش و هاتنەدی مرازەكانی داهاتوویان، بەڵام دەكرێت ئەوەیان بەجۆرێك لە بێئومێدیی سەیربكەین، كە چاكبونەوەی نەخۆش بدەینە دەست مێژوویەكی ون و نادیار كە مێژووی مەزارە، ئەوسا دەبێ بڵێین داهاتووی تاكەكان بەنادیار دەسپێرین.

ئەگەر ئەو سرووتە ئاینیە سەلماندنی دووفاقی تاكەكانی ئێمە بێت لەنێوان سوننە و شیعەدا، ئەوا ئەو دووفاقیەتە جارێكی تر لەئاستی زمانەوە توانای ئەو جەختكردنەوەیەی هەیە، بۆیە پێوەندی كۆمەڵ لەنێوان (مەزار / مران) كە یەكەمیان ئەو شوێنەی ئاماژەمان بۆكرد دەبێ بە تاكتیكێك كە



ستراتیژەكەی مرازە، كە لە رووی دەنگو ئیقاعەوە ئەو دوو وشەیە لەیەكەوە نزیكن و پێوەندیەكی دیالەكتیكی هەیە لەنێوانیان، و ئەگەر لەئاستێكی تریش سەیری ئەو رابردووە ئاینییە بكەین، دەبینین (ئیمام جەعفەر سادق) كوڕێكی هەبووە بەناوی (صگبان) كە بە یەكێك لە كەسە پیرۆزەكان سەیردەكرێتو دەچنە سەر گۆڕەكەی، كە وەك جۆرە مەزارێك سەیردەكرێت، ئەوناوە عەرەبییە لە وەرگێڕانی بۆ زمانی كوردیی دەبێ بە (سەگەوان) مانا فەرهەنگیەكەشی (پاسەوانی سەگ) دەگەیەنێت.

دیارە لەنێوان (صگبان) ی شیعەی عەرەب و (سەگەوان)ی كوردیدا جیاوازییەكی ئەوتۆ نییە، ئەوەش تاڕادەیك پێمان دەڵێت، كە كۆمەڵگای كوردیی كۆمەڵێكە خاڵی نییە لە دووفاقیەتی ئاینییی، كۆمەڵێكە لەناو خۆیدا هەڵگریی رووی (سوننە) و رووی (شیعە)یە، كۆمەڵێكە ئەو دووانە لەناوخۆیدا كۆدەكاتەوە، ئەوەش لەبڕوابوونەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵكو بەرەنجامی ترسە لە كلتورێك كە كلتوری ئیسلامە، بۆیە ترسی كۆمەڵگای كوردیی لەوێوە دەستپێدەكات، كاتێ

ناتوانێ خۆی لەبەرامبەر سوننە و شیعە یەکلابکاتەوەو راستە ئەو لەرووکەشدا سوننیە بەڵام لەناوەوەدا وازی لە شیعە نەهێناوە، وەك چۆن لەبەرامبەر ئەو دوو بەها کۆمەڵایەتیە دەیەوێ هەڵگری هەردووکیان بێت، ئەو ئاست و پێوەندیە کۆمەڵایەتی و ئاینیە گوازراوەیە بۆ کایەی سیاسی، کە لە ئەزموونی مومارەسەکردنی حزبی دەرکەوتووە، بەڵام بۆئەوەی ئەو رابردووە ئاینییەی خاڵی نیە لەو ئێستا حزبییەی کە بەرهەمهێنەری دووفاقیە دەڵێین.

ئەگەر ئەو زەمینە بۆ رابردوویەکی ئاینیی هاوبەش بگەڕێتەوە، بەڵام ئەوا بوونی واقیعێکی ئەو رابردووە لەئێستادا، یا بەمانایەکی تر زیندووکردنەوەی ئەو رابردووە، لەرێگە پێدان بە دروستکردنی مزگەوتی (حوسەینیە) لە سلێمانی، بەڵگەیەکە بۆ مێژووی شیعەگەرێتی لەکوردستان، نەبوونیشی و رێگەپێدان بەو مزگەوتەش بەمانای موجامەلەی سیاسی دێت، ئەوکاتە ئەو هێزە کە (یەکێتیی)ە دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیاریەتی ئاکاریی کۆمەڵ.



## دووفاقیەت و کۆمەڵگای حزبی

ئەگەر دووفاقیەتی کۆمەڵگای عێراقی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەو دیاردەیە لەکۆمەڵگای کوردیدا دەپەڕێتەوە بۆ کایەی سیاسی، چونکە ئەو دوو هێزە سیاسیە کوردیە دابڕاو نین لەو دووفاقیەتە کۆمەڵایەتیە بۆیە ئەو ململانێیە دەگۆڕنە سەر دۆخێکی سیاسی، چونکە بوونی ئەو دوو بەها کۆمەڵایەتیە لەناو تێگەیشتنی ئەقڵی کوردیی نەچۆتەدەرەوە، بەڵکو وەك ئاکاری سیاسی دەرکەوتووە، بەمانای لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بووە بە ستراتیژێکی سیاسی، وەك لە ئەزموونی شەڕکردنیان لەگەڵ یەکتریی.

هەریەکە لەو دوو هێزە (یەکێتیی و پارتی) دەیانەوێ شەڕەکە راڤەبکەن بەداکۆکیکردن لە بەها، بەوەی یەکەمیان بانگەشە بۆ بەهای ژیار دەکات، لەرێگەی قسەکردن لە پەیوەندیی دامەزراو و ئۆرگانەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

ئەویتریش دەبێ بەهەڵگریی (بەهای خێڵە کۆچەریەکان) لەرێگەی داکۆکیکردن لە ئاکاری ئەو گروپە کۆمەڵایەتیەی کە ئەوی بەرهەمهێناوە، تەنانەت بۆ سەپاندنی بەها هەموو ئامادەییەکی

تیادەبێت بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی نەتەوە.

لەو ململانێیە ئەوەی بەناوی پاراستنی زمان لەبەرگی کوردبوون داکۆکی لێدەکرێت، لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ کوشتنی زمان، چونکە ئەگەر ئەو دۆخە کۆمەڵێکی حزبیمان پێدەبەخشێت، بەڵام کۆمەڵێك کە پێکهاتەکەی ئەو دوو هێزە سیاسیەن، دوو هێز کە جەستەیەکی دووفاق بۆ کۆمەڵ بەرهەمدێنن، چونکە نە یەکێتیی و نە پارتی نەیانتوانیووە داکۆکی لەو بەهایە بکەن، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەهاکەی تر.

با جارێ لەسەر ئەوە بووەستین کە ئەو دوو بەهایە دوو ئاکاری تایبەت بەخۆیان دێنن کە لای (ئیبن خەلدون) ئاکاریی کۆچەریی بەباشتر سەیردەکرێت، چونکە ئاکارێکە فێڵا و تەڵەکەیی لەخۆناگرێت، خێڵە کۆچەریەکان لای ئێمە لەناوچەکان جێنشین بوون، بەمانای دەسبەرداری کۆچ بوون، بەڵام پارێزگاریان لە بەهای خێڵەکی دەکرد لەڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتی، ئەو جێنشینەی کۆچەریی جیاوازە لە کۆچەریی عەرەبی، وەك چۆن ئەگەر کۆچەرییەکانی عەرەبی لە بیابانەوە هاتبن، ئەوانی



ئێمە لەناوچە شاخاویەکانەوە هاتوون، بەڵام لەناوچەیەك هێز و توانای خۆی کۆدەکاتەوە، کە دیارترین نمونەش کە توانیویەتی لەناو هێزی سیاسی خۆی ڕێکخستن بێ، بنەماڵەی (بارزانی)ە لەناو (پارتی دیموکراتی کوردستان).

دیارە ئەو هێزە چەندە بڕوای بەو بەها خێڵەکیە هەیە، هێندەش بێلایەن نیە لەبەرامبەر بەهای ژیار، بەتایبەت کاتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی دێنێتە ناوشار، دەیەوێ بەهای ژیار لەناو بەهای خێڵەکی کۆبکاتەوە، ئەگەرچی ئەو کۆکردنەوەیە چەندە دووفاقیەتی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیە دەگەیەنێت، هێندەش دۆڕاندنی ئاکاری خێڵە، ئەو دۆڕاندنەش گەڕانەوەی ئەو گریمانە عوسمانیە بوو، ئەوانیش هەڵدەستان بەکردنەوەی نەخۆشخانە و خوێندنگا و دەرکردنی ڕۆژنامە.

ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە سیاسیە کوردیەش بەکردنەوەی شێتخانە، ڕووبەڕووی گومانکردن لە ئاکاری خێڵمان دەکاتەوە، چونکە شێتخانە بەرهەمی ئەو بەها ژیارییە کە ئەقڵ و شێتی لەیەکتری جیادەکاتەوە، ئەوەش جیاوازی بەهاکان لای (ئیبن خەلدون) مان بیردێنێتەوە، ئەو

سۆسیۆلۆژیستە کاتێ بەهای کۆچەریی پێ باشتر بوو پێوەندی بەوە هەبوو کە ئەو بەهایە لە فێلا و ساختەکاری دوورە، بەڵام قبوڵکردنەوەی بەهای ژیاری قوڵبونەوەیە لەناو دووفاقی، ئەوەش مانای وا نیە ئێمە هێزێکی دووفاق و هێزێکی تەندروستمان هەیە، بەڵکو دوو هێزی لێکچوومان هەیە، کە لەماوەی دوانزە ساڵی حوکمی خوێناوی بەهاکانیان گرتەدەست، نەك لەپێناو گۆڕینی بەها، بەڵکو لەرێگەی جێگۆڕکێکردن بەبەها.

بۆیە بەهای ژیار لای یەکێتی وەك لە یەکەم بەیاننامەی (کۆمەڵە) بانگەشە بۆ دژبوون لەبەرامبەر خێڵ دەکرێت، بەوناوەی ئەوان ئەو توێژە مۆدێرنخوازەن خەونی گۆڕانیان هەیە.

بۆیە ئەو دامەزراندنە دەبێ بەزەمینەی خوڵقاندنی بەها ژیار، بەڵام ناتوانێ واز لە بەهای خێڵ بێنێت و جیاوازیەکانی خۆی خەست بکاتەوە، بەڵکو بەدرێژی ساڵان بەدوای سیماکانی لێکچوون دەگەڕێت لەبەرامبەر ململانێی ئەو دوو هێزە سیاسیە پێویستمان بەوەیە لەوەتێبگەین کە لەبنەڕەتدا ململانێیەکی کۆمەڵایەتیە، بەروویەکی تر دەکرێ بڵێین ململانێیەکە خۆی لەرێگەی (خێڵ) و



(ژیار) دەرخستووە، ئەو خۆدەرخستنەش پێوەندیی بەو ژینگە کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە حزب و سەرۆك حزب تیایدا گەشەدەکەن، بۆیە گەر (مەسعود بارزانی) کەسێك بێت دابڕاو نەبێت لەو رابردووە کۆمەڵایەتیە، بەڵکو درێژکراوەی وێنەی (بارزانی) باوك بێت، ئەوا (جەلال تاڵەبانی) تەواو ویستویەتی خاوەن وێنەیەکی جیاواز بێت.

جیاوازبوونی وێنە شەرعیەت بەو ململانێیە دەدات و گریمانەیەکی ئەفسانەیی دەخاتە نێو ململانێی یەکێتی و پارتی، ئەوەش چیرۆکی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشتمان بیردێنێتەوە، کە دەرکردن بەهۆی گوناهکردنی ئادەم لەتەك حەوادا، بەلای (توینبی) ئەو دەرکردنە لەبەهەشت و چوونەسەرزەوی بەمانای رزگارکردنە لە ژیانی سەرەتایی بۆ ژیانی مەدەنی، ئەوەش بەچەمکێك لەیەك جیادەکاتەوە، بەوەی ژیانی مەدەنی لەرێگەی داهێنانەوە خۆی لە ژیانی سەرەتایی دووردەخاتەوە، بەڵام ئەگەر مەدەنیبوونی کوڕەکانی ئادەم خوڵقاندنی پیشەگەرایی بێت بەوەی (قابیل) دەبێ بە جوتیار و (هابیل) بە شوان، کە دواتر قابیلی جوتیار هابیلی شوان دەکوژێت، ئەو مەدەنیبوونە لەرێگەی شەڕ و

ململانێیەکان یەکلاییدەکاتەوە، بەڵام هەرەمی ململانێی ئەو دوو هێزە ناکۆکەی کورد نەیتوانی لەرێگەی کوشتنەوە کۆتاییبێنێت، بەڵکو ئەو ململانێیەی گواستەوە بۆ ناو رەهەندە جیاوازەکانی ژیان، بەوەی سرووشتی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیی سرووشتی کەسێتیەکی دووفاقیە لەنێوان ئەو دوو هێزەوە، ئەوەش لە ململانێ و ناونانی کوڕەکانی ئەو دوو سەرکردەیە باشتر هەستیپێدەکەین، بۆیە ئەوە تەنیا رێککەوتێکی ئاسایی نیە (تاڵەبانی) ناو لە کوڕەکەی دەنێت (باڤێل) وەك چۆن (بارزانی)ش ناوی کوڕەکەی دەنێ (مەسرور).

ئەگەر بیانووی تاڵەبانی وابەستەکردنی ئەو ناوە بەناوی ئەشکەوتێك بێت، کە پێوەندی بە یادەوەریی چالاکی سیاسی ئەوەوە هەیە، ئەوە بیانوویەکی کەمخوێن و بێتوانایە، چونکە ئەو ناوە زیاتر بەرەو پاڵەوانی رۆمانی (دایك)ی مەکسیم گۆرکی دەمانبات، بەتایبەت ئەگەر ئەوەمان بیرنەچێت، دامەزراندنی یەکێتی لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی حکومەتی شورەویی و دیدی کۆمۆنیزم بوو بۆ دونیا.



بۆیە ناونانی بە (باڤێل) وەك پاڵەوانێکی نوێ کە پێمان بڵێ مێژووی ئەو مێژووی کتێب و مەعریفەیە.

کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین ناونانی کوڕەکەی بارزانی بە (مەسرور) کە ناوێکی عەرەبیە و لەکوردیدا مانا (بەختیار) دەگەیەنێت، ئەو ناوە بۆ بنەماڵە مانایەکی مەجازیشی دەبێت، کە رابردوویەکی بەختەوەر ئایندەی بنیاتناوە.

بەوەی ئەو رۆڵەی بنەماڵەیەکی بەختیارە، بەڵام پێویستە بۆ داکۆکیکردن لە بەها لەوێوە سەیریان بکەین، کە تا چەند بەها لەناو پێوەندیی کۆمەڵایەتی ئامادەیی هەبووە، بەهای خێڵ.. بەهایەکە لەسەر پێوەندیی خوێن دروست بووە، بەهایەکە سوودی لەو خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگای کوردیی وەرگرتووە.

بۆیە دەرکردنی پارتی لە هەولێر بریندارکردنی شەرەڤ خێڵە، خێڵ تەنیا بە تۆڵەکردنەوە دەتوانێ ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە، ئەویش نەك بەرێککەوتن، بەڵکو لەگەڵ گەڕانەوەی دەبێت ئەو دەربکات، چونکە گەڕانەوە بەپێی رێککەوتن ناتوانێ خێڵ رازیبکات، بەڵکو چەمکی ئاشتبوونەوە تەواو

رەتکراوەیە، تەنیا دەرکردنی یەکێتی لەهەولێر حورمەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو هێزە وەك خۆی لێدەکاتەوە.

بۆیە ئەگەر ئێمە خاوەن هێزێك بین تاحەدی سەرئێسقان خیانەت لە بنەما ئاکارییەکانی خێڵ نەکات، دەبێ یەکێتیی تا چەند بتوانێ ئەو ئاکارە ببەخشێتە ئەو بەها کۆمەڵایەتییەی هەڵگریەتی، بەوەی سەرکردە لای ئەو کوڕی بنەماڵە نییە، بەڵکو کەسێکی خوێنەوارە و هەڵگری بڕوانامەی (پارێزەر)یە.. بەواتای کەسێکی یاساییە ئەوەش شەرعیەتی ئەوەی پێدەدات کە تێگەیشتن لە دنیای نوێ دەیهێنێتەبوون، بەڵام ئەو بەها ژیاریە بۆ یەکێتیی دەکەوێتە نێوان دوالیزمی (وەهم / حەقیقەت)دایە، نەك لەبەرئەوەی ئەو هێزە نوقمی گوتارێکی یۆتۆپی بووە، بەڵکو بەشێکی زۆری حەقیقەتەکانی گوزارشتن لە وەهمی سیاسیانەی ئەو هێزە.

کە وەهمی مۆدێرنە نوقمی نێو خۆجیاوازکردنی کردووە، بیئەوەی ئەوە بە هەندوەربگرێت حەقیقەت وەك ئەوەی ئەو تێیدەگات، بەرامبەرەکانی بەوشێوەیە سەیری ناکەن، بەمانایەکی تر ئەگەر



یەکێتیی پێیوابێ پارتی لەشەڕی ناوخۆدا دەستپێشخەربووە، ئەوا (پارتی)ش بەهەمان شێوە بڕوایەکی رەهای هەیە بەوەی یەکێتی شەڕپێیفرۆشتووە.

ئەوە جگە لەوەی ئەو هێزە مۆدێرنخوازەی کوردیی گرێی (یادەوەریی خیانەتکار)ی هەبوو، بۆیە هەموو هەوڵێکی بۆئەوەبوو لە ململانێی سیاسیدا پارتی تووشی ئەو خیانەتە بکات، دیارە چەمکی خیانەت بەومانایەی پارتی پێیوایە رێککەوتنی (جەلال تاڵەبانی) لەناوەڕاستی شەستەکان لەگەڵ دەوڵەت خیانەتێکە، بۆیە کاتێ پارتی لەرووداوی سێیەکی ئابدا دەگەڕێتەوە هەولێر.. ئەو گەڕانەوەیەی پارتی لەگەڵ بەعس کردنەوەی گرێی یەکێتیە، راستە ئەو تاسەر سنور راودەنرێت، بەڵام هەست دەکات ئەگەر مێژووی ئەو رووداوێکی شەرمئامێزی لەخۆگرتبێت، ئەوا مێژووی بەرامبەر لەم رووداوە خاڵی نییە.

ئەو رووداوە لێکچوونی نێوان ئەو دوو هێزە خەستردەکاتەوە، بۆیە سالانی دوای ئەو رووداوە خەستکردنەوەی بەهاکان لەناو یەکتریی، بەوەی ئەو دوو هێزە هەیمەنەی دەسەڵاتیان کەوتەسەر

دووشاری گەورە، ئەوسا بەتەواوی ئەو بانگەشەکارییەی بەها بوو بە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی ئەوان، ئەگەر پارتی لەهەولێر بانگەشەی بۆ ئاکاری کوردبوون و چەمکی شەرەف و لانەدان لە نەریت کرد و کۆمەڵێکی موسڵمانی حزبی لە هەناوی خۆی هەڵگرتبوو، کە هێزە ئیسلامیەکان سوودێکی بێوێنەیان لەو دۆخە وەرگرت، بەڵام ئەو دۆخە بۆ پارتی خاڵی نەبوو لە دووفاقیەت، بەڵکو دەیویست لەناو ماناکانی خێڵیەتی قسەکردن لە کۆمەڵگای مەدەنی بکات بەباسێکی نێو ئۆرگان و دامەزراوەکانی.

دیارە نەبوونی پرسیار لەو کۆمیدیایەی کە لەنێوان ئاکاری خێڵ و کۆمەڵگای مەدەنی دەیویست هاویەکبون دروست بکات، لەکاتێکدا پێویست بوو ئەو پرسیارە روبەڕووی ئەو هێزە بکرێتەوە، کە کۆمەڵی مەدەنی بەپێی ئاکاریی کۆمەڵگای کوردیی مانای چییە؟

چونکە کۆمەڵگای مەدەنی چەمکێکی خۆرئاواییە، لێرەدا هیچ جیاوازییەك نەبوو لەنێوان دووفاقیەتی (پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی) چونکە یەکگرتووش ئەوەی بەتەواوی بیردەچوو کە ئەو



کۆمەڵە هیوابۆخوازراوە، کۆمەڵێکە وابەستەی ژینگە و دۆخ و بیرکردنەوەی رەخنەییەکە ئەو بە کافریان ناودەبات، بۆیە بێئاگا لەو راستیە یەکگرتووش داوای کۆمەڵێکی مەدەنی دەکرد بەپێی ئاکاری ئیسلام(١٧).

ئەو دووفاقیەتەش بۆ ئەو هێزە ئیسلامیە پێوەندی بەوەوە هەبوو کە یەکگرتوو دەیویست ئەو بەها خێڵەکیە لەخۆی داماڵێت کە ئیسلام بەتەنیا بەرهەمی بیابان بێت، بەڵکو دەیویست تیۆرێزەی بکات بۆ ناو ژیار، بەڵام لەسەر بنەمایەکی دووفاقی، وەك چۆن یەکێتی و پارتی زەقترین نمونەی ئەو حاڵەتەن.

ئەگەر ئاماژەمان بۆ پارتی کرد، ئەوە یەکێتی خاڵی نەبوو لەو دووفاقیەتە، چونکە شارێکی نوێی وەك (سلێمانی) بۆئەو دەیتوانی بەهای ژیار و گۆڕانە فۆرمیەکانی مۆدێرنە قبوڵ بکات، بەپێچەوانەی شارێکی مێژوویی وەك هەولێر، بۆیە یەکێتیی خۆی بە رۆڵەی شەرعیی مەدەنیەت دەزانی، لەکاتێکدا دەسبەرداری ئەو بەها خێڵەکیە نەبوو، راستە ئەو لەناو رێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان و ژنان و کرێکاران، دەیویست وێنەی مۆدێرنیزەبوونی

کۆمەڵگای کوردیی لەخۆی کورتبکاتەوە، لەکاتێکدا مەکتەبی کۆمەڵایەتی دروستکردووە بۆ سوڵحی عەشایەریی، ئەو دوفاقیەتەی یەکێتی لەناو دونیای ئێمەدا دەیکات، وابەستەیە بە دەسخەڕۆدانی نەوەیەکی تر کە لەناو حزب دەیەوی هەموویان رازیبکات.

ئەوەش پێوەندیی بە یادەوەرییەوە هەیە، یادەوەریی کە توانای بزاوت بە دووفاقیەت دەبەخشێت، وەك چۆن ئەزموونی پەرلەمانی کوردیی پێوەندیی بەیادەوەریی ئەفەندیەوە هەبوو، فۆرمێکی ئەفەندییانە بوو لەڕووی هاتنەوەی چینێکی جیاواز کە (وەزیر، ئەندام پەرلەمان، بەرپرس)، بەڵام ئەوان دەرچووی خوێندنگایەکی نویْ نەبوون وەك ئەفەندیی، هێندەی دووفاقیەتی کەسێتی لەنێوان (کۆچەریی) و (ئەفەندیی) دەیویست بیانگۆڕێت بۆ سەر یەکتریی، هەربۆیە ئەفەندی کوردیی هەڵگری ئاکارێکی خێڵەکی بوو، ئەوەش لەڕووی رەفتاری لەگەڵ ئەوانی ژێرخۆی دەردەکەوت.

هەرچەندە لەرووکەشدا دەیویست وەك ئەفەندی خۆی دەربخات، بەوەی ئارەزووی تازەکردنەوەی



هەیە، لەرووی جلوبەرگ و کەرەستەکانی ناوماڵا و جۆری ئۆتۆمبیلەکانیان، (مۆنیکا)کانیان بەرهەمی ئەو ئاکارەیە، هەروەها خۆدەخستنیان بەخوێندنەوە، وەك چۆن ئەفەندی لەعێراقدا خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار بوو لەکاتێکدا لای ئەوانیتر ئەوکارە حەرامبوو. ئەفەندی کوردیی ئەو ئاکارەیان لەرێگەی خۆکردنیان بەخاوەن ئیمتیازی رۆژنامە یا گۆڤار دووبارەدەکردەوە، ئەو خۆنوێکردنەوەیە لەناو کەسێتی ئەفەندیی لەڕاستیدا چەکدارکردنەوەی خێڵەکانمان بیردێنێتەوە، کاتیْ لە هەشتاکان بەعس بەفۆرمی جیاوازیی شاریی چەکداریدەکردن، رەشماڵەکانی پیْدەگۆڕین بە باڵەخانەی گەورە.

بۆیە ئەو یادەوەریە کوردیە چەندە یادەوەریەکی کۆمەڵایەتی و ئاینیە هێندەش ئایدیۆلۆژیە، کە لە نمونەی دووفاقیەتی نێوان شیعە و سوننە و هەروەها لەنمونەی ئەفەندی.

دواتر لە هاونزیکی بە ستراتیژی بەعسیزم دەرکەوتووە، ئەوەیان شوبهاندنی حزبی کوردیی نیە بەبەعس، بەڵکو مەبەستمان ئەو یادەوەریە

ئایدیۆلۆژییە کە دواتر لەیادەوەریی گشتی دەبێتەوە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیی.

هەریەك لەو ئاڕاستانەش بەپێی توانا هەوڵمان دا لەسەری بووەستین، بەڵام پێمان وایە دیدێکی ناتەواو دەدەین بەدەستەوە ئەگەر لێرەوە بووەستین، چونکە خاڵێکی جەوهەری کە لەناو ئەو نووسنیە ئامادەیی هەبوو، بەڵام رووبەرێکی سەربەخۆمان بۆ دەستنیشان نەکرد، ئەویش (ئاکار) بوو.

کە چەمکێکە بەپێی تێگەیشتنی کۆمەڵ بۆ ئاین و سۆسیۆلۆژیا گریمانەی دەکات، کە پەیوەستە بەو بەها رابردووخوازەی کە دەیسەپێنێ، ئەگەرچی بەهای ژیاریی توانای گۆڕینی هەیە بەڵام لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەو دوو بەهایە بوونەتەوە خوڵقێنەری دووفاقی بۆ ئاکار، چ لەڕووی تێگەیشتنی خود بۆ دونیاوە چ لەڕووی پێوەندی کۆمەڵایەتی تاك، کە پێوەندیەکە لەناو دوو بەهای هاودژ نوقم بووە و بۆتەهۆی ئەوەی کۆمەڵێکی دووفاق لەنێوان هەڵەکردن و خوڵقاندنی حیکایەت دروستبکات.



## دووفاقیەتی ئاکاریی

چەمکی ئاکار لەکۆمەڵی ئێمەدا پێوەندی بەویستێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە نەبووە، هێندەی بەهای خێڵەکی بەپێی پێوەندیی خوێن کردوویەتی بە نەریت، لەرێگەی حەرامکردنی پێوەندیە سرووشتیەکان و شەرعیەتدان بەپێوەندیەکان تەنیا لەرێگەی ئەو بەهایە رێگەی پێدەدرێت، ئەو بەهایە بۆئەوەی لەسەر زەمینەیەکی پتەو پێیەکانی خۆی رابگرێت.

ئەو بەهایە بارگاوی دەکات بەئاین، چونکە ئاین گوتارێکە داپۆشراوە لەناو تۆڕێکی حەرام کە سوودێکی زۆربەو بەها خێڵەکیە دەگەیەنێت، تەنانەت گەشەسەندنی خێرای ئیسلام تەنیا پێوەندیی بەوەوە نەبووە کە ئیسلام بە شمشێر ویستویەتی بوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو ئیسلام هەوڵیداوە پێوەندیەکانی خێڵ رێکبکاتەوە، و پارێزگاری لەو بەها خێڵەکیانە بکات، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کاتێ بوونی خۆی بە شمشێر سەلماند، ئەو سەلماندنە ئاکارێکی خێڵە، بۆیە ئیسلام بۆ کۆمەڵگای کوردیی شورەو زەمینەیەکی پتەوە بۆ ئەو گوتارە ئاکاریە. بەڵام ئەوکاتەی لادان

له نەریت دەبینین ئەوساتە دەبێ گومان لەو گوتارە بکەین، وەك چۆن ئەو لادانە پێوەندیی بە دووفاقیەتی مرۆڤەوە هەیە، کە لێرەدا لەسەر دوو ئاست دەستنیشانی دەکەین، یەکەمیان (هەتیوبازی) وەك لادانێکی سێکسی و ئاستی دووەمیش (دووفاقیەتی پیاو لەبەرامبەر ژندا).

یەکەمیان، هەتیوبازی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا بوونی هەیە و بەڵام بوونی لە کۆمەڵە خۆرهەڵاتیەکان جیاوازە لە کۆمەڵی خۆرئاوایی.

لەکۆمەڵی خۆرئاوایی پێوەندیی بەدوو دۆخ هەیە، دۆخی دوورکەوتنەوە، کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر پیاوان لە ژنان دووردەکەونەوە، بۆ نمونە لەناو ریزەکانی سوپادا، بەتایبەت ئەوکاتەی لەبەرەکانی جەنگدا دەبن مناڵا لەگەڵ خۆیان دەبەن، دۆخی دووەم دۆخی نامۆبوونی مرۆڤە، ئەوەش تایبەت نییە بە پیاوەوە، بەڵکو بێزاریی و پەستی مرۆڤی خۆرئاوایی لەرەگەزیی بەرامبەری وایکردووە، پەنابباتەبەر رەگەزەکەی خۆی، بەڵام هەرچی کۆمەڵی خۆرهەڵات و بەتایبەتی جیهانی ئیسلامیە، بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە پێوەندیی بەسەردەمی



ئەمیر و خەلیفەکانەوە هەبووە، کە بەلای (الوردی) خەلیفەکان دەیانوویست لەمومارەسەی سێکسیدا چێژێکی نوی وەدەست بێنن، وە لە کۆمەڵی عێراقیدا لەسەردەمی عوسمانیەکان بەتەواوی گەشەیسەندووە، بەڵام خاڵێك کە لەناو کۆمەڵە ئاینیەکان و تیاشیاندا کۆمەڵگای کوردیی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بۆ (حیجابکردنی ژن و جیاکردنەوەی لە پیاو دەبنە زیادبوونی لە رێژەی بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە لەناوخەڵکدا)(١٨).

چونکە هەرکاتێك حیجابی ژن بەتەواوی سەریهەڵدا و پێوەندیی سرووشتی نێر و مێ بەناوی ئاکار لەیەکتریی دوورخرانەوە، ئەوسا لادانی سێکسی سەرهەڵدەدان(١٩).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لادانی سێکسی سەرباری ئەو هۆکارە هەندێك پاڵنەری تریش هەیە وادەکات، لە کۆمەڵی ئێمەدا گەشەبسێنێت، ئەوەش پێوەندیی بەو دوو بەها کۆمەڵایەتیەوە هەیە، بۆیە هەتیوبازی لەکۆمەڵگای کوردیدا زیاتر بەرهەمی بەهای ژیارە، بەواتای بەرهەمی شارە، شار کاتێ بەهۆی سەرکوتکردنەوەی چێژ، ئارەزوو دەکوژێت، ئەوساتە غەریزە بەدوای وێنەیەکی تری چێژ

دەگەڕێت، بەتایبەت ئەو مناڵە ئیشکەرانەی لەناو گەورەکان کاردەکەن، هەروەها لەجەژندا لەناو هۆڵی سینەما و شوێنەکانی تر منالآن دەبنە ئەو رووبەرە سێکسیەی کەلەلایەن نێرینەوە هەڵدەخەڵەتێنرێن.

کەچی لە (لادێ)دا کەمتر هەتیوبازی دەبینرێو لادێ کە بەرهەمی بەهای خێڵە، ئەوەش وایکردووە پێوەندیەکانی خوێن لەناو ئەو گروپە کۆمەڵایەتیە هێندە بەسووك سەرینەکرێت، بۆیە (کەر) دەبێت بەو ئەلتەرناتیڤە و مێژووی لادانی سێکسی لادێ دەبێ بە مێژووی کەرگان.

هەریەك لەو دوو لادانە سێکسیە پێوەندیی بەئاکاری ئەو دوو بەهایەوە هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو سانسۆرە ئاکاریەی هەموو قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتیەکان لەژێر ناوی حەرام کۆدەکاتەوە.

کۆکردنەوەیەك ئیسلامی تیا بەرپرس دەکات، بۆیە ئەو دیاردە شارییانەی کە ناوی حەرامی لێنراوە، چوونە ئاهەنگو سەتەلایت و شوێنێك بۆ حەوانەوەی گەنجانو مۆدی جلوبەرگ، بەورێگەیە حەرام دەکرێت کە ئیسلام رێگەی بەوشتانە نەداوە، لەکاتێکدا پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکەین کە (ئیسلام ئەو کارانەی حەرام نەکردووە و سزای لەسەر



دانەناوە، بەلاّم فوقەهاکان (شارەزایانی شەریعە) ترسیان لێی هەیە، ترسێکی خەست، وایان لێهاتووە هەست بکەن، هەستێکی ناوەکی، بەوەی ئەو کارە نوێیانە لەگەڵ بێبایەخیەکەشی، ئەقڵ وردەوردە بەرەو ئازادبوون دەبات)(٢٠).

دیارە پێویستە دیسان بۆ چەمکی حەرام ئەو دوو بەهایە بەهەند وەربگرین، سەرەتا وتمان عوسمانیەکان بۆ دژایەتیکردنی ژیاری ئینگلیزیی، ناویان لە ژیار دەنا حەرام، ئەو حەرامکردنە پێوەندی بە داکۆکیکردن هەبوو لە خەسڵەت و بەهای خێڵەکی، کە دیارە ئسوڵیەت لەو دوانزە ساڵەدا بەهەمان میکانیزم کاریکردۆتەوە، بەهۆی نەبوونی خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ ئەو رابردووە، ئەو مۆدە عوسمانیە لەناو کولتوریی ئێمە نەك هەر دەرنەکرا دەرەوە، بەڵکو خۆی درێژکردەوە، دواتر بوو بە ئاکارێکی هێزە ئیسلامیەکان.

ئاستی دووەمی دووفاقیەتی ئاکار، دووفاقیەتی پیاوی کوردیە لەبەرامبەر ژندا، ئەو دووفاقیەتە پێوەندی بەو پیاوانەوە هەیە کە خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن‌و داکۆکی لە بەهای ژیاریی دەکەن، بەلاّم لەناوخۆیاندا وازیان لە بەهای خێڵەکی نەهێناوە،

بۆیە ئەو دووفاقیەتە توانای خۆشاردنەوەی نییە لەنێوان ئەو دوو بەهایە، بەهایەك كە بەهای خێڵە و لەنێوماڵدا پیادەی دەكات، بەهای دووەمیش (ژیار) لەدەرەوەی ماڵ بانگەشەی بۆدەكات، ئەو بانگەشەكردنە و ئەو رەفتارەی ئەو بوونەوەرە لەناو پێوەندیی كۆمەڵایەتی خۆیدا دەینوێنێ دوو ئاكاری جیاوازن، قسەكردنەوەیە لە حەرام و غەریزەی پیاو، بۆیە ژن لەناو ژیانی هاوسەری دەكاتە كۆیلەی ئەو پێوەندیە، تاكە بیانوویەكیش بۆ ئەو سنوركێشانە بەوە كۆتاییپێدێنێت، كە ئەو بەپێی دەستوری ئیسلام ئەو كارەی كردووە.

دیارە ئەوەش گواستنەوەی هەمان مانا فەرهەنگیی و كولتوریەكەی عەرەبیە بۆ كۆمەڵ، چونكە لەكۆمەڵی عەرەبیدا ئەو سیستمە زمانەوانییە چۆن فرمانی بە ژن كردووەو لەناو زمانی كوردیش هەوڵی وەرگێڕانی ئەو مانا فەرهەنگیە دراوە، چونكە لە زمانی عەرەبیدا ژن چەمكێكی مەجازیی هەیە لەزماندا كە بارگاویە بە سیستمێكی ئاكاری، بەتایبەت بۆ ژنی مێردار كە پاوانكردن بۆ پیاوێك لەسەر بنەمایەكی مەدەنیو لێك گەیشتن و خۆشەویستی دوو مرۆڤ راڤەنەكراوە، بەڵكو كاتێ بە



(حریم) ناودەبرێ، چاوگەی ئەو وشەیە بۆ (حرامی) دەگەڕێننەوە، كە دیارە لەزمانی عەرەبی ئەو وشەیە بۆ دز بەكاردێت، ئەوكەسەی دەچێتە سەر ماڵێك، بۆیە سەیركردنی ژنی مێردار وەك حەرامێك سەیركراوە، دیارە ئەگەر لەژێر خوێندنەوەیەكی زمانەوانیەوە سەیری شوێنگەی ژن بكەین لەكۆمەڵگای كوردیدا، هەرگیز ئەو مانا عەرەبیەمان دەستناكەوێت، كە كۆمەڵی عەرەبی لەخوێندنەوەی زمانەوانی بەرهەمیهێناوە، چونكە هەر زمانێك سیستمێكی تایبەتی بەخۆی هەیە، كە لە زمانێكی تر جیاوازە، بۆیە ئەو سیستمە ئاكاریەی دووفاقیەتی لەبەرامبەر ژن بەرهەم هێناوە، چەندە پێوەندیی بە دووفاقیەتی كەسێتی هەیە، هێندەش پێوەندیی بە نەبوونی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیی هەیە بۆ زمان، نەبوونی ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی بۆ خوێندنەوەی كولتور بۆتەهۆی ئەوەی ژن كائینێك بێت لەدەرەوەی مێژووی فیكر و گۆڕان.

ئەو دوو ئاكارە جیاوازەی پیاوی كوردیی مانای دووفاقیەتێكە، ئەوەش كۆتایی دووفاقیەتی كەسێتی ئەو نییە، بەڵكو سەرەتایەتی، چونكە (یادەوەری مرۆڤی كورد.. یادەوەرییەكی نەخۆشە،

یادەوەرییەکە قوربانی مێژووە، دانابڕێت لەرابردوو)(٢١).

پیاوی کوردیی ناتوانێ خۆی لەو رابردووە جیابکاتەوە، هەموو ئەو بانگەشەکاریانەش گوزارشتە لە دەسخەڕۆدانێك کە ئەو پیادەیدەکات، لایەنگیریی بزووتنەوەی ژنان دەکات، ژنان بێئاگا لە نیازەکانی ئەو بەو گەمەیە شادومانن، بەڵام پرسیاری ئەوە لەخۆی ناکات، بۆچی پیاو لەماڵەوە دۆزەخێك بەرپادەکات و دەیەوێ بەهەشتێك لەدەرەوە بۆ ژن مەیسەربکات؟

رەنگە وەڵامێك بۆ خۆدزینەوە پێمان بڵێت مادامەکی پیاوی کوردیی قوربانی مێژووە، ئەو یادەوەریی قوربانیە ئیسلامە لێیبەرپرسیارە، دیارە ئەوەیان هەڵەیەکە و خۆمان لە ناسینی کولتووریی پێدەدزینەوە، چونکە ئەگەر ئیسلام لەقورئاندا سنورێك بۆ ژن دەستنیشان بکات، کەچی لەبەرامبەر ئەوەدا هەتیوبازی وەك دیاردەیەك لەسەردەمی خەلیفەکاندا دەردەکەوێت، لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە ئێمە نەدەمانەوێ وێنەی بێگوناح بەئیسلام ببەخشین، وە نە مەبەستمان هێرشکردنەسەریەتی، بەڵکو پێویستە بۆ ئەو تێگەیشتنە بۆلای (علی



الوردی) بگەڕێینەوە، کە دەبێ لەبەرامبەر ئیسلامدا هەست بەو جیاوازیە بکەین کە دەکەوێتە نێوان پێغەمبەر و خەلیفەیەکی وەك هارون رەشید، چونکە (عەرەب لەهەر نەتەوەیەکی تر زیاتر نەخۆشکەوتووە بەدووفاقیی کەسێتی، هۆکاری ئەو سەرهەڵدانەش وایان لێهات بکەونە نێو ئەو گەشەسەندنە ژیاریەی لەژێر کاریگەریی دوو پاڵنەری هاودژ کۆببۆوە کە کۆچەریی و ئیسلام بوو)(٢٢).

دیارە دووفاقیەت لە کۆمەڵی ئێمەدا تەواو لەو خەسڵەتە جیاوازە، ئەوەش بۆئەوەنیە کورد یەکسان بکەینەوە بەزەردەشتی، چونکە یەکسان بوون سەرباری هەوڵێکی بێمانا بۆ دەسخەڕۆدان، لەئاستی کۆمەڵایەتی دەمانگەیەنێ بەهەمان دەرەنجامی کۆمەڵی عەرەبی، ئەوەش دەرەنجامێکە دوورە لەڕاستییەوە.

خودی کوردیی ململانێی لەگەڵ (کۆچەریی) و (ئیسلام)دا نییە، ئەو ململانێیە لای ئەو خودە بەیەك ئاست سەیرکراوە، چونکە خێڵی کۆچەریی لای کورد لەسەر وێنای ئیسلامەوە گەشەی بە هەڕەمی پێکهاتە داوە، بەڵکو ململانێی ئێمە کەوتۆتە نێوان

(ئیسلامبون) و (خۆرئاوایبون) یەکەمیان وەك بەهایەکی رابردوو سەیردەکرێت، ئەویدیش وەك بەهایەکی ژیاری سەیردەکرێت، لەکاتی قبولاکردنی یەکەم لەترسی رووبەڕووبونەوە بەوەی ئەو کۆنخوازە ناتوانیٚ واز لەو ژیارە بێنێت، ناشتوانیٚ ئەو ژیارە بەتەنیا قبولاٚ بکات، چونکە ئیسلام بەنێو رەگی کولتوری نەتەوە و یادەوەریی تەواوی کۆمەڵ چۆتەخوارەوە، بۆیە دەیەویٚ لەنێوان ئەو دووانە خۆگونجاندن دروست بکات، ئەوەش بەدووفاقیەتی خودی کوردیی تەواودەبێت.

ئەو دووفاقیەتەش لەنێوان دوو هێزدایە کە (هۆش / نەست)ە، لەهێزی هۆشدا ئەو هەڵگری بەهایەکی ژیارییە، بەلاٚم لەنەستدا ئەو کەسێکی موسڵمانە، لەئەقڵی دەرەکیی)(٢٣).

لای (الوردی) جیاوازیی مرۆڤی عەرەبی لەنێوان ئەو دوو ئەقڵەدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆچەریی کەسێکە فێری هێرشکردن و تالاٚن بووە، بەلاٚم ئیسلام ئاینێکە دەیەوی دادوەریی وەدەست بێنێت، ئەگەرچی بۆ کۆمەڵگای کوردیی و کۆمەڵە ناعەرەبیەکان، تاڕادەیەك تووشی ناکۆکی دەبین لەسەر ئەو بۆچونە، چونکە ئیسلام دەستبەرداری



ئەو بەها کۆچەرییە نەبوو، کە لە کۆچەریی حەرامدەکات، بەڵکو ئەو بەهایە بەیەکجاری حەرامناکات، بەڵکو لە خێڵی دەسەنێتەوە و دەیداتەوە بەئیسلام، دادوەریی ئەوکاتە وەدەست دێت کاتیٚ ئیسلام فەرمانڕەوایی ئەو رووبەرەی کرد، بۆیە ئیسلام دەستبەرداری ئەو بەهایە نەبوو، بەڵکو ئەو بەهایەی کرد بەبەهایەکی یەزدانی، چونکە گەر کۆچەریی کەسێك بوو شانازیی بە جوامێریی و هێزنواندنی خۆی دەکات، ئەوا ئیسلامیش لەسەر هەمان کەسێتی وێنەی خۆی دروست دەکات، کە ئەوەش یاسای هێز لە بیابان لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە.

کاتیٚ (الوردی) کۆچەری لە ئیسلام بەدو ئاکار و جیهانبینی جیاواز سەیردەکات، ئەو جیاوازییە خاوەنی سیمایەکی یەکجاری روونی لەیەکچووە، تەنیا شتێك کە لەیەکیان جیابکاتەوە ئەوەیە، کە ئیدی کۆچەریی دەبیٚ لەژێر فەرمانی ئیسلام هێرش بکات و لەپالاٚ دەسکەوتە ئابوورییەکانی دەبیٚ خاوەنی ستراتیژی رزگارکردنی دنیا بێت لەکوفر، ئەو ستراتیژەش کاتێك مەسەلەی دەوڵەتی بۆدێنێتەپێشەوە، تەنیا لەوێوە هەست بە جیاوازیی

**دەکات، چونکە ئەقڵی ئەو هەڵگری بەهایەکە بڕوای بەدەوڵەت نییە.**

**موحەممەد بەهۆی ناسینی قورەیشەوە هەڵنەساوە بە میانڕەویی، بەڵکو ئەو نمونەیەکی ئەو ژینگەیە بوو، کە سیفاتی جوامێریی و پیاوەتی تیا کۆبۆتەوە، بۆیە هەر لەوکاتەوەی کە پێش بوونە پێغەمبەرایەتی دەچێتە شام بۆ بازرگانیکردن بۆ (خەدیجە) و بەقازانجێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە، لێرەدا ماهیەتی دوو خاڵمان بۆئاشکرادەبێت، یەکەمیان، گەڕانەوە بە قافڵەوە و بێئەوەی گروپێک بێتەسەر رێگای بۆ تالأنکردنی، مانای ئەوە نییە لەبەرئەوە نایەن کە ئەو ناوی بە پیاوێکی دەستپاك و راستگۆ دەرکردووە، بەڵکو ترسیان هەیە لە ئازایەتیو جوامێریی، چونکە دەستپاکی لای قورەیش بەبێ بوونی هێز هیچ نرخێکی نەبوو خاڵی دووەمیش، پێوەندیی بەو قازانجە بازرگانیەوە هەیە کە توانای ئەو دەردەخات لەبواری ئابوورییەوە، ئەو توانایەی دواتر دەبێ بە پلان بۆ ئیسلامبوونی قورەیش، چونکە خێڵە کۆچەریەکانی بیابان بەشێکی زۆریان بەهۆی تالأن و دابەشکردنی سامان لە غەزادا بوونە موسڵمان، چونکە ناکرێ ئەوە**



**فەرمۆش بکرێت کە (موحەممەد دڵی قورەیشیەکانی پڕکرد لە سامان، بەڵام نازانین دوای ئەوە چی لیٚدروستکردن)(٢٤).**

**بەمانای کۆچەرییەکان بەهۆی بڕوابوونیان بەئیسلامەوە نەهاتنە ناویەوە، بەڵکو ئیسلامیان وەك بەرژەوەندیەکی ئابووری سەیردەکرد، کە دوای مردنی پێغەمبەر ئەوە بە موسڵمانە کۆچەریەکان دەرکەوت، کە ئەوان کەوتبوونە نێوان دووفاقیەتی (سامان / بڕوا).**

**ئەوەش لەوە دڵنیامان دەکاتەوە، کە ئەو دووفاقیەتە تەواو لەکۆمەڵگای کوردیی جیاوازە، چونکە دووفاقیەتی ئاکار لای ئێمە کەوتۆتە نێوان ویستی کۆمەلأیەتی و ئارەزووی سرووشتی.**

**ئەگەر دووفاقیەتی خودی کوردیی دووفاقیەتێك بێت بەپێی قۆناغ و پێوەندیەکان ویستبێتی خۆگونجاندن لەنێوان دوو سیستم بکات، بەڵام بەدەرکردنی بەعس لە ماڵەکانمان، ماڵی کوردیی دەکەوێتە ململانێی (بیرکردنەوە) و (هەڵەکردن). بیرکردنەوە بەپێی ئەو چەمکە دیکارتیە کە خودی کوردیی بوونی وابەستەی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش هەرگیز رێگەی نەداوە لەو ئاکارە**

خێڵەکیە.. کە ئاکاری پیاوبوونەوە شەڕیکردووە و دژایەتی خۆی بۆ بەعس ڕاگەیاندووە، سی ساڵی دوایی سەدەی بیستەم هێزە سیاسیەکانی کوردیی سوودێکی زۆریان لەو ئاکاری پیاوبوونە وەرگرت، بەعس چەندە لەسەر زەبروزەنگ و چەوساندنەوەی خود ئیشیکردووە، ناسیۆنالیزمی کوردیش بەدوای بڕیاری بیرکردنەوەی خود، چوارچێوەیەکی داناوە بۆ تواندنەوەی خود.

بەڵکو کاتێ بمانەوێ وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ئەو قۆناغە نیشان بدەین، دەبێ لە کەسێتیەکی ڕەخنەیی خودەوە سەیری ئەو دوو قۆناغە بکەین، کە خود ترسی نییە لە ڕەخنەگرتن لێی، بەواتای بۆ تێگەیشتن دەبێ ئەزموونی خود.. ئەزموونی شکاندنی بێدەنگی وەربگرینەوە.

نەوەك ئەو ئەزموونەی بێدەنگە لەئاست سەپاندنی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە ئەو دوو قۆناغە، قۆناغی سەردەمی بەعس و ڕاکردنی خود بۆ شاخ قۆناغی بیرکردنەوەیە، بەڵام دەبێ ئەو ئاگاییە ڕەخنەییەی خود لەناو ئەو قۆناغە ون نەکرێت، کاتێ لەناو بیرکردنەوەش هەست بە ئیشکالیەتەکانی بیرکردنەوە دەکرێت، ڕەخنەگرتن



لە شۆڕش یەکێکە لە خاڵە دیارەکانی ئەو قۆناغە، بەڵام ڕەخنەیەکە دەیەوێ ئیشکالیەت نەهێڵێت لەپێناو پتەوکردن و شەرعیەتدان بە بنەما فکرییەکانی خود تیایدا ئاوێتەی حزب بووە.

ئەگەرچی ئەو دەنگە ڕەخنەییە لەناو شۆڕشدا دەنگێکی قەبارە فراوان نەبووە، بەقەدئەوەی دەنگی نوخبەیەکی دەستنیشانکراو بووە، چونکە لەئەساسدا ئەو قۆناغی بیرکردنەوەیە لەسەر ڕەخنە بنیات نەنراوە، بەڵکو ئەوە قۆناغی دووەمە ڕەخنە دێنێت، ئەوەش قۆناغی ڕاپەڕینە.

ئەو چەمکە دیکارتییە تیایدا دەکەوێتە نێو ڕەخنە و خود بەرەو چەمکێکی فۆکۆیی دەچێت بۆخود، بەوەی بوونی وابەستەی هەڵەکردنە، بەزمانی فۆکۆ ئەو کۆجیتۆیە دەبێ بە (من هەڵەدەکەم، کەواتە هەم).

ئەگەر هەڵەکردن لە دیدی ڕابردووخوازان بەوە لێکبدرێتەوە، کە دەمانەوێ حەقیقەت ون بکەین.. حەقیقەتی کوردبوون، دەبێ ئەوە بڵێین حەقیقەت هێندەی لە دوای سی ساڵی سەدەی بیستەم ونکرا لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە، هێندە مەترسی لەناوچوونی لەناو ئەو دە ساڵەی دوایی لێناکرێت.

بەتایبەت ئەگەر هەڵەکردن لەمانا فەرهەنگیەکەی
رووتنەکرایەوە و بنەما راستەقینەکەیمان ناسی،
چونکە هەڵەکردن چەمکێکە بەدین نامۆ نییە، بەڵکو
بەلای (باشلار)وە بۆئەوەی بە مەعریفەیەکی راستگۆ
بگەیت، دەبێ لەمەعریفەیەکی هەڵەوە
دەستپێبکەین.

هەڵەکردن لە کۆمەڵگای کوردیدا.. هەڵەیەك نییە،
بەڵکو بەرهەمی دۆخو گەشەی کۆمەڵایەتییە.. دۆخێك
کە بەهای خێڵەکی بەهەڵەکردن راڤەیدەکات، ئەو
هەڵەیەش ئارەزوویەکە بۆ ژیاندۆستی و گۆڕان،
بەڵام چونکە کۆمەڵگای کوردیی لەناو ئەو گۆڕینی
بیرکردنەوەیە.. توانای ئەوەی نییە، کە بەسەر ئەو
بەها خێڵەکیە زاڵ بێت، بەتایبەت کاتێ حزبی
کوردیی ئەو بەهایە وابەستەدەکات بە بوونی
خۆیەوە، ئەوا چەمکی (بوون) لەنێو بیرکردنەوە و
هەڵەکردندا تووشی دووفاقیەتمان دەکات. ئەگەر
هەڵەکردن لای بەشێکی زۆرینەی کۆمەڵی ئێمە وەك
دۆخ و گەشەی کۆمەڵایەتی سەیرنەکرا.

ئەوساتە ئەو دەرەنجامەی پێشوو دەسڕدرێتەوە و
دەبێ لە رووبەر و فەزایەکی ترەوە قسەکردن لە
هەڵەکردن رووبەڕووی دیدێکی ترمان بکاتەوە،



ئەگەرچی دواتر هەر دەگەینەوە بەهەمان دەرەنجام،
بەڵام بۆئەوەی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە وا سەیری
هەڵە نەکات، کە دەمانەوێ بەلاڕێیدا بەرین، دەڵێین
ئەو دڵنیاییەی باشلار لەبارەی هەڵەکردنەوە لەوەوە
سەرچاوەی گرتووە، کە (لەسەرەتادا هەڵە هەبوو
نەك حەقیقەت، بەمانای حەقیقەت وەرنەگیرابوو،
تەنیا لەکۆتایی ململانێی لەگەڵ هەڵەدانەبێت)(٢٥).

## شار، تەقاندنەوەی دووفاقیێتی

تەقاندنەوەی دووفاقیی کەسێتی لەشاردا بەتەواوی
بە سیمای کۆمەڵ دەردەکەوێت، نەوەك لەلادێ و
ناوچە شاخاویی و بیابانەکان، ئەوەش لەشاردا
پێوەندیی بە فراوانبوونی ژمارەی دانیشتوان و
پێوەندیی جیاواز و ئازادیی زیاتری مرۆڤەوە
هەیە،کە کۆمەڵێك رەفتاری جیاواز بۆ تاك بەرهەم
دێنن، کە پێوانە بە (بەهای خێڵ) هەڵگەڕانەوەیە لە
ئاکار، بەڵام لەبنەڕەتدا بوونی سیستمی چاودێریی
و سەرکوتکردنی خێڵ هۆکارێکە لەپشت کوشتنی
پێوەندیی سرووشتی، ئەو سیستمە لەشاردا
هەڵدەوەشێتەوە، دۆشدامانی مرۆڤ لەبەرامبەر خەم
و بێزاریی، نایخاتە گۆشەگیرییەوە، بەڵکو پاڵیدەنێ

بەرەو مەیخانەیەك، سانسۆری كۆمەڵایەتی سنورێكی بۆ حەرام نامێنێت، لەشاردا ئەو رووە دووفاقەمان بۆ دەردەكەوێت كە حەرامبوون ئاین ەوكاری یەكەمی نەبووە، بەڵكو سەپاندنی ئاكاریی كۆمەڵایەتی یەكەمین هۆكارە.

وەك چۆن بەربەستێك نییە كە نەك ڕێگە لە گەورەكان بگرێت، بەڵكو مناڵەكانیش كە ڕۆژانی جەژن یان پشوو بچن بۆ سینەما، چوون بۆ سینەما خاڵێكی وەرچەرخانی بەزاندنی ئەو سنورە ئاكاریە كۆمەڵایەتیەیە، بەوەی شەرعیەت بە حەرامێك دەدرێت كە لەبنەماوە پێوەندیی كۆمەڵایەتی خولقاندوویەتی، بۆیە كاتێ شار (سینەما و مەیخانە) دەخاتە نێو ژیانمانەوە، ئەوا زۆر شوێنی تریش دەخاتە بەردەستمان لەجۆری (چایخانە) كە بووە بە ڕۆتینێكی ڕۆژانە بۆ كات بردنەسەر.

یاخود (مەلها) ئەگەرچی ئەوەیان تا ئێستا نەپەڕیوەتەوە كۆمەڵی ئێمە، بەڵكو زیاتر لەشارەكانی تری عێراقدا بوونی هەیە، بۆیە دەبینین لەدواساڵەكانی حوكمی بەعسدا ئەو لێشاوە گەنجەی بەناوی هاندەرانی تیپی وەرزشیەوە موجازەفەی چوونە بەغدادەكەن، ئەو چوونە چەندە



بۆ دژایەتیكردنی ئەو ئاكارەی لەرووكەشدا هەڵگریەتی دووفاقدێتەوە، هێندەش مایەی سەرسوڕمان نییە، كە ئەو ڕۆحە چیە وادەكات بۆ بەتاڵبونەوە رووەو قەدەری نادیار بچێت، مادامەكی كۆمەڵ سنورە ئاكاریەكانی گەیشتبێتە ئەو رادەیەی كە گۆشەگیریی رەگەزەكان بەڕادەیەك بێت ئیدی قسەكردن لەگەڵ یەكتری حەرام بێت، بۆچی و چۆن بتوانین بیرلەوە بكەینەوە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی وەك هەتیوبازی كە لە كۆمەڵەكەماندا رۆژبەرۆژ ژمارەی زیاددەكات چارەسەربكەین.

چونكە ناكرێ تەنیا هەتیوباز لەوێنەی نەخۆش سەیربكەین، بێ خوێندنەوەیەكی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ئەو دۆخە كۆمەڵایەتیە، چونكە كاتێ بەپێی توێژینەوەی توێژەران لەهەر وڵاتێكدا ٢٪ ڕێژەی لادەری سێكسی بێت، بەڵام كاتێك ئەو ڕێژەیە زیاددەكات و كۆمەڵ لێی نایەتەدەنگ، ئەوبێدەنگیە پێوەندیی بە مەترسیی دۆڕاندنی ئاكار و دڵنیابوون لە شكستی گوتاری ئاكاریە، كە پەیوەندی بە شكستی پەروەردەییەوە هەیە.

ئەوەش رەخنەیەكە چەندە ئاڕاستەی ماڵی كوردیی دەكرێت، سەدهێندە دەبێ رووبەڕووی ئەو سیستمە

پەروەردەییە بکرێتەوە، بۆیە هەر ناوبردنێکی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بۆ مێژوویەك و رەگو ریشەبردنەوەی بۆ سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لەعێراقدا، لەڕاستیدا دەمانەوێ خۆمانی لێبدزینەوە، راستە کە ئەو دیاردەیە لەعێراقدا بۆ سوپای (ئینکشاری) دەگەڕێتەوە، دواتریش لەسەردەمی عوسمانیەکان بەتەواوی گەشەیکرد، دیارە ئەو گەشەسەندنە کاریگەری لەسەر ئەو رووبەرە جوگرافیەی کوردەواریش جێهێشتووە(٢٦)

بەڵام ئەو رابردووە چەندە کاریگەریش بووبێت، بەڵام بەستنەوەی بە کۆمەڵگای کوردیی و تاوانبارکردنی ئەو رابردووە گوزارشت لە بێمانایی و راکردنی ئێمە دەکات لەبەرامبەر بەرپرسیاریەتی.

ئێمە بۆئەوەی بیسەلمێنین کە گوناهبار نین، پێویستە دان بە ئیفلیجی ئەو سیستمە ئاکاریە بنێین، بۆئەوەی خاسیەتە کۆمەڵایەتیەکانی خۆمان جیابکەینەوە، بەوە جیانابینەوە کە نەفرەت لە عوسمانیەکان بکەین، ئەو ئاکارەیان بۆ جێهێشتین، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازیەکانی خۆمان پێویستە پرسیار لە ئاکار بکەینەوە و سێنتەری ئەو مانایە لەنێو ماڵاو خوێندنگا و کۆڵان و تادەگاتە



شوێنە گشتیەکانی وەك چایخانە و سینەما و مەیخانە بخەینە ژێر پرسیارەوە.

چونکە ئەگەر لێرە یەکێك لەو شوێنانە وەربگرین کە (چایخانە)یە، زۆری ژمارەی چایخانە و کۆبوونەوە تیایدا مانای (زۆری چایخانەکان یەکێکە لە سیما لاوازەکانی ژیانی ماڵەوە لەشارە عێراقیەکاندا، وە زۆری پیاوان زۆرترین کاتی بەتاڵیان لە چایخانە دەبەنەسەر)(٢٧).

ئەو شوێنەش لەنێوان پێوەندیی مرۆڤی کوردی لەنێوان ژیانی ماڵاو ژیانی دەرەوە یەکێکە لە سیما دووفاقیەکان.

## دوا وشە

دۆخێکی نوێ بۆ کۆمەڵگای کوردیی و سەرتاپای عێراق هاتۆتەدیی، تیایدا ئەزموونی خوێناوی سی ساڵەی بەعسیزم کە دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی تیایدا بەڕێوەبرد کۆتاییهات، بەڵام ئایا مەرگی بەعس تاکە خەونێکی ئەو کۆمەڵە بوو؟ ئایا ئەوە تەنیا بەعس بوو لە چارەکە سەدەی رابردوو تەواوی کۆمەڵی عێراقی لەکارخستبوو یاخود کۆمەڵ بێگوناح نەبوو لەو سستی و مردنە؟

کۆتایی بەعس.. کۆتایی سیستمێکی دیکتاتۆری بوو، بەڵام هەرگیز نابێ بەکۆتایی دووفاقیەت، بەتایبەت کاتێ نەتوانین تەمەنی بەعسو تەمەنی دووفاقیەتی کۆمەڵ یەکسان بکەینەوە بەمەرگ، هاویەکسان کردنی تۆتالیتاریەت لەگەڵ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، تەنیا دروشمی ئەو هێزە سیاسیانەیە، کە لەو رووداوە نوێیە خۆیان نوقمی فانتازیا و خەونی یۆتۆپی کردووە، دیارە کۆمەڵ چەندە لەناو دووفاقیەتی (رق لە بەعس) و (دڵسۆزیی نواندن بۆ بەعس) گیرۆدەبوبێت.

بەتایبەت ئەوەی دواتریان کە دڵسۆزی رقێک بێت، بەڵام رقێکە دەتوانێ لەمردن دووربیخاتەوە، لەعێراقی سی ساڵەی بەعسدا نمونەی لەم چەشنەمان زۆرە، هەر لەو باوکەی کورەکەی خۆی دەکوژێت کە ناچێتەوە سەربازیی تادەگات بەخوێنبەخشین بە شەڕەکانی بەعس و بەشداریکردن و هوتافکێشانی عێراقیەکان لەناو مانۆڕەکانی شەقامی عێراقیدا.

دیارە لەناو ئەوانەشدا جۆرە رقێك.. بێ ئەوەی گرژبێت ساویلکەیی خۆی نمایشت دەکات، بەڵام دواجار رقێکە لەهەناوی کۆمەڵەوە هاتۆتە بوون، ئەو



رقەی جوتیارێکی کورد بەناوی (مام عەزیز) کاتێ بەدیکتاتۆری پێشووی عێراق (صدام حسین)ی وت: هەموو رەز و باغتان سووتاند(٢٨).

بۆیە خەونی مرۆڤی ئەو کۆمەڵە بۆ مەرگی بەعس، خەونێکە چەندە لای بووە بە فانتازیا، ئەو فانتازیایە شەرعیەت زیاتر بە دووفاقیەت دەدات، لێرەدا سۆسیۆلۆژیستێکی وەك (د.علی الوردی) رەخنە لە هەڵوێستی فەرمانبەرێکی شارەوانی ئینگلیزیی بگرێت، کە لە جەنگی دووەمی جیهانی لەعێراقدا بووە و خەڵکی عێراقی هەمووی بەدز ناوبردووە.

کە جارێ (الوردی) بەر لە هەر شتێ کارێکی ئەخلاقی ئەنجامداوە، ئەوە بەهەڵە تێگەیشتنێك ناودەبات، چونکە تەواوی کۆمەڵێك بەدز جگە لە رقێکی گەورە لە کۆمەڵ شتێکی تر نییە، بەتایبت کاتێ لەو رەخنەیەدا پێداگریی لەسەر ئەو خاڵە بکرێت کە (ئەو فەرمانبەرە بەریتانیە لەحوکمدانەکەی لەسەر گەلی عێراق هەڵەیەکی گەورەی کرد، ئەو لەکۆمەڵێکدا هاتووە، خاوەنی یەك ویژدانە، حاکم و حوکمدراوی تیایە، بیریچووە کە کۆمەڵی عێراقی دوو ویژدانی هەیە)(٢٩).

مەبەست لەو دوو ویژدانە ئەوەیە کە کۆمەڵی عێراقی، وەك کۆمەڵی ئینگلیزیی نییە، تاوانبار بداتە سزا، بەڵکو لەناو ئەو کۆمەڵە دز و تاوانبار خۆی دەشارێتەوە، ئەوەش پێوەندیی بەو حەقیقەتەوە هەیە کە دەوڵەت و کۆمەڵ هەرگیز لەعێراقدا نەبوونەتە تەواوکەریی یەکتریی(٣٠)، بەڵکو لەهەر قۆناغێکدا ئەو دوانە رقەکەیان لەگەڵ یەکتریی درێژبۆتەوە، کە بەعس لە تازەترین مۆددا گەشەی بەو درێژبوونەوەیە داوە، جەندرمەی لەوێنەی پۆلیس و (ئینزبات) گەورەکرد، بەپێ ئەو ئاکارەی کە جەندرمەی عوسمانی حوکمی تیاکردووە(٣١)،

وەك چۆن سیخوڕیی کرد بەهێزێك بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، تەنانەت ئەو مۆدیلە تورکیەی (ئەفەندی) کە هاتە عێراق، بەعس بەهەمان شێوە مۆدی (ئەمن)ی داهێنا، کە جلوبەرگێکی هاوینە بوو تایبەت بوو بە کەسێتی ئەمنو موخابەراتەوە، بەمانای ئەوە نا کە بەعس لاسایی عوسمانیەکانی کردۆتەوە، بەڵکو بەعس ئەزموونێکی تۆتالیتاریی سەربەخۆیە، بەڵام ئەو کولتورەی لەخۆی دانەبڕیووە کە خزمەت بە



دەوڵەتی بەعسیزم بکات، بەڵام پرسیارێك لێرەدا بەپێویست بزانین ئەوەیە: ئایا دەوڵەتی نوێی عێراق دەتوانێ لەبری درێژکردنەوەی ئەو مێژووە.. کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکات؟

بەدڵنیاییەوە کاتێ ئەو پرسیارە ئاڕاستەی کاربەدەستانی دەوڵەت بکرێت، یەکسەر دڵنیاییمان پێدەبەخشن، بەڵام کاتێ نمونەیەك بێنینەوە، نمونەیەك کە لە (د.علی الوردی) وەرگیراوە، کە بەلایەوە نەدەبوو (تەجنیدی ئیجباری) لەدەوڵەتی عێراقدا هەبوایە، بۆئەوەی کۆمەڵ ئەو زەبروزەنگەی جەندرمەی نەهاتباوە یاد، کاتێ بەزۆر خەڵکیان بۆ سەربازیی دەبرد، لەکاتێکدا لەعێراقدا خوێندنی ئیلزامی فەرامۆشکرابوو، پرسیارەکەمان لێرەدایە، ئایا دەوڵەتی نوێی عێراق هەر بەهەمان ئەو ئەقڵیەتەوە بەڕێوەدەچێتەوە؟

ئایا کۆمەڵ جارێکی تر زەمینەی دووفاقی بۆ بەرهەمناهێنرێتەوە لەنێوان حوکمی تۆتالیتاریی و دەوڵەتی دیموکراتیخواز؟

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١) شخصية الفرد العراقي. د. علي الوردي/ دار الوردي – لندن ٢٠٠١/ ص,١٠

٢) خوارق اللاشعور. د. علي الوردي/ دار الوراق – لندن – الطبعة الثانية ١٩٩٦/ ص,٣٧

٣) هەمان سەرچاوە / ص ,٥٣

٤) علي الوردي عالم الآجتماع المثير للجدل / صائب عبدالحميد، قضايا أسلامية معاصرة، العدد (٣) ١٩٩٨ / ص ,١٥٣

٥) ئەو ئاستەی هەستی بەکەمزانین تووشی دووفاقی دەکات، ئاستی سایکۆلۆژیانەیە بۆ خود، کە جیاوازە لەئاستی دووەم کە دووفاقییەت گەیشتۆتە چلەپۆپەی گەشەکردن، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەناسێنێت، بۆیە هەموو ئەو رەخنانەی لەبارەی دووفاقییەتی کەسی عێراقی لە (علی الوردی) گێراون، لەئاستی یەکەمەوە قسەیانکردووە و ئاستی دووەمیان فەرامۆش کردووە، لەکاتێکدا لای ئەو دووفاقییەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

٦) شخصية الفرد العراقي. د. علي الوردي / دار الوردي – لندن – ٢٠٠١/ ص٣٠.



٧) لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث / د. علي الوردي/ انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) ١٩٩٦/ الجزو الثالث، المجلد الثاني/ص,٦

٨) دراسة في طبيعة المجتمع العراقي / د.علي الوردي/ انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) ١٩٨٨/ الطبعة الثانية/ ص,٣٤٢

٩) منطق إبن خلدون/ د.علي الوردي، دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٤/ ص,٧٩

١٠) هەمان سەرچاوە/ ص,٨٤

١١) خوارق اللاشعور/ د.علي الوردي/ دار الوراق – الطبعة الثانية (لندن) ١٩٩٦/ ص,٨٠

١٢) دیارە نامانەوێ لەو ئومێدەی ناسیۆنالیزم قسەبکەین، کە ئومێد بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی پرۆژەیەکە خاڵییە لە گومان، چونکە لەنووسینێکی تردا بەدرێژی لەسەر ئومێدی ناسیۆنالیزم هەڵوەستەمان کردووە.

١٣) منطق إبن خلدون/ د.علي الوردي/ دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٤/ ص,٢٤٠

١٤) ئیمامی عەباس کوڕی (عەلی ئەبی تالیب)ە و مەرقەدەکەشی لە کەربەلایە.

١٥) نەك تەنیا لەناو سنوری خێزانو بنەماڵە، بەڵكو لەناوەندەكانی خوێندنیش هەمان گریمانە دووبارەدەبێتەوە، ئەگەر لەدواقۆناغی خوێندنی سەرەتایی خوێندكاران مێژووی ئیسلام بخوێنین، مێژوویەك كە تەنیا پێوەندیی بەگۆڕینی دۆخێكی كۆمەڵایەتی نییە، بەڵكو مێژوو وەك گریمانەیەكی رابردوو سەیردەكرێت، كاتێ خەلیفەكان یەك لەدوا یەك ستایش دەكرێن، ئەگەر لەو قۆناغە خوێندكار پێویستی بە ناسینی ئەو مێژووە هەبێت، ئەوا لەقۆناغەكانی تر پێویستی بە ئیشكالیەت و ناكۆكیەكانی ئەو مێژووەیە، چونكە ناكرێ خوێندكار مێژوویەك بخوێنێت، لە ئیشكالیەتی سوننە و شیعە بێئاگابێت، یاخود هەموو ناكۆكیەكانی (عەلی ئەبی تالیب) و (موعاویەی ئەبوسفیان)ی بۆ بخەینەئەولاوە و هەردووكیان بەوێنەی موسڵمانی راستەقینە سەیربكەین، بۆیە ناوەندەكانی خوێندن لەبەرامبەر ئەو مێژووە ناوەندێكن توانای رەخنە و خوێندنەوەی نییە، بەڵكو هەمان گریمانەی نێو (مزگەوت، ماڵ، دیوەخان) دووبارەدەكەنەوە، ئەوەشیان ئاسایی بوون نییە، بەڵكو خەوشێكی گەورەی ئەو ناوەندەیە



و وایكردووە لەنێوان (خوێندكار/ ماڵ) دووفاقیەت هەبێت، كە هەر یەكێكیان بۆمانەوەی خۆی توانا و هێزی بەردەوامبونی لەوەیترەوە، ئیحای مانەوە وەردەگرێت، مانەوەیەك تەنیا جۆرێكی تری دووفاقیە و بەهۆی نەبوونی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیی ئاینی وەك دیاردەیەكی رووكەش سەیركراوە و نەخراوەتە ژێر بەرپرسیاریەتی، كە رۆڵی ئەو دامەزراوە چیە و خاسیەتە جیاوازەكانی كامانەن؟ بوونی ئەو پرسیارە بەومەبەستەیە كە ناوەندی خوێندن پێوەندی بەو ئەقڵیەتەوە هەیە، كە بوونی مەعریفە وابەستەی بەهایەكی ژیاری دەكات، بەتایبەت بوونی زانكۆ كە پێوەندیی نێوان ئۆرگانی مەعریفی و شارە.

١٦) ئەوانیش یەكەمیان توێژێكی كۆمەڵایەتین كە بە (سەید) ناسراون، ئەوانیدیش مێژوویەكی نادیاریان هەیە و كەسانی مردوون و ناوەندی گۆڕستان و چوڵەوانی پێكدێنن بە (مەزار) یان (چاك) ناسراون. ئەو دووانە دوو سیمبولی شیعەن و لای ئێمەش بەهەمان شێوە سەیردەكرێن.

١٧) لێرەدا كەمتر بەلای پێوەندی حزب بەكۆمەڵی مەدەنیەوە دەچین، چونكە لەنووسینێكی

تردا لەفەزای گشتی ئەو پێوەندیە نزیك کەوتوینەتەوە، بەناوی (کۆمەڵی مەدەنی، وەهمی حزب و خەونی خێڵ) گۆڤاری (نما) ژمارە (٤).

١٨) مهزلة العقل البشري / د.علي الوردي، انتشارات الشريف الرضي، الطبعة الآولي ١٩٩٧/ ص,٩

١٩) د.علی الوردی، لە وەڵام بە نووسینەکانی (د.محیالدین اسماعیل) کە وا تێدەگات لادانی سێکسی لە کۆمەڵی عەرەبی و ئیسلامیەکان زیاتر نیە لە کۆمەڵەکانی تر، بۆچوونێکە بەلای (الوردی) لەوبڕوایەدا نییە سۆسیۆلۆژیستەکان هاوڕابن لەگەڵیدا، بۆ زیاتر شارەزابوون بەو باسە، بڕوانە: اسگورە الأدب الرفیع/ د.علی الوردی/ دار کوفان (لندن) الگبعە الپانیە/١٩٩٤، ص,٧٥

٢٠) مهزلة العقل البشري/ د.علي الوردي، انتشارات الشريف الرضي، الطبعة الآولي ١٩٩٧/ ص ٢٦.

٢١) وێنای ژن لەنێو ئاماژە زمانەوانیەکاندا (گفتوگۆ لەگەڵ نیهاد جامی) دواندنی (تریفە عەلی) رۆژنامەی رێوان، ژمارە (٥٠) ١٦/٥/٢٠٠٢/ل,٢



٢٢) وعاظ السلاطين/ د.علي الوردي/ دار كوفان (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٥/ ص,١٩

٢٣) هەمان سەرچاوە / ص,٢٠

٢٤) هەمان سەرچاوە / ص ,١٢١

٢٥) الفكر التنويري والعقلاني الحديث بين ديكارت وباشلار/ هاشم صالح، نزوي/ العدد (٣٢) اكتوبر ٢٠٠٢

٢٦) بۆ نموونە ئەگەر ئاماژەکردن بۆ کەسێکی سووك پێی وترابێت (حیزی پردێ) پێوەندی بەناوی کۆنی ئەو شارە هەیە کە پێشتر پێیوتراوە (ئاڵتون کۆپری) و ئەو رەفتارەش ئاماژەکردنە بۆ ئەو دیاردەیە کە پاشماوەی عوسمانیەکانە.

٢٧) دراسة في طبيعة المجتمع العراقي/ د.علي الوردي انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) الطبعة الثانية ١٩٩٨/ ص ,٣٢٨

٢٨) هەریەك لەو نمونانەی بەعسیزم کە لە هۆکارە جیاوازەکانیەوە قسەناکەین، پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە نووسینێکی تردا بەناوی (هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر و خوڵقاندنی چەمك) لەسەر هەریەك لەو هۆکارانە قسەمان کردووە. کە

بڕیاروایە لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری (ئەنفال) بڵاوبکرێتەوە.

٢٩) خوارق اللاشعور/ د.علي الوردي/ دار الوراق (لندن) الطبعة الثانية ١٩٩٦/ ص,٢٢٥

٣٠) دیارە ئەگەر هەندێك خەسڵەتی گشتی هەبێت کۆمەڵگای کوردیی و کۆمەڵی عەرەبی عێراقی کۆبکاتەوە، کە ئەویش یەکێك لە هۆکارەکان لەسەرەتای ئەو لێکۆڵینەوەیە دەستنیشانمان کرد، پێوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبێت، کە بەشێك بووە لەو دەوڵەتە، ئەوا بوونی ئەو دوو ویژدانە یەکێکە لە خەسڵەتە هاوبەشەکان.

٣١) وتەیەکی میللی باو لەناو کۆمەڵی عێراقیو لەناو کوردیشدا باوە دەڵێ (ئەگەر پیاو –ساقت– بوو دەبێ بە پۆلیس) وشەی (ساقت) مانای فاشل و شکستخواردوو دەگەیەنێ لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، بۆیە ئەگەر جەندرمەی عوسمانی خاوەن کولتووریی هەتیوبازیو نێرسالاریی بێت، ئەوا پۆلیس لەسەردەمی بەعس ئەو کولتورە نوێدەکاتەوە.

# ئارەزووی بەعسیزم و
# فەرامۆشکردنی قوربانی

دوان لە ناو دەقی کوردی بە مەبەستی خوڵقاندنەوەی ئەو چەمکانەیە کە دەق کاری پێکردوون ، قسەکردنەوەیە لەو ڕووبەرەی نووسین کۆمەڵێك ئاماژە بەرهەم دێنێت ، ئەوەش دەبێتە دواندنەوەی دەق ، بۆیە کاتێ دەمانەوێ لە ناو دەقەکانی ( بەختیار عەلی) لە پرۆژەی مەرگدۆستی بدوێین.

نامانەوێ ئەو میکانیزمە فەلسەفیە لە دەق خاڵی بکەینەوە، کە خوێندنەوەی فەلسەفی بەرهەم دێنێت، بۆیە لە خوێندنەوەی بۆ ئەنفال چەندە لە ڕووکەشدا لەو پۆلینەی (سەمیر ئەمین) دەچێت، کە بەعس دەبێ بە (سێنتەر) و کورد (پەراوێز)، بەڵام ئەو ڕووکەشە دەبێ بە ڕەخنەگرتن لە سێنتەر.

هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر ، ئەوەش بە مانا (دریدا) ییەکەی هەڵوەشاندنەوەی سێنترالیزمی لۆگۆسیە، هێنانەوەی ئەو چەمکە بۆ خوێندنەوەی ئەنفال گەیشتنە دەرەنجامی فەلسەفیە.دەرەنجامێك لەخوێندنەوەی (بەختیار) ەوە بەرهەم هاتووە، بە دوای خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ ئەزموونی بەعسیزم و ناسینی ئەنفال وەك ڕووداوێك کە پێوەندی بە بەعسناسیەوە هەیە، دیارە بۆ مەسەلەی



خولقاندنەوەی چەمکیش پێویستە ئاماژە بە (جیل دۆلۆز) بدەین، ئەو فەیلەسووفەی لە ئەنجامی پرسیاری (فەلسەفەچیە) توانی بگاتە ئەو وەڵامەی کە خولقاندنەوەی چەمکە.

ئەگەر لەو وەڵامەوە سەیری هەردوو چەمکی (ئارەزوو) و (خەون) بکەین دەبینین دوو چەمکی فەلسەفین لای فەیلەسوفی ناسراو (سیمگۆند فرۆید)، ئارەزوو ئەو چەمکەیە لای فرۆید کە (ئۆدیب) ئارەزووی کوشتنی باوك دەکات و ئارەزووی لە سێکس کردنە لەگەڵ دایك، (بەختیار عەلی) لە خوێندنەوەی بۆ ئەنفال لای بەعس، ئارەزوو دەکاتە ئەو چەمکەی کەسی بەعسی ئارەزووی کوشتن بکات، بە دوای کوشتنیش ئارەزووی سێکس بۆ کەسی بەعسی ئازاد دەبێ " بەعسی ئەو پیاوەیە کە بۆ کوشتن و سێکس کردن ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتی و یاساییەی لەسەر نییە کە لەسەر هاوولاتیانی دیکەیە ، ئاهەنگەکانیش تەعبیرن لەو ئازادیە ، تەعبیرن لەو گەشە سێکسیەی کە بەعسیبوون دەیبەخشێت " [١]

ئەو ئیشکردنە لە ناو چەمکی (ئارەزوو) سەپاندنی دەرەنجامی تیۆرێك نییە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە

خۆی لە ئیشکالیەتی ئەو تیۆرە بە دوور دەگرێت، بەڵکو ئەو چەمکە خاڵی دەکاتەوە لە هەموو ئەو مانا فرۆیدییانە، وەك چەمکێکی سەربەخۆ کە پێوەندی نەمابێت بە هیچ دەقێکی ترەوە، چەمکێك تەنیا بیەوێ دەروازە کردنی بۆ ناو جیهان ئیشکردن بێت.
لەو غەریزەی کوشتنەی کە بەعس هەڵگریەتی، هەڵگرتنێك کە لە ناو دوو زەمەنی جیاواز سەر هەڵدەدات، زەمەنی یەکەم.. زەمەنی بەعسە، زەمەنێکە ئارەزووی کوشتن بەرهەم دێنێت، زەمەنی دووەمیش زەمەنی بێدەنگی کۆمەڵگای کوردیە، زەمەنێکە دەبێتە خولقێنەری ئارەزووی فەرامۆشکردن، وەك چۆن هێنانەوەی خەون وەك چەمکێکی فەلسەفی، کە بارگاوی دەکات بە دەلالەتی فەلسەفی جیاوازەوە، ئەوەش خولقاندنەوەی چەمکە.
بۆ ئەوەی توانی ئەو داهێنەرەمان لە ناو تراژیدیای ئەنفال ببینین، کە چۆن ئەنفال لە ئێستادا لەگەڵماندا دەژییێت، هەوڵ دەدەین لە نێو دوو زەمەن و ئاستی یەکتر تەواو کەر لەو پرۆژە مەرگدۆستیە بدوێین کە بە تەنیا لە ناو ئەنفالدا کۆ نابێتەوە، بەڵکو پێوەندی بە دۆرانی پاکێتی و شکستی



خەونی ناسیۆنالیزم و ئەو دۆخەی کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە کە پرسە بەرهەم دێنێت، پرسەش ڕەگێکی قوڵی لە ناو کلتوری ئێمەدا هەیە، بۆ ئەوەش سەرەتا جەخت دەکەینە سەر ناسینی بەعس و دواتر خوێندنەوەی ئەنفال وەك ڕووداوێك کە لە ئێستادا ئامادە بوونی هەیە، بۆیە جیاوازی ڕوانینی بەختیار بۆ ئەنفال لە دەقی (لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن) دەست پێدەکات، بەوەی خوێندنەوەیەکی جیاوازمان پێدەبەخشێت، خوێندنەوەیەك پێوەندی نیە بە هیچ دەرەنجام و خوێندنەوەیەکی تر، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی کوردیە بۆ ئەنفال.
خوێندنەوەیەك لە ڕێگەی خولقاندنی (ئارەزوو) وەك چەمکی فەلسەفی سەیری ڕووداوەکە دەکات، بۆیە سەرەتا هەوڵ دەدەین لەپێوەندی نێوان (کوشتنی ئیرادە و ئارەزووی فەرامۆشکردن) بدوێین.

## کوشتنی ئیرادە و ئارەزووی فەرامۆشکردن

کوشتنی ئیرادە چیە؟ لەکوێ هەست دەکەین ئیرادەی نەتەوەیی دەدۆڕێنین؟ پرسیارکردن لە کوشتنی ئیرادە پرسیارێکە پێوەندی بە دەرکردنی

بەشێکی دیاری کۆمەڵگا هەیە بەو رابردووەی کەبەشوێن دەیبەستێتەوە، دەرکردن لە شوێن، جیاکردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگایە لەکلتورێك کە ڕابردووی ئێمەی لەسەر دروست بووە، دەرکردنی شوێنە لە ناو یادەوەری ئێمە، ئەوەش کوشتنی ئیرادەیە، ئەو کاتەی هەست دەکەین ئیرادەی کورد بوونمان کەوتۆتە بەر هەرەشەی دۆڕان، بۆیە خوێندنەوەمان بۆ ئەنفال دەبێ گەڕانەوە بێت بۆ ناو ئەو سیستەمەی کە سێنتەری رووداو بەرهەم دێنێت، بەبێ ناسینی سێنتەر توانای رووداومان نابێت، بەڵکو پرسیار دەبەینە نێوکایە مێژوویی و چەمکە مۆدێرنەکان، ئەوەش ترسە لە دەرەنجامێکی قوولێ کە رووداوەکە لە دەست ئێمە دەربچێت، ئەوەش وایکردووە لە یەك ڕەهەندی دەست نیشان کراو سەیری ئەنفال بکەین، ئەو سەیرکردنە ڕێگەی نەداوە ئەو سێنتەرە بناسین کە بەعسە.

بەعس وەك سێنتەرێکی سەربەخۆ دوور لە هەر کایەیەکی تر، بۆ ئەوەی بگەین بە دەرەنجامێکی نوێ کە پێوەندی بە عەقلیەتی بەعسەوە هەبێت، عەقلیەتێك نەمانباتەوە ناو چاوگە جیاوازەکانی تر .



بەعسیزم ئەزموونێکی سەربەخۆیە، ئەزموونێکە ئەنفال لە هەناوی خۆیدا بەرهەم دێنێت، بۆیە کاتێ (بەختیار) دەیەوێ بەعسیزم وەك زانستێك سەیر بکات پێوەندی بەو کلتورەوەیە کە بەعس هەڵگریەتی، کلتوری ئارەزووکردن لە کوشتن، ئەوەش دەبێ بە سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی جیاواز، خوێندنەوەیەك هەڵوەستە بەو ڕووداوە بکات و چیتر وەك ڕووداوێکی تا کرەهەندانە سەیری نەکەین، بەڵکو بەبێ ناسینی بەعسیزم قسەکردن کارێکی بێمانایە، چونکە ناکرێ لە ئەنفال قسە بکەین، لە کاتێکدا توانای ناسینی ئەو عەقڵیەتەمان نەبێت کە ئەنفال دەخوڵقێنێت.

بۆیە تێگەیشتن لە ئەنفال نابێ جیابکرێتەوە لە تێگەیشتن لە بەعس، خەوشێك کە لە ناو زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی ئەنفال کراون دەردەکەون، کە پێوەندی بە گەڕانەوەی ئەنفالە بۆ ناو دەقێکی ترەوە، لە کاتێکدا ئەو ڕووداوە لە ناو دەقی بەعسەوە بەرهەم هاتووە، بۆیە لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەقە تەنیا لە ڕێگەی رەخنە گرتن لە عەقلیەتی بەعسەوە دەتوانین رووە نەبینراوەکەی بونیادی

**رووداو ببینین، لە پاڵ ئەوەدا ئەنفال وەك دەقێك کە دێتە ناو نووسین.**

**گێڕانەوە لە ئاستی گوتراو دەگۆڕێت بە نووسین، بە واتای نووسین دەیەوێ ڕووداو بکات بە دەقێك، لێرەوە بەعس سەیرکردن وەك زانستێك، ئاماژەیە بۆ دەقی بەعس.**

**بۆیە خوێندنەوەی ئەنفال لەسەر تێگەیشتن لە بەعس وەستاوە، تێگەیشتن لە بەعسیش تێگەیشتنە لە سیستمێکی ئایدیۆلۆژی کە لە ساتە وەختی ڕووداوەکە دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبات، کلتورێکی خوێناوی دەکات بە پاڵ پشت بۆ وێنەکانی، بەعسیزم ئەزموونێك نییە لە بۆشاییەوە هاتبێت بەڵکو ئەزموونێکە لە هەناوی دەسەڵاتەکانی رابردووی عێراقەوە هاتۆتەوە "بەعسیەکان هەمان گروهی زەندیق خۆرەکانن بە (قەپاڵ) کە (موعتەسەم) لە دەرباری خۆیدا خزمەتی دەکردن، بەڵام لەسەر زەمینەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی نوێ و پر چەکتر بە ئەزموونی سایکۆلۆژی، پر چەکتر بە ئەزموونی دەستگایەکی تەکنیکی و تەکنۆکراتیەیەکی سەربازی، هەر ئەوان بون ئەم دەوڵەتی ترس و جەللادانەیان خوڵقاند"** [٢]



**بەڵام ئەوە مانای وا نیە لە گەڕانەوە بۆ بەعس بگەڕێینەوە بۆ (موعتەسەم) چونکە لە دواجاردا بەعس ئەزموونێکی خوێناویی دەوڵەمەند دەخوڵقێنێ کەئەزموونی تایبەت بە خۆی بێت، ئەزموونێك دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەوسی ساڵەی تەمەنی، لەو تەمەنەی کە کۆماری ترسی خوڵقاند، بۆیە لەو کۆمارەدا تارماییەکانی ترس کۆمەڵێك وێنەی تۆقێنەر لە ناو یادەوەری ئێمە دەخوڵقێنن.**

**کاتێ دەیالۆگ دەکەین دەمانەوێ تارماییەکانی لە یادەوەری کوردی دەرکەینە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ کۆتایی دەیالۆگەکان ترس بۆمان دەگەڕێتەوە، ئەو ترسەش مەترسی گەڕانەوە و مەگدۆستی بەعس بووە لەسەر کۆمەڵگای کوردی.**

**کە هەر کاتێ دەیالۆگ لە نێوانمان نەماو جارێکی تر نیاز خراپی ئەو تارماییە دەردەکەوێتەوە، فەزای ترس لە یادەوەریماندا جێگیر دەکاتەوە و ڕێگەنادات بەبێ ترس هەڵکەین و ببینە کۆمەڵگایەك کە نەترسین.**

**بۆیە ئێمە دەکرێینە خاوەن شوناسی (کۆمەڵگای تۆقێنراو) کە هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك بەسەرماندا تاقیدەکاتەوە، بە مانای بەعس بە**

دەسەڵاتێکی زەبر و زەنگەوە ڕووبەڕووی ئێمە بۆتەوە، کە هەر بەو دەسەڵاتەش ڕووبەڕووی سەرجەم خەڵکی عێراق دەبێتەوە، وا لە (کەنعان کەمییە) دەکات بە (کۆماری ترس) ناوی ببات.

ئەو کۆمارەش بەعس لە خۆراپێی ناگات، بەڵکو لە ئەنجامی کارکردنەوەیەتی لەسەر کلتورێکی خوێناوی کە لە مێژووی عێراقدا ترس بەرهەم دێنێتەوە، بۆیە بەعس مێژووی خوێن ناسڕێتەوە، بەڵکو بە میکانیزمی تازەتر دەیگەڕێنێتەوە، کوشتنی (حەسەن و حوسەین) بۆ بەعس کلتورێکە، لەو چیرۆکەوە وێنەی ترس و مەرگ دۆستیمان لا گەورەتر دەکات، نەك بیرمان بباتەوە، وەك لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دا ئەو حەقیقەتەمان لا رەها دەکات بەوەی "ئەوانەی دەمرن لە پێناوی ترساندنی ئەوانەدا دەمرن کە دەژین و ئەوانەی کە دەژین لە ترسێکی ئەو تۆدا دەژین کە ناکرێت لە چارەنوسێکی مردووەکان بپرسن، بێگومان ئەم شێوەیەش لە فەرمان ڕەوایی کردن، بە کۆتایی هاتنی مرۆڤ و پووکانەوەی هەمووماناکانی دوای دەهات" [٣]



بۆیە ئێمە لەبەردەم تاوانەکانی بەعسدا دەبێ بپرسین: کە ئایا دەتوانین (صدام) و (بەعس) لە یەکتری جیابکەینەوە؟ یاخود بەعس بۆ خۆی ڕۆڵی دامەزراو دەبینێ بۆ خوڵقاندنی سەرۆك؟

دیارە پەیوەندی (صدام و بەعس) لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی هاوبەش ڕێککەوتوون کە دیسپلین کردنی دەوڵەتە، کەواتە سەرۆك لە عێراقدا تاکە تاوانبار نییە، بەڵکو حزب هاوبەشە لە تاوانەکانی، چونکە ئەوە بەعسە سەرکردەی دروست کردووە، لەسەر بیروڕاکانی عەفلەقی دامەزرێنەری حزب، بە واتای کاتێ دەوڵەت لە عێراقدا دەبێ بە دامەزراوێکی سیخوڕی هۆکارەکەی باڵا دەستی بەعسە[٤] . ئەو باڵا دەستیە وا دەکات حورمەت بۆ هیچ ڕێککەوتنێك نەمێنێ، ئەوە پرۆتۆکۆلی ستراتیژی نیە بەعس دەیبەستێ، بەڵکو پرۆتۆکۆلی خوێن رشتن و فێڵ کردنە بۆ درێژە دان بە دەسەڵات
.

چونکە بەعس لە ڕێگەی دەسخەڕۆدانی نەوەی نوێ دەپەرێتەوە نێو ماڵەکان، بەوەش شێوەی سیخوری بەسەر ئەندامەکانی خێزان دروست دەکات، لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە دەیەوێ منالأن لە

یەکەم وانەی خوێندن ناوی سەرکردە ودامەزرێنەری حزب و دروشم و ئامانجەکانی بەعسیان پێ ئەزبەر بکات.

ئەوەش بەعس دەستپێشخەری تیا دەکات، بەلاّم دواجار پێوەندی بەو بێدەنگیەی کۆمەڵگای عێراقیەوە هەیە، ئەو بێدەنگیەی سروشتی ئاهەنگی لایان دروست کردووە، هەر ئەو سروشتەشە (کۆماری ترس) دەخولقێنێ، ئەو کۆمارەی هەر لە یەکەم رۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقەوە ئەو میللەتە بێدەنگی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە ترسی مەرگ بە شایی و هەلهەلە رووبەرووی دەسەلاّتی مەگدۆستی دەبێتەوە.

وەك کاتێ سوپاکەی (بەکر سدقی) سێ هەزار ئاسوری گوللەباران دەکات، ئەو میللەتە گوڵبارانی ئەو سوپایە دەکات، ئەوەش دەبێتە کاری بەردەوامی ئەو سوپایە، مادامەکی کۆمەڵگا نەتوانێ نارەزایەتی لە ئاستیا دەربڕێت.

بۆیە بێدەنگی ئەو کۆمەڵگایە رێگە خۆشکەرە بۆخوڵقاندنی فەزای ترس، ئەو زەمینە خۆشکردنە بۆ ترس وا لە بەعس دەکات کە هەموو چەمکەکان بەرە و مانای تر بەرێت، بۆ ئەوەش وەهم دەکات بە



مانایەك، کەفرە رەهەندی بە چەمکەکان دەبەخشێت، بەوەی (دوژمن) جیا لەوەی هەیە (وەهمی دوژمن) یش دروست دەکرێت.

بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە باشتر دەسەلاّت بە خۆی ببەخشێت، دەسەلاّتێك لەگەڵ دروشم و ووتارەکانی بەعس سەرجەم کۆمەڵگای عێراقی بەشداری بکات، وەك کاتێ لە ١٩٦٩( ئەحمە حەسەن بەکر) "روو دەکاتە جەماوەرێکی زۆر و دەپرسێت : چی لە سیخورەکان بکەین؟ هەزارەها بە یەك دەنگ دەقیژێنن مردن بۆ سیخورەکان! هەڵیانواسن! هەر ئێستا و بە پەلە هەموو سیخورەکان هەڵواسن" (٥)

بۆیە لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران، ئێران جگە لەوەی بە دوژمن سەیر دەکرێ، وێنەیەکی وەهمیشی پێ دەدرێت (خیر الله گفاح) لە کتێبێکدا لەگەڵ مێش و یەهودی بەو سێ بوونەوەرە سەیریان دەکات، کە نەدەبوو یەزدان دروستیان بکات، ئەوەش گەورەکردنی وێنەی دوژمنە لە هزری عێراقیەکاندا، کە وێنەیەکی بە وەهم کراوە زیاد لەوەی کە هەیە، وێنەی ڕاستەقینەی بەرامبەر دەشێوێنێت وەك چۆن (صدام) یش لە سەرکردەیەکی دیکتاتۆرەوە وێنەکەی بەرە و

ئەفسانەیەك نیشان دەدرێت، بۆیە ئەوەی دڵسۆز نەبێت بۆ ئەو سەرکردە ئەفسانەیە شوناسی عێراقی بوون دەدۆڕێنێت، بەعس ئەو مافە زەوت دەکات و تەنیا بە وانەی دەدات کە دڵسۆزی خۆیان بۆ سەرۆك دەردەخەن.

بۆیە تۆ بۆ ئەوەی شوناسی هاوڵاتیەکی عێراقی وەربگریت، دەبێ دڵسۆزی خۆت بۆ سەرکردە و بەعس نیشان بدەیت، چ لە ڕێگەی سامان بەخشین یاخود خوێن بەخشین بۆ پاراستنی بەعس، دیارە بەعس پێویستی بە سامانی هاوڵاتیان نیە، بەڵام مەبەست لەو کارە دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوەی هەتە هی منە، هەر کاتێ ویستم دەیبەمەوە ئەوەش خولْقاندنی گیانی ستایشکردنی بەعسە لە ناوەوەی هاوڵاتیاندا .

دەیەوێ پێمان بڵێ تۆ خاوەنی هیچ شتێك نیت نە خشڵ و زێر نە خوێنی خۆت، هەموو ئەوانەی هەتە موڵکی بەعسە، دیاری بەعسە دراوەتە تۆ، زەوتکردنی ژیان لە عێراقی هەشتاکاندا پێوەندی بەو دۆخە نیە کە عێراق تێی دەکەوێت.

چونکە عێراق سەرباری شەری هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بەلأم بە یەکێك لە وولاَتە دەوڵەمەندەکان سەیر



دەکرا، بە هۆی بازرگانی کردن و ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، بەلأم ئەوەی وایدەکرد هاوڵاتیان سامانیان بە بەعس ببەخشن، پێوەندی بەو دیدە بەعسیزمەوە هەیە، کە کورد بوون دەبێ سنورێکی دەست نیشان کراوی هەبێ ، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ووتەکەی (میشیل عفلەق) ئەوەی بە کورد دەدرێت "جۆرێکە لە ئۆتۆنۆمی" (٦)

بۆ ئەوەی گەمەکردن بە سنوری ئەو مافەی پێمان دەدا بە ویستی خۆی دەست نیشانی بکات ، ئەگەر "عەفلەق" ئەوەی لە ١٩٦٩ وت، بەلأم لە ئەنفالدا ئەو حەقیقەتە بەعسیە دەرکەوتەوە، سنوری ئۆتۆنۆمی بوونی کورد جارێکی تر تەسکتر دەکرێتەوە، سەپاندنی ئایدۆلۆژیای بەعس هەموو ڕەهەندەکانی ژیان دەگرێتەوە.

شەممە یەکەم رۆژی هەفتە و یەکەم وانەی خوێندن لە قوتابخانەکان دەبێ (منهاج پقافی) بەعس بخوێندرێت، تەنانەت لە کارکردنی حزبە کارتۆنیەکانیشدا، چونکە هیچ کارێکی پێیان نامێنێ، تەنها ئاهەنگ گێرانی یادی بەعس و ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبونی سەرۆك نەبێت.

مانەوە لە کورد بوون بەرە و (عێراقی بوون) دەچێت، ستراتیژی بەعس هەرگیز گۆران لە بونیادەکانی کارکردنی ناکرێت، بەڵکو تیۆرەکان هێندە پیرۆزن، ئەگەر لە قۆناغێکیش نەتوانرا پراکتیزە بکرێت، بەڵام دەکرێ وەك ستراتیژ وپرۆژەی ئایندەیی سەیر بکرێت، ئەوەی (عەفلەق) ناویدەنێ کوردەکانی عێراق کەمایەتیەکی کەمن و بەشی زۆریان لە وولاتانی تری عەرەبی و تورکیا و ئێرانن، دیدێکی ستراتیژیە، بە دوای بیست ساڵ ئەوسا بەعس دەتوانێ ئەو دیدە بسەپێنێ، بەوەی سیما کلتوریەکانی کوردی، جگە لە پاشخانێکی کلتوری عێراقی هیچی ترنین.

سەلماندنی مێژووی هاوبەش ئەو دیدگا عەفلەقیە لەو کاتەدا زیاتر دەچەسپێ، کە بە دوای ئەنفالەکان (صدام حسین) بە جلی کوردیەوە دێتە هاوینە هەوارەکان، لەوەدا (سەلاحەدینی ئەیوبی) دەبێتە پاڵەوانێکی عێراقی، کە پارێزگاری لە ئاین و شوناس و کەسێتی عێراقی دەکات نەك کوردی، هەر داکۆکی کردنێك لەو جۆرە کەسانەش تەنیا بەرهەم هێنانەوەی وێنەی بەعسە.



وەك چۆن دەکرێت لە داهاتوودا زۆڵێك هەبێت بوونی دیکتاتۆر بە جلی کوردیەوە ببەستێتەوە، بە بڕوا بوونی دیکتاتۆر بە ئازادییەوە، لێرەوە کورد بوون توانەوەیە لە ناو عێراقی بوون، مێژووی ئێمە بە پەراوێز کردنە لە ناو عێراقدا.

مەبەست لەو مێژووەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراقەوە زۆربەی لە کورد و شیعە پێکهاتبوون، بەڵام دواتر بەعس بە هۆی دروست کردنی قەسابخانە و فەزای ئیرهاب و ترس و کوشتن لە ژێر ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڤێنیانەی کە دژی هەموو بیروباوەڕێکی خۆرئاوا دەبێتەوە و دەیەوێ لە شێوەی پێغەمبەرێك دەردەکەوێت، بۆ ئەوەش پشت بە کلتوری عەرەب دەبەستێ و شارستانیەتی خۆرئاوا رەتدەکاتەوە.

"لای عەفلەق فیکری رۆژئاوایی نەوەك بە تەنها عەقڵی عەرەبی داگیر دەکات، بەڵکو بە تەواوەتی زەمین و ئاسمانیشی لێزەوت دەکات، لای (عەفلەق) رۆژئاوا بەهەرەشە رۆشنبیری و فەرهەنگیەکانی دەناسرێتەوە، نەوەك بە هەڕەشە سیاسی و ئابوریەکانی، لێرەوە پاراستنی رۆحی عەرەبی لە عەقلی رۆژئاوایی یەکێکە لە کارە ستراتیژیەکانی

بەعس، بەعس کۆمەڵگایەکی عەرەبی داخراوی لە
کۆمەڵگایەکی نوێی ڕۆژئاوای لا چاکترە" [٧]

ئەوەش وای لە خەڵکی عێراق کردووە کۆمەڵگایەکی داخراو بێت و پێوەندی بە دەرەوەی خۆی نەبێت، بەڵکو لە ناو ئەو سنورە جوگرافییە پێوەندییەکان داخراو بن و بەعس کۆنترۆڵی ئیرادەی مرۆڤەکان دەکات ، هەر ئەوەش ئەنفال دەکاتە کلتورێك بۆ بەعس.

کلتورێك کە چەندە پێوەندی بە ئایدیۆلۆژیایەك هەیە، هێندەش قسەکردنەوەیە لە گریمانە ئەخلاقییەکان، خوێندنەوەی (بەختیار عەلی) بۆ ئەنفال ڕوانینێکی مێژووی نییە، هێندەی دوانە لە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ پاشەڕۆژ ، چونکە بەبێ خوێندنەوەی ئەنفال و تێپەڕین بەناو ئەو ڕووداوە ناتوانین لە پرۆژەیەکی سیاسی بۆ پاشەڕۆژ قسە بکەین، ئەوەش سەیرکردنی بەعسە وەك زانستێك.

بەعسناسی ئەو زانستەی کە دەبێ سی ساڵی دوایی ئەو ڕژێمە لەگەڵ قۆناغەکانی تر تێکەڵ نەکەین، بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی جیاوازەوە بخوێنرێتەوە پێویستە ئەو سی ساڵەی حکومی بەعس لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە بخوێنینەوە، هەموو ئەو



خوێندنەوانەی کە ئەو تەمەنە لەگەڵ قۆناغەکانی تر تێکەڵ دەکەن، دەیانەوێ لە بەعسیزم رابکەن و خوازیاری ئەوەش نین تایبەتمەندیەتەکانی بەعس بناسن.

بۆ ئەوەی لەو مێژووە خوێناوییە ڕانەکەین پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی بەعسیناسیانەیە، بەبێ ئەو خوێندنەوەیە قسەکردن لە پاشەڕۆژ، قسەکردنە لە لاوانەوە بەسەر برینەکانی نەتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی "بزربوونی بەعسناسی تەنها مایەی بزربوونی (ئەنفالناسی) نییە، بەڵکو هۆیەکی گەورەی تێکچوون و شپرزە بوونی پەیوەندی ئێمەیە بە کۆی جیهانەوە، چونکە ئەم بزر بوونە ئاوێنەی نووشوستی هەوڵەکانی قوربانییە بۆ دەرچوون لەبازنەکانی جەللاد، هەر وەك چۆن ئاوێنەی بێتوانای قوربانیشە لە دەربازبوون لە تەونەکانی ئەو" [٨]

بە مانای ئەوەی وون بوونی ئەو زانستە چەندین خاڵی نێگەتیفی لەسەر ئێمە دەبێت، کە تا ئەو ساتە وەختەش ئەو مەترسیە لە نەبوونی زانستێك بۆ خوێندنەوەی کلتوری بەعس مەترسیەکە و بەبێ قسەکردن لەو مەترسیە پرۆژەی سیاسی بۆ

پاشەرۆژ دەخەینە روو، بۆیە لێرەوە ئاشت بوونەوە لەگەڵ بەعس دەبێ بە خەونێك كە حزبی كوردی لە بێتوانای خۆیەوە دەیویست لەگەڵ بەعس گفتوگۆ بكات.

ئەو دەیالۆگە لەسەر بنەمای ناسینی بەعس نەبوو، بەڵكو دەیالۆگ بوو لەنێوان دوو هێزی ناكۆك، دوو هێزدان بەوە نانێت گفتوگۆی نێوان (جەللاد و قوربانیە) بەڵكو بۆ بەعس دەیالۆگە لەنێوان (دەوڵەت و یاخی بوو)، ئەوەش لە بنەماوە بۆ تێنەگەیشتن لە بەعس دەگەڕێتەوە، تا لە بەعسیش نەگەین، تێگەیشتن لە ئەنفال تێگەیشتنێكی ناتەواوە، چونكە ناتوانین ئەو دەسەڵاتە بخوێنینەوە كە بە تاوانەكە هەڵساوە.

كاتێ نەمانەوێ لە بەعسناسی نزیك ببینەوە، پێوەندی بەو ڕووبەرە تەسكە هەیە كە دەمانەوێ بەعسی تیا سەیر بكەین، بەو ڕووبەرەش سەیری ئەنفال دەكەین، ئەو ڕووبەرەی دەبێتە جوغزێك كە نەتوانین لە كۆی ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونیانە نزیك بكەوینەوە، بۆیە هەموو ئەو خوێندنەوانە تاكڕەهەند دەكەونە، كە لە بری هەر دوو چەمكی (بەعسناسی و ئەنفالناسی)



دەیانەوێ ئەنفال بە پرۆژەی ناسیۆنالیزم و گەرانەوە بۆ ئیسلام ناو ببەن.

تەنانەت ئەو خوێندنەوانەی وەك بەرهەمی مۆدێرنە ناوی دەبەن، ناتوانن بگەن بە مانای جەوهەری بۆ ئەنفال، چونكە چەندە ئەو تاوانە پێوەندی هەبێ بە پرۆژەیەكی ئاینی یا ناسیۆنالیستی یا مۆدێرنیزەكردنی دەسەڵات، بەڵام لە جەوهەردا سەیركردنێكە لە بەعسەوە دەستی پێنەكردووە، بەڵكو لە تیۆرێكی ترەوە هاتۆتە ناو ئەنفال، بەلای (بەختیار) بۆ ئەوەی لە ئەنفال بدوێین دەبێ بەعس بناسین.

ئەوەش بەو مانایەی كە ناسینی بەعس بەو تێگەیشتنەی "بەعس وەكو كۆمەڵێك ڕووداو و دیاردە و دەركەوتە و ڕەفتار ببینین و لێگەڕێین ئەو ڕووداو دیاردانە قسەو بەڵگە نەوویستی خۆیان بدركێنن و خۆیان ئاشكراكەن، نەوەكو هەوڵبدەین پێش وەخت هەندێ زاراوە و چەمك دابەزێنین و ڕووداوەكان لەسەر رۆشنایی ئەو چەمك و زاراوانە تەفسیر بكەین" (٩)

كەوابێ دەبێ لە ڕەفتارەكان ئەوانەی پێ هەڵدەستێ سەیری ڕووداوەكان بكەین، ئەوەی ئەو

شوناسە بە بەعس دەبەخشێت رەفتاری خۆیەتی، سەپاندنی هەر جۆرە چەمك و زاراوەیەك بەر لە سەیرکردنی رووداوەکە وامان لێ دەکات لە بەعسناسی نەگەین.

بەعس پێوەندی بە مۆد و توێژێکی دیاری کراوی کۆمەڵگای عێراقیەوە نییە، ئەو خوێندنەوە مارکسیەی دەیەوێ بەعس بە نمونەی سەرمایەداری سەیر بکات، جۆرێکە لە خورافات، چونکە بەعس بۆرژوازی گۆریووە بۆ گەمەکردن و بەرجەستە کردنی دەسەڵات، ئەوەش هەرگیز ئەو مانایە ناگەیەنێ کە بەعس بە دژی گەشەکردنی بۆرژوازی دەوەستێتەوە، بەڵکو ڕێگەی گەشەسەندنیشی دەدات، بەڵام نایەڵێ لە هەناوی بەعس بێتە دەرەوە و ببنە گروپی ئابووری سەربەخۆ، بەڵکو لە هەناوی خۆیدا دەیهێڵێتەوە، چونکە بونیادێك دروست نابێت کە ببێ بە زەمینە بۆ ئازاد بوونی بۆرژوازی عێراقی.

ئەو لە بنەرەتدا بەربەست دروست دەکات نایەڵێ بۆرژوازی عێراقی ببێ بە خاوەن ووشیاری، لەو کاتەشدا دەکەوینە بەردەم دوو چەمکی فەلسەفی ئەوانیش (گوتراو / ئارەزوو) گوتراو چەمکێکە



خوێندنەوەی بەرەو یەك ئاستی ڕووداو بردووە، ئەوەش وایکردووە، حەقیقەت ببێتە شوبهاندنی بە ڕووداوێکی نێو مێژوو، ئەوەش خوێندنەوە نەبووە بۆ ئەنفال، بەڵکو تەئویلێك بووە بۆ نزیککردنەوەی ئەنفال لە ڕووداوێك کە تووشی پرسیاری هەنووکەییمان نەکات، بەڵکو لە ناو پرسیاری ئامادە دەرەنجامێك بۆ رووداوەکە دەدۆزینەوە.

بۆیە گوتراو ئەو چەمکەیەکە پێوەندی بەکزی توانای خوێندنەوە هەیە لە پشت (گوتراو) حەقیقەتی شاردنەوە دەردەکەوێت.

ئەگەر فرۆیدیانە قسەبکەین دەڵێین لە پشت زەللەی نووسین حەقیقەت شاردراوەتەوە، بۆیە کاتێ (بەختیار) ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات، کە گوتراو توانای ناسینی نییە ئەگەر لە بەعس تێنەگەین، ئەو تێگەیشتنەی ڕێگەی ئەوەمان بۆ دەکاتەوە کە ئەنفال بناسین، بەڵام هێشتا کەسانێك هەن دەیانەوێ لە ڕێگەی گوتراو بەرەو جۆرێك لە دەسخەرۆدانمان بەرن، بەوەی کەس توانای نیە لە ئەنفال قسە بکات، تەنیا گێڕانەوەی ئەنفال کراوەکان نەبێت.

**بە قسەی ئەو جۆرە کەسانە بێت دەبێ لە ئەنفال بێدەنگ بین، تا ئەو ساتەی قوربانیانی ئەنفال دێنەوە ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە، جاری گومان لەوە ناکەم ئەو قسەیە هاوسۆزانی بەعس ئەوانەی ستایشی ئەنفالیان کرد، هەر خۆیان دەزانن بۆچی ئەو قسە بێمانایە دەکەن، ئەوە سەرەرای ئەوەی لە پشت ئەو گوتراوە حەقیقەتی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە زەللەی نووسین ناتوانێ ئەو مانا شاراوەیە وون بکات کە (بەختیار عەلی) لە شکست هێنان بە چەمکی گوتراو توانیویەتی خوێندنەوە بۆ ناسین بگەیەنێتە نێو ڕوانینی ڕووداو لە ڕێگەی چەمکی (ئارەزوو) .**

**پێوەندی ئارەزوو بە بەعسەوە چیە؟ ئەو چەمکە بە دوای تێگەیشتن لە بەعسەوە هاتووە، یا بە مانایەکی تر لە ناو خوێندنەوەی تیۆری بەعسیزمەوە سەری هەڵداوە، ئارەزووکردنی بەعسە لە کوشتن کە درێژە دانە بە کلتورێکی خوێناوی کۆمەڵگای عێراقیەوە، فەرمانرەوایی بەعسە کوشتن دەکاتە ستراتیژێك بۆ ئارەزوو، بەعسیش سەرۆکی دەوڵەت دەکات بەو سیمبولە.**



**بە واتای (صدام حسین) دەبێ بە ڕەمزێك بۆ بەعس و بەعسیش بۆ سەرتاپای کۆمەڵگا، ئەوەش بۆ قۆرخ کردنی هەر کردارێکە کە لە ئارەزوی بەعسی وەرگرتووە "ئارەزووی بوون بەدروستکەری یەکەمی هەموو گۆرانکاریەکان و بەرووداوسازی مەزن"** (١٠) .

**بۆیە سەرۆك لە عێراقدا دەبێ بە سێنتەری دەسەڵات، کە دواجار ئەو سێنتەرە لە ناو بەعسدا ڕەگێکی کۆنکرێتی قایم دەکات، هەموو دەزگا و ناوەندەکان جگە لە دەسەڵاتی بەعس شتێکی دی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو دامەزراوەکان دەبنەوە وێنەی هەمان دەسەڵات نەك دەسەڵاتی خۆیان، میدیاکان و زانکۆ و کەرتی تایبەت لە دواجاردا لە بڕی ئەوەی ببنە خاوەن دەسەڵاتی خۆیان، ئەو دەسەڵاتە دەبێتەوە بە دەسەڵاتی بەعس، کە بەختیار ناویدەنێ گۆرینی (کایەی دەسەڵات) بۆ (کایەی سێبەر).**

**کاتێ دەسەڵات دەگۆردرێ بە سێبەر، ئەو کاتە دامەزراوەکان نین کە ئەکتیڤن، بەڵکو بەعسی بوونە، لەسەر بنەمای بەعسی بوون ئەو ڕۆڵە بە کارگێری نێو دامەزراوەکان دەدرێت، ئەو ساتە دامەزراوەکان لە بڕی وەزیفەی خۆیان وەزیفەیەکی تر وەردەگرن**

وەزیفەی بەعسی بوون، ئەوەش وا دەكات دامەزراو لە (كایەی دەسەلاَت) بۆ (كایەی سێبەر) بگۆردرێت.
ئەوەش تەنیا بلاَوكردنەوەی دیدێكی بەعسی بوون نییە، بەڵكو (كایەی سێبەر) بە مانای ئامادەكردنی كەس بۆ بەرژەوەندی بەعس، زانكۆ دەبێتە شوێنێك بۆ ئامادەكردنی سەرباز، ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن دەبنە كەناڵێك بۆ ئامادەبوونی گۆڕانەكانی بەعس " لەم جۆرە كەش و هەوایەشدا نەوەك كایە كۆ مەلاَیەتییە جیاوازەكان ئیفلیج دەبن، بەڵكو نواندنی هەر چالاكیەكی ئازاد دەبێتە كارێكی ئەستەم" [١١] .
چونكە لە بنەماوە دامەزراوەكان خاوەن دەسەلاَتێك نین كە دەنگیان هەبێت، بەڵكو سێبەری بەعسن، بە سێبەر بوونیش دۆخێكی ئیفلیج بۆ كۆمەڵگا دەخولقێنێت، لەسەر ئەو ڕاستییەی كە دامەزراوەكان توانای ڕۆڵێكی ئەو تۆیان نییە لە بەرامبەر پڕۆژەكانی بەعسدا، ئەوە سەرۆكە بیر دەكاتەوە و قسە دەكات "إذا قال صدام قال العراق و إذا قال العراق و قال صدام"
گوتراو یەكێكە، ئەوەی سەرۆك دەیڵێت گوتراوێكە بۆ ناو سەرجەم كایەكان، عێراق لە بنەرەتدا هیچ ناڵێت، تا سەرۆك بڕوای پێ بهێنێت، بەڵكو ئەوەی



قسە دەكات سەرۆكە، قسەكردنی سەرۆكیش بۆ ناو سەرجەم كایە كۆمەڵایەتیەكانە، كایەكان بە ئاستێك نزم دەبنەوە، تا ناوەندە بەعسیەكان بگەنە ئاستی بالاَ، لەوەشدا بەختیار دەیەوێ شوناسێكی تر بە (سەرۆك و بەعس) ببەخشێت، ئەو تێگەیشتنەی پێی وابوو تەنیا لە ڕێگەی كوشتنەوە ئەو دەسەلاَتە دەگۆڕێت، ئەوە بێتوانایی تێگەیشتنە لە بەعس.
چونكە تێگەیشتن لە بەعس لەسەیركردن لە دڕەندەیی نەهاتووە، بەڵكو لەو بونیادەی كە دڕەندەیی بەرهەم دێنێت، ئەو بونیادە دڕەندەییەی لای هەر بەعسییەك لە دامەزراوێك بوونی هەیە، ئەوەش خەونی بوونە (صدام) بوون نییە، بەڵكو (صدام) كەسێكە كەس شایەنی ئەوەی نیە بگاتە ئاستی "بەعس دەیەوێت سەركردە بچوكەكانی خوارەوە، هەرگیز جورئەتی خۆشوبهاندنیان نەبێت بە صدام" [١٢] .
چونكە صدام سەنتەرێكە ئەوە بەختەوەری بۆ عێراق دێنێت، تەنانەت سەركەوتنی هەر كەسانێكی نێو دامەزراوە ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتیەكان پێوەندی بە ئاستی لێهاتووی ئەو كەسە نیە، ئەوە سەنتەرە لێهاتووە، بۆیە كاتێ ڕەخنەش ئاراستەی

ئەو سێنتەرە دەكەین كە لە (صدام) ەوە دەپەڕێتەوە بۆ (بەعس) نابێ (كلتوری بەعس) و ئەنفال لە یەكتری جیابكەینەوە، چونكە رەخنە گرتن لەو كلتورە رەخنە گرتنە لەو عەقڵەی لە چارەكە سەدەیەكدا ئارەزووی كوشتن دەكات.

ئارەزوویەك كە جەنگ لەگەڵ (ئێران) بەرپا دەكات، هەمان (ئارەزوو) شە ئەنفال دروست دەكات، بۆیە ڕەخنەگرتن لەو عەقلە شتێ نیە پێی بووترێت، عەقڵ چۆن ئارەزوو دەكات ئاوا نەخشەی زهنیەت دروست دەكات، بەڵكو ئارەزووی كوشتنە نەخشە بۆ عەقڵ دەكێشێت، لەوەشدا بەعس نەمریی لەعەقڵ وەردەگرێتەوە، ئەو نەمرییە دەدات بەئەنفال، چونكە بەلایەوە ئەوە نەمریی نییە كەبیركردنەوەی عەقلانی دەگەینێت بە بەختەوەری، بەختەوەری بەعس لە كوشتنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەنفالیش سەپاندنی دەسەڵاتێكە بە ڕووی ئەوانەدا دەوەستێتەوە كە لە دەرەوەی ئینتیمای بەعس بوو بن .

كاتێ فانتازیای ترس و كوشتن لای بەعس لە سنوری جوگرافیای عێراق نەمێنێتەوە و بەرەو دەرەوەی ئەو سنورەش بڕوات ، ئەو كاتە جیهان



چاوپۆشی ناكات ، بەڵكو هەڵوێست وەردەگرێت لە بەرامبەر فانتازیای كوشتن ، بۆیە ئەوەی لەجەنگی دووەمی كەنداو روو دەدات پێوەندی نییە بەپێشێل كاری مافی مرۆڤ و هێرش كردنە سەر دەوڵەتێكی بچوك، بەڵكو مەترسی لای هاوپەیمانان دروست دەكات، هەرگیز ژمارەی قوربانیانی هەر دوو جەنگەكەی بەعس زیاتر نییە لەقوربانیانی كارەساتەكانی ناوەوەی عێراق، كە بەعس كردوویەتی بە قەسابخانە، لێرەوە هاوپەیمانان لەخەمی تراژیدیاكانی مرۆڤایەتیدا نەبوون، بەڵكو گەمەیەك كە بەبەعس ڕەوابینراوە گەمەیەكە دەبێ لەناو خۆیدا بیكات نەك لەدەرەوە، بەلای (بەختیار) ەوە ئەوە مۆدێرنەیە بەرپرسیارە لەو فراوان بوونی فانتازیایە، چونكە مۆدێرنەیە ئەو فانتازیا سیاسییەی بۆ دەخولقێنێ، كە سوپایەكی گەورەو دەولەتێكی نوێی پێدەدات، مۆدێرنەیە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بەعس لەناو ماڵەكانمان ڕەگ دادەكوتێت و ناچارمان دەكات ئەو ترسە لەناوماندا چەكەرە بكاتەوە ، هەستكردن بەجەبە رووتی بەعس و بچووككردنەوەی ئێمەیە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە ، بۆیە ماهیەتێك كە بەعس لە تەلەفزیۆنی

وەرگرێتەوە و وەزیفەیەكی تری پێدەبەخشێ ئەویش لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە كۆنترۆڵی ویست و خەون و عەقڵی مرۆڤی ئەو كۆمەڵگایە دەكات ، كە پێوەندی هەیە بەو بێتواناییەی دەوڵەت ، كە كاتێ بەعس دەسەڵات دەگرێتە دەست ، بۆیە دەیەوێ لەگەڵ هاتنی ئەو .. مێژووی مرۆڤی عێراقی دەست پێ بكات، ئەوەش لەسەر سڕینەوەی قۆناغەكانی پێش خۆیەتی، بۆ ئەوەی هەمووان ئینتیمای بۆ بكەن، ئینتیما نەكردن هەستكردنە بە مانەوەی ڕووبەرێك كە نەهاتۆتە ناو سیستەم ، سیستەمێك ئەوانەی بەو عەقلیەتە نامۆن دەبێ شوێنە واریان نەمێنێت ، ئەنفال گەشاوەترین نمونەی ئەو ستراتیژەیە كە بەعس پەیرەوی دەكات، چونكە لە بنەماوە ترسە لە گەڕانەوەی سستی بۆ دەوڵەت "بەعس كە دەبێتە فەرمانڕەوا، دەزانێت كە پێویستە جۆرە دەوڵەتێكی دیكە دروست بكات ، بۆ ئەوەی دەوڵەتێكی دیكەش دروست بكات دەبێت دەزگاكانی بە هەموو لایەكدا گەشە بكات، دەبێت دەزگاكانی پەلبكێشنە ناو هەموو كونج و كەلەبەرەكانی ژیانەوە ، دەبێت هەموو هاوولاتیەك



بە سەدەها داوی جۆراو جۆر و گرێی كوشندەوە بە دەوڵەتەوە گرێبدرێنەوە" [١٣] .

باشترین ئینتیماش راكێشانی هەزارەها لاوە بۆ ڕێزی سوپا و كردنیان بە سەرباز ، بوونە سەربازی تەنیا زەوتكردنی ئیرادەی ئەوانە نیە كە لەناو سوپادان، بەڵكو زەوت كردنی ئیرادەی ئەوانەشە كە لە دەرەوەی سوپادان ، بوونە سەربازی چوونە ڕێزی سوپایەكە ، كە ژیان لەوانیدیش تاڵ دەكات ، ئەو سوپایەی كە بە ڕووداوی ئەنفال هەڵدەستێت ، چەندە ئەنفالكردنی قوربانیەكانە ، بە قەد قوربانیەكانیش سەرباز قوربانیەكی ترە كە لە بنەماوە خۆی بە بكەر دەزانێت ، بۆیە لە ئەنفالدا جیاوازیەك نییە لە نێوان (پێشمەرگە و جاش) یەكەمیان دەكەوێتە بەر شالاوی ئەنفال، ئەویتریش بەشداری دەكات لە ئەنفالكردن، بۆیە ستراتیژێك كە ئەنفالكردنی هەردووكیانە كوشتنی ئیرادەیە، ئەگەر جەستەی دووەم بمێنێتە ئەوە جەستەیەكی بەعسیە ، خاڵی كراوە لە كورد بوون ، جەستەی ئەو بووە بە سێبەر ، وەك جەستەی ئەو هەزاران سەربازەی نەك هەر دەبنە سێبەر ، بەڵكو سێبەرێكی دڕندەن ، چونكە سەرباز لە ڕوانگەی بەعسەوە، ئەوە نییە لە

پێناو ئازادی دەجەنگیّ، بەڵکو ئەو کائینەیە دەبیّ لە پێناو بەعسدا "تا دوا ئەندازە سادییانە رەفتار بکات و تا دوا ئەندازەش ماسۆشییانە بژی، تا دوا پلە لە مەترسیدا بژی، واتە نابێت هەستی ئەخلاقییانەی بەرامبەر ژیانی کەسانی تر و بەرامبەر بەچارەنووسی خۆی هەبێت" (١٤) .

ئەو ئارە زووە بۆ کۆکردنەوەی سەرباز ، لای بەختیار ئارەزوویەکی نائاساییە کە بە دووری دەکاتەوە لەعەقڵ، چونکە سەربازبوون ئارەزوویەکە بوکوشتن، لێرەدا کوشتن لە نیوان (بکوژ و کوژراو) گرنگیەکی ئەو تۆی نییە، کە هەڵسایت بەکوشتنی دوژمنی بەعس قارەمانیت، بۆ ئەوەی ناوی قارەمانیش نەدۆڕێنیت دەبیّ بکوژرێی ، بۆیە ئارەزووی کوشتن ، ئارەزووی مەگدۆستییە بۆ ناونانی ئەو مرۆڤە لە ناو فەزای قارەمانێتی ، تۆ کە دەکوژێت میدالیای شەرەفی ئازایەتی دەخەیتە سەر شانت ، شەرەفی پاراستنی بەعس، کە کوژراشی شەهیدی بەعسی، شەهیدێك کە لە هەموومان پیرۆزترە ، ئەو کاتە میدالیای ئازایەتی لە شانی تۆوە دەچێتە شانی براکەت یا کوڕەکەت ، ئەوەش بۆ ئەو مەبەستەیە کە ئەندامی تری ئەو خێزانە ببنە



قوربانی تر بۆ بەعس ، تاوەکو وەك براکەی یا وەك باوکی لە پێناو بەعس دا بکوژرێت ، ئەو نووسینەی (بەختیار عەلی) بە تەنیا خوێندنەوەیەکی جیاواز نییە بۆ ئەنفال ، بەڵکو لە ناو ئەو جیاوازییەوە، رەخنەیە لە لێکۆڵینەوەکانی تر، کە خۆیان لەخوێندنەوەی عەقلیەتی بەعس دزیوەتەوە ، بۆیە ئەنفال بە ململانێی ناسیۆنالیزم ناودەبەن ، یان بۆ کۆتایی شەڕی عێراق و ئێران دەیگەڕێننەوە بەشی زۆری رۆشنبیرانش بۆ ئیسلام دەیگەڕێننەوە ، سەرباری هەندێك سیما کە بەعس شەرعیەت بەو کارەی دەدات بۆ ئەنجامدانی ، بەلاّم بە لای (بەختیار) ەوە ئەو کارە "گواستنەوەی گوناهەکانی بەعسە بۆ ملی ئاین کەمن پێموایە لە جەوهەردا ئاین خۆی یەکێکە لە قوربانیەکانی بەعسە" (١٥) .

لێرەوە گومانی بەختیار دەست پێدەکات ، گومانێك پێمان دەڵیّ دەبیّ گومان بکەین نەك تووڕە بین ...گریان و توورە بوون توانای کەشف کردنی ماناکانیان نییە ، ئەوە گومانە لەو زەمینە کۆمەلاّیەتیەی کە دەبێتە رێگەدان بە بەعس کە ئەنفال بخولقێنێت ، گومان رێگە نادات لە خوێندنەوەی رووداو دەمامکەکان هەر لە شوێنی

خۆیان بن ، با رووداوێکی مێژوویش بێت ، بەڵام لە گەڕانەوە بۆ ئەو مێژووە دەبێ توانای ئەوەمان هەبێت ئەو دەمامکانە فڕێبدەین و سیمای راستەقینە بناسین ، ئەوەش بۆ گوناهبارکردنی (رابردوو) و (کۆمەڵگا) یە ، کە هەردووکیان بە یەکەوە دەبنە هۆی خولقاندنی قەسابخانە ، کاتێ کۆمەڵگا لە تەك ئەو رابردووە قەسابخانە دروست دەکەن ، دەبێ ئەو چەمکەش تێکبشکێنین و مانایەکی تری پێبدەین کە جەنگ لە پێناو مانەوەی ئەو بێت لە دەست بەرامبەر ، بۆیە ئەو دەنگەی لە ئەمرۆدا دەیەوێ پێمان بڵێت ئەنفال کارێك بوو لە دەستی بەعس دەرچوو ، لە ناخدا ئەو دەنگە دەیەوێ لە ئەنفال خۆشبێت ، ئەوەش وەرگرتنەوەی وێنەی دڕندەیی و بەتاڵ کردنەوەی ئارەزووی کوشتنە لە بەعس ، ستایشکردنیەتی بۆ رەگ داکوتانی زیاتری خوێن ، کە ئەوەش پێوەندی بە تێگەیشتنە لە بەعسەوە ، بەعسیش کە هەڵگری ئارەزووی کوشتنە ئارەزووێك لە خۆشنوودی ئەو هاتووە بۆ مردنی ئەوانیتر ، هەستکردنە بە سەرکەوتنی ئەو ستراتیژەی کە بۆ ئارەزوو هەیەتی ، دڵنیابوون لەوەی ئارەزووی کوشتن ئارەزووی



شکۆمەندی دەسەڵاتە ، ساتەوەختی ئەنفال ساتەوەختی سەرکەوتنی جەنگی هەشت ساڵەیەتی ، گەشانەوەی پێوەندی دبلۆماسی و پەرەپێدانی ئاستی روناکبیریە ، شاعیرێکی گەورەی وەك (نزار قبانی) دەکەوێتە ستایشکردنی ئەو سەرکەوتنە و لە (مەربەد) ی شیعریدا دەڵێت "بە خۆشەویستەکەم بڵێن لە بەغدا با ببێ بە بەغدایی / وا فارسەکان کۆچیان کرد وشادی و خۆشی گەڕایەوە" لەولایەش ژنە شاعیری کویتی (د.سعاد صباح) ناوی قەسیدەیەکی دەنێ "خودەیەکی سەربازی عێراقیم بدەرێ هەزار شیعرت پێ ئەدەم" خودەی سەربازی عێراقی دەبێتە سیمبولێك بۆ پیرۆزی ، کاتێ دوو ساڵ نابێت ئەو سەربازە وولاتەکەی داگیر دەکات و لە پرسیارێکی رۆژنامە نووسی لە بارەی ئاخۆ ئێستا هەڵوێستی گۆراوە پاساوی ئەو خانمە شاعیرە ئەوەیە "کە ئەو نەگۆراوە ، بەڵکو ئەوە سەربازی عێراقییە گۆڕاوە" بۆ ئەوەی لە بابەتەکە دوور نەکەوینەوە ، دەگەڕێینەوە سەر مەبەستی خۆمان ، کە دیارە ئەو دوو نمونەیە بۆ ئەوە بوو ، کە ئەو دۆخە بۆ بەعس دۆخێکی هەستکردنە بە سەرکەوتن ، بەوەی ئارەزووی کوشتن بەختەوەری

مسۆگەر دەكات ، ئەو ئارەزووە دەگاتە چلە پۆپە و ئەو مەترسییەی لە سالآنی جەنگ لە كورد هەیبوو ، لە ڕێگەی ئەنفالەوە شكست بەو ترسەی دێنێت ، هەستكردن بە سەركەوتن لە جەنگ ، بە دوای ئەنفالەوە دڵنیا بوونە لە ئاهەنگی سەركەوتنی یەكجارەكی ، چونكە ئەنفال ئاهەنگێكە بۆ ئارەزوو "تێركردنی ئارەزووی كوشتنە ، ئارەزوویەك كە ساڵەهای ساڵە لە ناو خوێن و دەماری مرۆڤە سادەكانی عێراقدا گەورە كراوە ، هەموو تێركردنێكی ئارەزووش ، لە جیهانی بەعسدا لە شێوەی ئاهەنگدا دەشكێتەوە" (١٦)

بەلآم ئارەزوو چەمكێكە كاتێ لە بەرەكانی جەنگدا سەربازە عێراقییەكان هەوڵی راكردن دەدەن ، لە ریزی ئەو سوپایە و لەشكرێك سەربازی ڕاكردوو خۆیان لە كونجێكی ماڵ حەشار دەدەن ، ئەو كاتە ئارەزووی كوشتن لای بەعس ، ئارەزوویەكە نەچۆتە ناوەوەی جەستەی سەربازانەوە ، ئەوەش بۆ خۆی شكستێكە كە ئەو گرێیە لای بەعس قوڵتر دەكاتەوە بەعس لەوە تێدەگات كە كوشتن ئەو ئارەزووەی بەعس كردوویەتی بە مەبەستی پتەوكردنی دەسەڵات ، ئارەزوویەكە نەیتوانیووە بیپەڕێنێتەوە



نێو گیانی عێراقییەكان ، نەك هەر لەبەر ئەوەی غەریزەی ژیان لە ئارەزووی كوشتن گەورەتر بوو ، بەڵكو كوشتن ئەو ئارەزووەی دەیەوێ جوگرافیای عێراق بكات بە جوگرافیای مەرگدۆستی ، دیدێكی فاشییانەی شكست خواردووە ، ئەوەش ئەو ڕاستییە كە (علی حسن المجید) دانی پیا دەنێت ، كە بەعس ویستویەتی لە ڕێگەی ئەنفالەوە كورد لە كەركوك نەهێڵێت ، كەچی دانیشتوانی كورد ژمارەیان زیاتر بووە لەوەی كەمتر بێتەوە ، بەختیار لە ڕێگەی چەمكی (ئارەزووی كوشتن) كۆتایی بە خوێندنەوەی ئەنفال ناهێنێت ، چونكە بە لایەوە ئەنفال لە ئێستادا دەژییێت ، بۆ ئەوەش ئارەزوو لە زەمەنی كوشتنی بەعسەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشكردن لە لایان دەسەڵاتی كوردییەوە ، دەسەڵاتی كوردی لە ڕێگەی حزبەكان و كۆمەڵگا ئەنفالیان فەرامۆش كردووە، ئەوەش بە تەنیا فەرامۆشكردنی قوربانییەكانی ئەو رووداوە نییە ، بەڵكو فەرامۆش كردنی ئەنفال وەك ڕووداوێكی رابردوو كە بە وەهمی گەشبینی خۆمان دەسخەرۆ داوە ، راپەرین بووە ئەو بیانووەی كە گەشبینی بەخشیە سیاسی كورد ، سیاسییەكانیش

ئەو وەهمەیان لە ناو کۆمەڵگا کۆنکرێت ڕێژ کرد ، ئەوەش بووە سەرەتایەك بۆ دۆڕاندنی راپەرین ، چونکە راپەڕین نەیتوانی پرسیار لە ئەنفال و هەموو تراژیدیاکانی تر بکات ، کە بەعس خستیە جەستەی ئێمەوە ، بەوەش راپەڕین زمانی وەسفی دۆڕاند ، راپەڕین کاتێ گەشبینی کردە پرۆژەی ئێمە ، بەو گەشبینیە چەمکی ئارەزووی کوشتنی بەعسی کرد بە ئارەزووی فەرامۆشکردن ، کە ئەوەش مەبەستێکی سەرەکی بەعسە ، کاتێ حزبی کوردی ئەنفال فەرامۆش دەکات و کۆمەڵگاش بەشدار دەبێت لەو فەرامۆش کردنە ، ئەوە زەمینەیەك بۆ دۆخێکی بەعسی بوون دەخولقێنێت ، مەبەست لەو دۆخە ئەو مۆرالە بەعسییە کە ئارەزووی کوشتن لە ناو هێزە سیاسیەکان بەرز رادەگرێت ، حزبی بوون گەڕانەوەیە بۆ ئەو مۆرالەی کە لە پێشوودا ئامادەگی هەبوو ، بە تایبەت لە رەفتاری حزبە بالا دەستەکان ، کە ئەوەش پێوەندی بە ئارەزووی فەرامۆشکردن هەیە ، چونکە فەرامۆشکردن دەبێتەوە جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ ئارەزووی کوشتن با نمونەیەك لە شەڕی حزبەکان بێنینەوە کە چۆن ئارەزووی کوشتن ئارەزوویەکە لە پاڵ مەرگ بوار بۆ



سێکس دەکاتەوە ، کە لە بنەڕەتدا ئەخلاقێکی خوازراوی بەعسە ، لاقەکردن (اغتصاب) ئەو چەکە بەعسییەی بەرامبەر خێزانی کورد پەیڕەو کراوە .

لاقەکردن یەکێکە لە دیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگای سەرکوت کراودا کە مرۆڤ پەنای دەباتە بەر ، بە هۆی هێرش کردنە سەر ئەندامەکانی لەشی مێینە بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەی نێرینەیی ، بۆیە دەبێ لەوە دڵنیابین کە ئەو کردەیە پرۆسەیەکی سێکسی بەرهەمدێنێ ، یاخود هێرش کردنە بۆ سەر کۆمەڵگا ؟ دیارە لاقەکردن پێوەندی بە هەردوو ڕوویانەوە هەیە ، چونکە لە کۆمەڵگایەکی سەرکوتکراودا کە هەموو جولاْنەوەیەکی سێکسی حەرامکراو بێت ، مرۆڤ لە هەر دەرفەتێك هەوڵی لاقە کردنی جەستەی مێینە دەدات ، بە هۆی ئەو هەموو گرێ ناخیانەی خود تووشی نەخۆش بوونی کردووە ، کە هەر ئەو گرێیانەش لە ساتی نەبوونی بوار بۆ لاقەکردنی مێینە ، ئەوا پەنا دەباتە بەر منالْ ، کە ئەوەش لە ساتە وەختی جەنگ و بێئاگایی خێزان لە ئەندامەکانی منالْ دەکەوێتە بەردەم ئەو هەرەڕەشەیە بە هۆی دەسخەرۆدانی ، یاخود بە ناردنە سەرکار لەلایان خێزانەکانیانەوە بۆ بژێوی مالْ ، منالی

کورد لە جەنگی (ئێران و عێراق) بە هۆی شەڕ و ڕۆیشتنی باوکەکانیان بۆ بەرەی جەنگێکی کاولکاری ، تووشی ئەو هەڕەشەیە دەبوونەوە ، بۆیە لە زۆربەی کات دایك نەیدەتوانی یا نەدەپرژایە سەر منداڵەکەی لە کۆڵان و شوێنە گشتییەکاندا ، یاخود لە زۆرینەی جاردا دایك بۆ خۆی دەکەوتە بەر ئەو هەڕەشەیە لەلایان جاش و پیاوانی ئاسایشی دەوڵەت ، لەو کاتەدا ئەوەی پیاوانی دەوڵەت ئەنجامیان دەدا ، پێوەندی نەبوو بە غەریزەی سێکسییەوە ، هێندەی دەیانویست سووکایەتی بە کەرامەتی کەسی کوردیەوە بکەن ، بەو ناوەی پیاوەکەی لە جەنگدا پارێزگاری لە دەسەڵاتی ئەو دەکات و ژنەکەشی دەخەنە ژێر ئەشکەنجەدانی جەستەیی ، تا بەو کارە هەست بە بچووکی خۆمان بکەین و دان بە زەبروزەنگی بەعس بێنین ، ئەوەش بڕیارێکی هەڵچووی ئەندامی دەزگا ئاسایشەکانی دەوڵەت نییە ، بەڵکو دەزگای ئاسایش بە پلانێکی داڕێژراو کاری بۆ لاقە کردنی ژنی کوردی کردووە ، ئەوەش لە کاتی شەڕی حزبەکان پەڕیەوە نێو عەقلی حزبی کوردیەوە ، چونکە ئەندامی سێکسی پیاو لای کورد ئامرازی ئەشکەنجەدان و چەوسانەوەیە ،



ئەو کارە لە کاتی شەڕدا ، مانایەك بۆ سەرکەوتن دەدۆزێتەوە ،کە مانای غەریزەیی لێ وەردەگرێتەوە بۆ مانای تۆڵە کردنەوە ، ئەوەش کارێکە بەعس دەستپێشخەری تیاکرد و هەندێك لە حزبەکان لە دوای ڕاپەڕین دووبارەیان کردەوە ، لاقە کردن ئەگەر چی بە درێژایی مێژووی کورد بوونی هەبووە ، بەڵام فاکتەرەکانی جودا بوونەوە ، لە گوندێك بۆ تۆڵە کردنەوەی ئابڕوو پەیڕەوکراوە ، وەك چۆن بەعسییەکان بۆ سووك کردنی کەسێتی کوردی پەنایان دەبردە بەر ، حزبە کوردیەکانیش لە شەڕی ناوخۆ بۆ خەساندن و ئەتککردنی حزبی بەرامبەر پەیڕەویان کردووە ، بۆیە ئەوەی لە کۆتایی لە ناو یەك تەوەر کۆیان بکاتەوە مەسەلەی چەمکی ئابڕوو بردنە [١٧] .

بۆیە ئەو ئەخلاقە بەعسییە پێوەندی بەو گەشبینیە هەیە کە لە ڕاپەڕیندا بانگەشەی بۆ دەکرێت ، ئەو بانگەشەیەی زوو ئەنفال فەرامۆشدەکات ، بە فەرامۆشکردنی ئەنفال ، بە واتای سڕینەوەی تراژیدیا و کوشتن وەك دیاردەیەکی نۆرماڵ لە کۆمەڵگای کوردی سەیری دەکات ، ئەو کاتەی قوربانیەکان بیر دەچنەوە و گەشبین دەبین بەوەی

**دەچینە ناویەوە ، لەوێدا ئەوەی توانای گێڕانەوە لە دەست دەدات زمانە ، نەبوونی زمان دەلالەتە بۆ مردنی فیکر ، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ مانا هایدگەریەکە بۆ زمان .**

**ئەوەش لە بنەڕەتدا گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە شۆرش هەڵگری فکرێك نییە، بەقەد ئەوەی هەڵگری گوتارێکی (ئەنتی بەعسیزم)ە، ئەگەرچی بەو فەرامۆشکردنە چەمکی (ئەنتی)ش لەبەعس وەردەگرێتەوە، زمان توانای ئەوەی نیە گوزارشت لە ئەنفالبکات ، ئەگەر سنوری خۆی نەبەزێنێت، ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت هەڵسێت بە دواندنی ئەومردنە ((بگاتە خوێندنەوەی مێژووی ئەو چرکەیەی کەجەللادو قوربانی بێدەنگ بەرامبەریەکدی دەوەستن و جگە لەمردن هیچی دیکە بەیەکەوە نایانبەستێتەوە))[١٨] .**

**کاتێ زمان دەکەوێتە نێوان قوربانی و جەللاد ئەوساتە ناتوانین لەبەرامبەر دڕندەیی ئەوکارەساتە بێینەگۆ، ئەوکارەساتەی لەدواجاردا لەدەنگی دەخات، بۆیە بەزاندنی ئەو سنورە کارێکی ئەستەمە، چونکە ناتوانێ ئەوتراژیدیایە بێنێتەوە قسە، ئەوسەرە رای ئەوەی بەفەرامۆشکردنی**



**لەلایەن ئێمەوە، واتە دەمانەوێ ئەو پێوەندیەی دەکەوێتە نێوان (ئەنفال و زمان) بسرینەوە، بەسڕینەوەش ئەوە ناتوانێت لەحەقیقەتی هەر یەکێکیان تێبگەین، لێرەوە ئەوزمانەوە سفیەی کە لەڕاپەرین لە دەستی دەدین، چەندە پێوەندی بەوەهمی گەشبیی ئێمە هەیە، هێندەش پەیوەستە بەو حەقیقەتەی ئەنفال کەنابێت بەڕابردوو (کەڕووداویکیش نەبووە ڕابردوو واتە زمان ناتوانێت هەرگیز چنگ لەقولاّییەکانی گیر بکات)[١٩] .**

**بۆیە ئەنفال کەلەئێستەدا لەگەڵماندا دەژییێت، ئەو گەشبینیەی ئێستامانی پڕکردووە لەمەرگدۆستی، بەلاّم مەرگێك دانی پیانانێت، ئەوەش شکاندنی وێنەی قارەمانیەتی ئێمەیە، کە حزب لە دنیای کوردی نایەوێ دانی پیابنێت، ئەنفال گومانکردنە لە وێنەی ئەوقارەمانە، وێنەیەك کە حزب بەردەوام ئەو وێنەیەی مەبەستە بۆ ئەوەی زۆرترین بەشی کۆمەڵگا بە وەهمی قارەمان دەسخەڕۆ بدات، ئەوەش هەرگیز بەو مەبەستە نییە (( کەئەنفال بەکار بهێنین بۆ شکاندنی کەرامەتی نەتەوایەتیمان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەرامەتی نەتەوایەتی ئێمە ئەوکات لە**

بەردەم مەترسیدایە کەبەشی خۆمان لە تاوانی ئەنفال نەخەینە ئەستۆی خۆمان))[٢٠].

گومان کردن لەوێنەی قارەمان شکاندنی کەرامەتی نەتەوەیی نیە، بەڵکو ئەوە ئارەزووی فەرامۆشکردنە کێ دەبێتە هۆی شکاندنی کەرامەتی نەتەوە شکاندنێك لە بەردەم ئارەزووی کوشتن هیچ پرسیارێکمان پێنییە، بەڵکو کوشتن دەکەین بە حیکایەتی بەسەرچوو، حیکایەتێك ناتوانین بیگەڕێنینەوە ناو ئێستامان، تاوانێکە بە تەنیا لە ئەستۆی بەعسدا دەریدەخەین، بێگوناهی خۆمان لەبەرامبەر ئەو تاوانەدەردەخەین، کە لە ڕاستیدا بێگوناح نین، بەڵکو گوناهبارین بەڕادەی ئەوەی کە درۆمان لەگەڵ قوربانیەکان کردووە، ئەوەتە بە بەرچاوی خۆمانەوە ((دەبینین حیزبە کوردیەکان لە وەشەرمنترن هەتا داوای ئێستای قوربانیانی نەتەوە بکەن))[٢١].

بۆیە بەبێ ڕەخنەگرتن لەو ئێستایەی کە حزبەکان ئەنفال فەرامۆش دەکەن ناتوانین لە پاشە ڕۆژێك بدوێین، کەحزب لەسەر خەون و ێنای کردووە، ناسیۆنالیزم سەدەیەکی خوێناوی لەسەرخەون دروستکرد، سەدەیەك کە دڵنیای کردین بەرەو



کۆتایی خەون دەچین، خەونێك نەما بۆئەوەی وێنای ژیان بکەینەوە، کاتێ لەگەڵ یەکەم هەناسەی ڕاپەرین هەستمان بەبوونی فاشیزم کرد لە قوڵایی کارەکتەری قارەمانەکانمان، کارەکتەرێك بەفەرامۆشکردن ئەوەی بۆ سەلماندین کە ڕووبەڕووی جیهانێکی تر دەبینەوە کەپاکێتیمان دۆڕاندووە، بۆ ئەوەی لەو دۆڕانەش تێبگەین، پرسیار کردن لە چەمکی دۆڕان، پرسیارە لەزەمەنی شکست کە ئەو هۆکارانە چین بوونەتە دۆڕاندنی ناسیۆنالیزم، ئەوەش لە بنەماوەقسە کردنە لەسەر هەردوو چەمکی (دۆڕان) و (خەون) پرسیارەکەش دەگوازرێتەوە ئەو ئاستەی: ئەگەر پاکێتیمان دۆڕاند چۆن بڕوا بەخەونی ناسیۆنالیزم بکەین بۆ پاشەڕۆژا؟

## چەمکی دۆڕان و خەونی ناسیۆنالیزم

قسەکردن لەوتەوەرەیە کۆی ئەوقۆناغەیە کە لە دەساڵی دەسەڵاتی کوردی کۆبۆتەوە، کە خەونی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێوە کۆتایی دێت کاتێ دەگەڕێتەوە ناوشار، ئەو گەڕانەوەیەش دۆڕاندنی پاکێتیە، کاتێ پاکێتی لەدەست درا بەواتای خەون

بوونێکی نامێنێت، ئەوەش ڕۆیشتنە بەرەو سەدەیەك تیایدا خەون لەگەڵ خۆمان نابەین، نەك لەبەر ئەوەی سەدەی نوێ سەدەی زەوت کردنی خەونە لەلایەن هێزە گەورەکانەوە، ئەوەیان خاڵێکی ترە، ئەوەی ئێمە لە ناوەوە خەونمان نامێنێت باسێکی ترە کەبەهۆی شەڕی ناوخۆ خەونمان کوشت، بۆیە ناکرێ بەبێخوێندنەوەی تیۆری بۆهەریەك لە چەمکەکانی (خەون، دۆڕان، پاکێتی، فاشیزم) دەیالۆگ لەسەر سەدەی ڕابردوو بکەین، سەدەیەك چەندتێکشکانی ئێمە بوو، هێندەش بوونی ئێمەی تیا دەرکەوت، ئەوهاوارەی جیهان نەیدەویست بەگوێچکەکانی ئاشنابێت، ئیدی ئەو هاوارە.. هاواری جەستەی کوژراومان، جەستەی زەلیل لە ناوتراژیدکان، جەستەی بێ حورمەت کراومان، وایکرد لە پەراوێزی قسەکردن بمانهێننە ناودەیالۆگ، لێرەدا لەو خاڵە نادوێین کە تاچەند ناسیۆنالیزم بەو چۆنیەتی دەیالۆگە خۆشحاڵە، ناسیۆنالیزم لە هێزێك کەمتمانەی بە خۆیەتی گوازراوەتەوە بۆ جەستەیەکی بێهێز کە ئومێدی بەهێزە گەورەکانە، بەڵکو پرسیارەکەی ئێمە قسەکردن نییە لە ئێستای ناسیۆنالیزم، هێندی



گەڕانەوە بە بۆ ڕابردووی، کەسەرکەوتنەکانی لە چیدا دەرکەوت و سیماتێکشکاوەکانی کامانەن!؟ ئایاسەدەی بیستەم وەك ناسیۆنالیزم بانگەشەی بۆ کرد سەدەی هاتنەدی خەونەکانی ئێمە بوو، یاخود دەستەوەسان بوونمان لەبەرامبەر نائومێدیدا؟
سەرەتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقی (چۆن پاکێتیمان دۆڕان؟) لەو دەقەدا (بەختیار) دەیەوێ پرسیارێك بوروژێنێت، بەتەنیا پرسیارنییە لە دۆڕاندنی خەونی ناسیۆنالیزم، بەڵکو خوڵقاندنی پرسیارێکی فەلسەفیە بۆ قسەکردن لەسەدەی ڕابردوو، ئەو پرسیارە گەڕانە بەدوای شکت و نائومێدیەکان، ئومێد جگە لەوەهمێکی هەڵخەڵەتێنەر شتێکی ئەوتۆنەبوو، کەلەڕێگەی ئەو پرسیارەوە دەکەوینەبەردەم گومانکردن لە ئومێدو نائومێد دەبین لەبەرامبەریدا، پرسیار لەو دەقەدا خوڵقێنەری گومانە، گومان لەهەریەك لە (پاکێتی) و (خەون) لەو هۆکارەی کەوایکردووە پاکێتی بدۆڕێنین، چونکە پاکێتی دەگوازرێتەوە بۆ گەمەیەك کە بەتێکشکاندنی کۆمەڵگا دۆران وە دەست دەێنین، ئەو ساتەش لە کەسێکی بێگوناهەوە قسە لە گوناهبارێك دەکەین، ئەو بێگوناهەی کە بەردەوام

بەرامبەرەکەی بەرامبەری گوناهباربووە، کەچی لە ئەمرۆدا دەکەوێتەوە ناوهەمان گەمە ئەمجارەیان لەو گەمەیەدا وێنەی گوناهبار بەخۆی دەبەخشێت، بۆیە ئەو پرسیارەی بەختیار کە بووە بەناونیشانی دەق، دەیەوێ لە تاوانبارێك بدوێت کەلە ناو جەستەی کۆمەڵگایە، تاوانبارێك بەردەوام دەیەوێ بێتاوانی خۆی دەربخات، بۆیە پرسیاری دۆراندنی پاکێتی، پرسیارە لە سیمای ئەو هێزەی کە ڕووخساری تاوانەکانی خۆی نابینێت، بەڵکو تاوانەکانی خۆی بەتاوانی بەرامبەر ناودەبات ((هیچ بێ تاوانێك نییە کە بڕێکی زۆری وزەی ئەدەبی و ڕۆحی خۆی و ڕووبەرێکی گەورەی جەنگەکانی بۆ تاوانبارکردنی بەرامبەر کۆنەکاتەوە، واتەبێ تاوان تەنیا لەوساتەدا دەبێتە بێتاوان، کە نەخشەیەکی دیاری کراوی تاواندەکێشێت و شوێنی خۆیشی لەناو ئەو نەخشەیەدا دیاری دەکات))[٢٢].

کەچی بەپێچەوانەوە حزبەکان هەرگیز مەبەستیان نەبووە لەونەخشەیە شوێنی خۆیان دیار بخەن، بەڵکو حزب خۆی وەك بێ تاوانێك دەرخستووە، بێتاوانێك کە دەبێ (تۆڵە) لە تاوانبارەکانی بکاتەوە، ئەوەش پرۆسەی (خۆجوانکردنەوەیە) پرۆسەیەك لە



بڕی ڕەخنە هەوڵی خۆجوانکردن دەدات، چونکە گومانی لەوەدانییە کە ڕەخنە نایەڵێت وێنەی پاکێتی زیندوبێت، ڕەخنە پاکێتی لێ دەسەنێتەوە، ئەوەخۆجوانکردنەدەیکات بە پاکیزە،بۆیە ڕەخنە لە بەرامبەر تاوانەکان تەنیا دوژمنەکانمان سەیر ناکات، بەڵکو حزبە کوردیەکانیش بەتاوانبار دەبینێت، بۆیە ڕەخنە تێکشکاندنی ئەو عەقڵە سیاسیەکە تەنتا دوژمنەکان بە تاونبار ببینین، ڕەخنە دەیەوێ ڕوانینی خودییانەمان هەبێت بۆتاوانباری خۆمان، نەك تاوانبارەکان لە ناوخۆمان بشارینەوە ئەوعەقڵیەتە سیاسیەی حزب بە بێگوناح لەقەڵەم بدەین و تەنیا دوژمنەکانمان بەگوناهبار سەیر بکەین، بۆیە کاتێك دۆخێکی ئیفلیج فرمان بەحزب دەکات، دۆخێك ناتوانێ بەعەقلێکی نوێی بگەیەنێت، ئەوساتە دەیەوێ بۆخۆجوانکردن بەرامبەر بە گوناهباردەربخات، ئەوگەڕانەبەدوای پاکێتی لە بنەماوە دۆڕاندنی پاکێتیە، کاتێ حزب دەیەوێ لەشەری ناوخۆ خۆی بەپاك ناوببات و بەرامبەرەکەی بەگوناهبار سەیربکات، ئەوسەیرکردنەیە دڵنیامان دەکات لە دۆرانی پاکێتی، چگە لەوە ئەوەهەر حزبەکان نین

بەرامبەرەکان بەگوناهبار سەیردەکەن و بەدوای تاونبار دەگەڕێن، تاتۆڵەی پاکێتی خۆیانیان لێ بکەنەوە، ئەوەتەهەموو توێژەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەدوای تۆڵەکردنەوە دەگەڕێن، چونکە خۆیان پێ پاکیزەیەو بەرامبەرەکان بە ناشیرین و گوناهبار دەبینن، ئەوەش بۆ خۆی دۆڕاندنی پاکێتییە کاتێ دەکەوینە بەردەم چەمکی (دۆڕان) دەبێ ئەو حەقیقەتەمان لاوون نەبێت، کەچی وایکرد پاکێتی بدۆڕێنین، ئایا تەنیا هۆکارێك هەیە بۆ دۆڕاندنی پاکێتی!؟ ئایا ئەو تێگەیشتنەی بەختیار لەناو دەقێکدا بەسە بۆ ئەوەی دڵنیابین لە دۆراندنی پاکێتی!؟ یاخود دۆڕاندن پێوەندی بە خەونی ئێمە هەیە بۆ ژیان!؟ ئایا سەدەی ڕابردوو سەدەی خەون بینینی ئێمە بوو!؟ ئایا هاوکێشەی سیاسی ئێمە سەدەیەك بوو لە نێوان سەدەی خەون و سەدەی ناسیۆنالیزم!؟

وەڵامدانەوەی پرسیاری لەم چەشنە دەمانباتە قوڵایی ئەوباسە کەتەنیا هەوڵی ئەوەنەدەین، لە ناو تاکەدەقێکدا بەدوای وەڵامدا بگەڕێین، چونکە بە دڵنیاییەوە ناگەینە دەرەنجامی فەلسەفی ئەگەرنەچینە نێو ئیشکالیەتی تری ناسیۆنالیزم، کە



هەموو ژیان لەسەر خەون وێنادەکات، بۆئەوەش ئێمە لەبەردەم بیریارێکی کورد داین، هەر لەناودەقەکانی ئەویشە وبەدوای وەڵام و ماناکانی دۆران دەگەرێین. دۆران ئەوچەمکەی ئاسان نییە گوتاری سیاسی کوردی دانی پیابنێت، وەك لە تەوەری پێشو ئاماژەمان بە تراژیدیای ئەنفالدا، کە گوتاری سیاسی لە ڕاپەریندا تراژیدیا دەگۆڕێت بە گەشبینی، ئەوەش دەبێ بە هۆی ئەوەی نەتوانێ قسە لە پاشە ڕۆژێکی ڕووناك بکات، بەبێ هەڵگرتنی ئەوڕووداوەی لە دوێنێ ڕوویدا و لە ئیستادا لە گەڵمان زیندووە، ئاسان نییە پرۆژەی پاشە ڕۆژی روناکمان بوێت، ناتوانین بەبێ هەستکردن بە تراژیدیاکان چاوەڕوانی پاشەڕۆژی ڕووناك بین، ئێمە هێندەی دەمانەوێ گوناهی تراژیدیاکان لە خۆمان دووركەینەوە، هێندە مەبەستمان هەڵگرتنی نیە لە ناوخۆمان، بۆیە حەقیقەتی پاشەڕۆژ حەقیقەتێکی دەست نیشان کراونییە هێندەی خەونێکە پێشبینیەکانی ئێمە وێنای دەکەن، هەڵبەت گوتاری سیاسی کوردی هێندەیخەونی گەشبین دەبینێ، هێندەی خەون بەبەهەشتەوە دەبێنێ، تۆزقاڵێك بیر لە دۆزەخ

ناکاتەوە، لێرەدا باپاشەڕۆژ پۆلین بکەینە سەر دووبەش، تاوەکو بزانین ئەو گوتارە سیاسیە لەسەر کام پۆلین دەوەستێ و ئەو گوتارە چۆن سەیری پاشەڕۆژ دەکات ((ئەوانەی دەتوانن خەون بەپاشەڕۆژەوە ببینن و ئەوانەی ناتوانن ئەو خەونە لە سنورێکی بچووك و دیاریکراو تێبپەڕێنن))[٢٣].

ئەگەر لەوڕوانگەوە سەیر بکەین، دەڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناو گوتاری سیاسیدا خەون دەبینێت، بەڵام سنوری ئەو خەونەی دەست نیشان کراوە، ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە هێزێك بۆ بەشداری کردنی سەرتاپای کۆمەڵگابۆ ڕاپەرینی جەماوەری، کەچی خەونی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە لە بنەماوە پرۆژەیەکی نییە بۆ پاشە ڕۆژ، دەبێ چ شتێ لەوەبێماناتر بێت بەدوای تراژیدیای ئەنفال هەموو کۆمەڵگا ڕادەپەڕێت، کەچی تۆپرۆژەی ئاشت بوونەوەت هەیە، دەتەوێ بەعس مافێکت پێ بدات کە مافی ژیانە لەو ڕووبەرە جوگرافیە، ئەگەرلێرەدا ناسیۆنالیزم بڕوای وابێ کەئەو بۆیەخەونەکانی سنوردارن، چونکە خاوەن هێزنییە، ئەوە دەمەوێ ئاماژە بۆ دووهێز بکەم



(هێزی ناوەکی) و ( هێزی دەرەکی)، یەکەمیان ئەو هێزەی بەدوای شکستی ڕاپەرین لە گەڵ ناسیۆنالیزم کۆڕەوی گشتی سازدەکەن، ئەویدیش هێزی خۆرئاوایە، ئەو هێزەی تائەوساتە وەختەش ناسیۆنالیزم ئاراستەی خەونەکەی وابەستەی بەو هێزە کرد، کەچی سەرباری بوونی هێز ئەوهەر ئومێدی ملکەچ بوونیهەیە، ئەگەر لە سەدەی ڕابردوو ناسیۆنالیزم نەیتوانی خەون بەپاشەڕۆژەوە ببینێت، بەڵکو خەونی بەژیانێکی باشتر خواستووە، ئەوە لە سەدەی بیست ویەك ئەو دەکەوێتە بەرامبەر هێزێك کە خەون زەوت دەکات، ئەوەش لای (بەختیار عەلی) پرسیاری ئەوەمان لادروست دەکات، کە ((ئایا وونبونی خەون چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی نەتەوەیەك یاخود گروپێك))[٢٤].

بۆیە دەبێ ئەو پرسیارە لە ئاراستە کردن بۆ گوتاری سیاسی دابەزێنینە نێو گوتاری سۆسیۆلۆژی کوردی کە تاچەند لەوونبونی خەون دەتوانێ سیستمێك بۆ ژیان ڕێکبخاتەوە، چونکە کۆمەڵگایەکە لەئەخلاقیخێڵەوە دەرنەچووە، پێوەندی بەئەخلاقی شارەوە نیە، هەموو

قسەکردنێك لە نێوان پێوەندی ئەو کۆمەڵگایە بە مۆدێرنە تەنیا وەهمێکە بۆ دەسخەرۆدان، وەهمێك کە حزب دەیەوێ لە هزری کۆمەڵگا بیخولقێنێت، کە لەبنەماوە تێکەڵەیەکە لەنێوان ئەخلاقی خێڵ و ئەخلاقیەتی بەعس کەلەسەر پاشخانێکی خوێناویو کلتورێکی توندوتیژ بەرهەم هاتووە، نەوەکو پێوەندی هەبێت بەقبوڵ کردنی دەنگە جیاوازەکانو بونی ئەخلاقێکی مۆدێرنیزە کراوکە بەرهەمی شاربێت. بۆیە ئەو کۆمەڵگایەی لێیەوە دەدوێین، کۆمەڵگایەکە تاك سەرکوتکراوە و خەونی نییە، تاك کەلە بنەماوە خەونی نەبێت، ئیدی چۆن کۆمەڵگا خەون و ێنا دەکات، بۆیە لە گەڕانەوەمان بۆ پرسیارەکەی (بەختیار) دەبینین وونبونی خەون دەبێتە هۆی داخستنی دەرگاکان بەڕووی خۆماندا، بۆیە ئەگەر مۆدێرنە لە ناو ئێمەدا تەنیا وەهمێك بێت، وەهمێك کە دڵنیامان دەکات لەوسەدەیە خەونمان لێ زەوتکراوە، لە کاتێکدا مۆدێرنە لە خۆر ئاوادا (خەون) و (عەقڵانیەتی) ئاوێتەی یەکتری کردووە (چونکە خەون بریتیە لەو هێزەی کە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبەخشێتە کۆمەڵگا، واتەکۆی ووزە کۆمەڵایتیەکان دەتەقێنێتەوە



ویەکانگیرییەکی ناوەکی دروست دەکات، بۆیە ڕەوایە گەر بڵێین بەبێ خەون کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو بوونی نییە، بەبێ خەون هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ بەشە جیاوازەکانی خۆی کۆبکاتەوە و هیچ کەرتێکی کۆمەڵایەتی گچکە لەش شوناسی خۆی لە شوناسێکی گەورەتردا ناتوێنێتەوە، چونکە هەرخەون بزوێنەری ئەو پرۆسەییە کەتیایدا شوناسە جیاوازەکان دەبنەیەك))[٢٦].

ئێمە لە نەبوونی خەون نەمانتوانیووە هیچ ئاراستەیەك ببەخشینە کۆمەڵگا، ووزە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە لەناوەوەدا پەنگیان خواردۆتەوە، نەبوونی خەون نایەڵێ ئەو ووزەیە بتەقێتەوە. بۆیە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا وەهمێکە کە لەسەدەی ڕابردوو نەمانتوانی مۆدێرنە ببەینە ئاستەکانی ژیان، بۆیە چوونە ناو سەدەیەکی نوێ چوونە ناو سەدەیەکە بەبێ خەون، خەون بۆنەتەوەکانی وەك ئێمە بیانوویەکی باشە بۆمانەوە هەر لەوساتەی (دڵدار) دەڵێت (کەس نەڵێ کورد مردووە.. کورد زیندووە) زیندوویی بۆ کوردمانەوەیەکە دەلالەتە بۆ شوناسی نەتەوەیمان، بۆیە (( ئێمە تەنیا قەناعەتمان بەوە هەیەکە

زیندووین، نەك دەژین، كە بەكوردی قسان دەكەین و دەنوسین مەبەستمان هەر ئەوەیە بڵێین ماوین و زیندووین، هەین، جیاین، گەوهەری بوونی ئێمە كەوتۆتە دوای زیندووبوونمان، بۆماوەیەكی درێژ هەرچیت بنووسیبا، مەسەلەیەك نەبوو، گرنگ ئەوەبوو بەكوردی بنوسی و بۆ مەبەستێكی نەتەوایەتی و مەغزایەكی ڕامیاری بنوسیت))[٢٧].

تادوای كارەساتی ئەنفال، كەڕاپەرینە و گوتاری سیاسی كوردی دەیەوێ مژدەی مانەوە بە كۆمەڵگا بدات، بەڵام ئەو خەونە نەیتوانیووە بۆ ستراتیژێكی سیاسی بگوازرێتەوە كە ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت، بەڵكو خەونی ئێمە لەناو یۆتۆپیا دەرنەچووە، خەون توانی ئومێد دروست بكات، ببێ بەوهێزەی خوێندكارانی زانكۆ لە عێراقی هەشتاكان عێراقی سەرەتای جەنگ كە خۆی بەسەركەوتوو بۆ جیهان نمایش دەكرد، كەچی خوێندكاران شەقامیان كرد بە ڕووبەرێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت، بەڵام ئەو هێزە كە خەونەتوانای گۆڕینی مێژووی نەبووە، ڕەخنەگرتنیش لەوڕابردووە كە نەیتوانیووە مێژوو بگۆڕێت پێوەندی بەو ئاراستە نەتەوەییە هەیە كە تووشی شكست دێت، چونكە



ناسیۆنالیزمی كوردی بەردەوام ویستوویەتی داكۆكی لە بوونی خۆی بكات و بیپارێزێت، هەرگیز مەبەستی نەبووە گومان لەوبوونە بكات تاوەكو خەونی فراوان بوونی ئەو سنورەی هەبێت، بۆیە خەونی بۆ ژیان خەونی مانەوەیە، خەونی دنیایەكی نوێ‌نییە، هێندەی دەیەوێ مافی ژیانی پێ بدرێت، پرۆژەیەكی نییە بۆ گۆڕان، گۆڕان لە گومان و ڕەخنەگرتن و پرسیار سەرچاوە دەگرێت، گوتاری سیاسی كوردی گوتارێكە ستایش دەكات، گومانی نییە، گومان پرۆژەیەكی تەلاّقدراوی نێودنیای ئێمەیە، ئاشت بوونەوە لە گەڵ گومان، گۆرینی ئەو دیدە ستراتیژەی ناسیۆنالیزمەكە بەدوژمنی سەرەكی خۆی دەزانێت و ئامادەش نییە لە گەڵیدا ئاشت بێتەوە، بۆیە پێویستە بۆ ناسینی ناسیۆنالیزم پرسیار لە ڕابردوو بكەین، ئەو ڕابردووەی لە ماوەی سەدەیەكدا وێنەیەكی ساختەكاری بەخۆی بەخشیووە، لە ئێستادا كە ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە دەمانەوێ ئەو پەردەیە لابدەین كە لە پشتیەوە هەموو درۆكانی ناسیۆنالیزمی تیاشاردراوەتەوە، چیتر ناكرێ كۆمەڵگای كوردی بینەرێكی ئەو شانۆگەریەبێت كە

نازانێت لەپشت پەردەی ئەو شانۆیە کارگێڕانی شانۆ خەریکی چین، لە ئێستادەمانەوێ نهێنی پشت ئەو پەردەیە بزانین، چیتر ئەوانەی ئەکتەری سەرئەو شانۆیەن کەسانی موقەدەس نین، سیحری موقەدەس بوونیان بەتاربۆتەوە، موقەدەس ئەو وێنەیەبوو تاسەر لە ئێمە بشێوێنیت و پرسیارنەکەین، ناسیۆنالیزم پرسیاربە بکوژی موقەدەس دەزانێت، چونکە ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەمی پەرەسەندنی دۆخی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری نییە، بەڵکو ناسیۆنالیزمێکە لە ڕقەوە گەشەدەکات، گەشەکردنی بەندە بە توندوتیژی بەرامبەرەوە، شۆڕشی کوردی دروشمی (بەعسی بکوژە تا کورد بژی) بەرز کردەوە، ئەو دروشمەی لە ڕاپەریندا بووە زمانی هەموومان، ڕەخنەگرتن لەو دروشمە شوناسی سیخوڕی پێدەبەخشین، لە کاتێکدا دەیالۆگ کردنی خۆی لەگەڵ بەعس واپێناس نەدەکردەوە، چونکە مانەوەی ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونی خۆی، مانەوەیەك کە دواجار (مانەوەی ئێمە) دەبەستێتەوە بە کوشتنی دوژمن، بۆیە هۆکاری یەکەمی شکستەکان خودی ناسیۆنالیزم خۆیەتی، هەڵەکە بۆ نەبوونی عەقڵیەتی



ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی خاوەن عەقلانیەتێك نەبووە تاستراتیژی خۆی بزانێت، بەڵکو سۆز و ئارەزوویەکی حەماسی بووە لە کاتێکدا ((ناسیۆنالیزم تەنیا کارکردن نییە لەسەر عاتیفەو ڕەمزەکان، بەڵکو کارکردنە لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان، نزیکبوونەوەیە لە هەموو ستراکتۆرەکان و جۆرە دەستێوەردانێکی قووڵە لە هەموو ئەو بونیاد و دیدانەی کۆمەڵگا بەرهەمهێناون، ئەمەش ئەو ڕەهەندەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردی بەشێوەیەکی ئێجگار شێواو کاری لەسەر کردووە))[٢٨].

ئەوەش تێکەڵکردنی عەقڵ و ئارەزووە، ناسیۆنالیزمی کوردی نەیتوانیووە ئەو دوانەلەیەك جیابکاتەوە، بەڵکو بە ئاوێتە کردنیان زەمینەیەکی شێواوی خوڵقاندووە، تەنانەت لەسەر ئاستی پێوەندیەکانی ناوەوە و دەرەوەش کەلە ئەنجامدا لەدەرەوە دابڕاوین ئەوەش بەلای (بەختیار)ەوە ئەوەی بۆتە هۆی پچڕانی ئێمە بەدەرەوە پێوەندی بەو دەرەنجامە بێتوانایە هەیە کە لە ناوەوەدایە، کە ناتوانین ستراتیژێکی هاوبەشمان هەبێت، ئەوە دوژمنەکانمان نین نایەڵن خەونە نەتەوەییەکانی

ئێمە سنورێکی فراوانی هەبێت، بەڵکو ئێمەین خەونەکانمان چڕدەکەینەوە سەربەشێکی دیاری کراو، ئێمەین خۆمان لەبەشەکانی تر جیادەکەینەوە و ستراتیژی نەتەوەییمان هەرگیز وابەستەی بەشەکانی تر ناکەین، ئەوەش بۆ هەرسی بەکۆمەڵگا نەبوون و نەتەوە نەبوونمان دەگەرێتەوە، چونکە ناسیۆنالیزم هەوڵیداوە تەنیا لە ئاراستەی دەرەوەکاربکات، لەسەر فەرامۆشکردنی ئاراستەی ناوەوە، فەرامۆشکردنێك پەیوەستە بە شکستی ناسیۆنالیزمەوە، کە بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ نەبوونی بەنەتەوە، جگە لەوە ئەوە حزب نییە سەرچاوەی هێزەکەی ناسیۆنالیزمە، بەڵکو ناسیۆنالیزمە هێز لە حزب وەردەگرێت، بۆیە ((هەرکاتێك بۆ ناسیۆنالیزم بگەرێین دەبێت بۆ حزب بگەرێین، ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرەوەی حیزب کلتورێکی فکری و تیۆری نییە، لەدەرەوەی حیزب مێژوویەکی فیکری ڕاستەقینەی نییە))[٢٩].

بۆیە لەو کاتەدا پرۆسەی بەنەتەوە بوون و بەکۆمەڵگابوون دەگۆڕدرێتە سەر پڕۆسەی بە حزبی بوون، دیارە هەڵەیە ئەوە والێکبدەینەوە کە پڕۆسەی حزبیبوون لەوێوە پاکێتیمان



پێدەدۆرێنێت کەشەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ، بەڵکو ئەوشەڕە دوادۆڕانەکە ئێمە خۆمان لە ناویدا دەبینینەوە، بۆچەمکی دۆران دەبێ بگەرێینەوە بۆ ڕاپەرین، بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لەوقۆناغەی حزبیکوردی تیایدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، بۆئەوزمانەی کە ژێرخانە کۆنکرێتیەکەی لەوێ دروست دەکات کە دەسەڵاتێکی ڕەمزی دەخولقێنێت، دەسەڵاتیك بە چەمکە (بۆردیۆ)ییەکەی کە زمان جۆرێکە لە فاشیزم چونکە ((فاشیزم تەنها هەندێ سەربازخانە و جبەخانە نییە، بەو ئەندازەیەیی دەزگایەکی گەورە و ماشێنێکی بیرۆکراسی ڕێکخراوە کەدەسەڵات دەگرێتە دەست))[٣٠].

بەختیار دەیویست ڕاپەرین ببێ بەزەمینەیەك بۆ دونیایەکی نوێ، کەلەوێوەخوێندنەوەی ڕەخنەی کۆمەڵگای کوردی سەرهەڵبدات، بۆ ئەوەی لە ناوخۆماندا دیکتاتۆریەت نەخولقێنینەوە، هەستکردن بەو ترسەکە دیکتاتۆریەت بەرهەم دێنینەوە، هەوڵدانە بۆرەخنە گرتن لەو بونیادەی توانای ئەوەی هەیە کە زەمینە بۆدیکتاتۆریەت بخولقێنێت، چونکە ئەو بونیادە زەویەکی نەکێڵدرا

و بوو، کەلە ڕۆژانی دواتر حزب بە تەواوی ئەو ڕەخنەیە فەراموش دەکات، کە لەگەڵ یەکەم هەناسەی ڕاپەرین ئەو دەنگەی ئێمە هەست بەو مەترسییە دەکات و، وەك زەنگێك ووریامان دەکاتەوە(( لە ئێستاوە دەبێت لەبەرامبەر ڕاستییەکان بوەستین و هیچ هەقیقەتێك لە پێناو هیچ شتێکدا فەرامۆش نەکەین، چونکە هەموو بێدەنگییەك دەرگا لەسەر ئەو هێزە شاردراوە و دەسەڵاتە نەبیراوانە دەکاتەوە))[٣١].

ئەگەر سەرەتاپڕوا بەو ڕەخنەیە نەکەین و بکەوینە ستایشکرن، ئەوەش دەبێتە دۆخێك بۆ خوڵقاندنی زەمینەی ترس لە فاشیزم، بەسەر هەڵدانی شەڕی ناوخۆ تەواو ئەو وێنەی کە ترسی لای بەختیار عەلی دروست کردووە دەچەسپێت ئەوەش پێوەندی بە کارکردنی ناسیۆنالیزمەوە هەیە، بەو عەقڵانیەتەی کە پەردە پۆشکراوە بەسۆز، ڕەخنەگرتن لە سێنتەری ئەو عەقڵە، ڕەخنە گرتن نییە لە عەقڵانییەت، بەڵکو ڕەخنەیە لە وتێگەیشتنەی کە (ئارەزوو) و (عەقڵ) تێکەڵ دەکات و کۆمەڵگاش بڕوای ئەوەی پێدێنێت کە فاشیزم بەتەواوی دوورە لێمان. دیسان ئارەزوو بووە زمانی



کۆمەڵگا، ئەو زمانەی لەبەر هەڵچوونەکانمان لەبەر دروشمی (بژی هێزی پێشمەرگە..صدام نزیکی مەرگە) نەیهێشت حەقیقەتی ناسیۆنالیزم بخەینە نێو خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ دەسەڵاتەوە، نەیهێشت لەو نهێنییە تێبگەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی مەبەستی گۆڕینی واقیع نییە، بەڵکو ستراتیژی خۆی لەبەگژدا چوونەوە کۆدەکاتەوە، گۆڕینی واقیع لە هیچ کاتێك دا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، بەڵکو تەنیا داکۆکی لەوەدەکات کە هەیەتی، ئەوەش وایکردووە ناسیۆنالیزم نەتوانێ توانا و هێز بۆزمان بگەڕێنێتەوە، زمان کەبەرهەمی کلتوری نەتەوەیەو گوزارشت لە تواناکانی دەکات، زمان میکانیزمێکی چالاکی نێوعەقڵە، کە لە نێو یەك (بونیاد) داگەورەدەبن، ئەو دیدە چەندە ناتەواوە کە ناسیۆنالیزم ویستویەتی لە دەرەوەی زمانەوە گوتارێکی عەقلانی بەرهەم بێنێت، گوتارێك کەلەبنەماوە بەهەڵچوونی ئارەزوو پەردەپۆشکراوە، بۆیە خەوشێك لە ناسیۆنالیزم زۆر بە ڕوونی هەستی پێبکەین لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کەئەو ڕاستیە فەرامۆش کراوە، کەعەقڵ بووە بە بەدیلێك

لەناو زمان، ئەوە لە کاتێکدا زمان توانای ئەوەی هەیە عەقڵ دەست نیشان بکات، بۆیە بەبێ بوونی زمان عەقڵ بوونی خۆی لە دەست دەدات کە بەختیار لە ئیشکردنی لەسەر ئەنفال و کۆتاییەکانی سەدە دەگاتە تیۆ ریزەکردنی کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی فەلسەفی لە ناو زمان، بۆیە لە ڕێگەی هەردوو زاراوەی (ئارەزوو) و (خەون) زمان لە نارێکخەری رزگاردەکات و لە ناوتیۆردا دەیکات بە خاوەن سیستمێکی ڕێکخەر، کە دەست نیشانی ئاماژە زمانەوانیەکانی دەکات، ئەوەش رزگارکردنی زمانی نێو ڕووداوە لە دەست هەڕەشەی ئاخاوتن، مانای وانیە نووسین بەدوای ئاخاوتن هاتووە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە بەر لەوەی ئاخاوتن هەبێت نووسین هەبووە، مێژووی ژیاری مرۆڤ مێژووی نووسینە، نووسینە دەست نیشانی ئەو زەمەنە ژیاریە دەکات نەك ئاخاوتن، ئەوەی (بەختیار عەلی) پێی هەڵدەستێتەوە زمان لە تێگەیشتن لە نێوان مرۆڤەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ زمان، وەك میکانیزمێکیئەکتیڤ بۆ خوێندنەوەی ئاماژەکان، خوڵقاندنەوەی زمانە بۆ سیستمێکی ڕێکخەر کەتیۆری زمانەوانی و ڕەخنەیی بەرهەم دێنێت،



بەواتای ئەونووسینە بۆ ئەوەنیە زمانێك بدۆزێتەوە تا لە ڕێگەیەوە تێگەیشتنێك لە نێوان خۆمان و قوربانیەکان دروست بکەین، بەڵکو ئەو خوێندنەوەیەی زمان بۆ خولقاندنی تیۆرە، تیۆر لە ناو ڕابردووی ئێمە دەرکراوەتە دەرەوە، بەختیار دەیەوێ زەمینەیەك بۆ خوڵقاندنی تیۆر بسازێنێت، ئەوەش توانایەکی ڕەخنەیی دروست دەکات بۆ دواندنەوەی ڕابردوو، چونکە نووسین هەیمەنە کردنە سەر سێنتەری دەنگە، کە دەنگیش لە ڕێگەی ڕابردووەوە پارێزگاری لە سەدای خۆیدەکات، هەیمەنە کردنەسەر سێنتەری دەنگ، نووسین لە نێو ئەو سێنتەرەدا هەموو ئەو دەنگەی لە ئاخاوتن دەردەبڕدرێ دەگوازێتەوە بۆ نێو دامەزراوەی عەقڵ،کە عەقڵ دەبێ بە سێنتەری چالاکیەکان ئەوەش (میتافیزیکیای ئامادە) بەرهەم دێنێت، چونکە سیستمێکی دەلالی بینراوە، کە لە ئامادە نەبوونی قسەکەر ئامادەگی هەیە، ئەویش خوڵقاندنی زمانە لە ناو دەق و دواجار پرۆسەیەکە بۆ دواندنەوەی ڕووداو (دەق)، بەواتای نووسین تەنیا بوونێکی سەرمەدی بە خۆی نا بەخشێت، بەڵکو بوونی پەیوەستە بە زمانەوە، ئەوزمانەی لە

ڕێگەی ئاماژەوە دەق بەرهەم دێنێ، بۆیە ئەگەر سەیری ژیاری کۆمەڵگاکان بکەین دەبینین ئەفسانەکان سیستمێکی تایبەتی نووسینی گرتۆتە خۆی کە ئەوانیش کۆمەڵێك ئاماژەی زمانەوانین، ئەوەش مەبەست لەهەر جۆرە نووسینێکە لە چەشنی (هیرۆگلیفی) و (لۆگۆگرافیك) کەبوونەتە چیرۆکی ژیاری کۆمەڵگاکان، ئەوەش لە نێوگەڕان بە مێژووی گراماتۆلۆژیا دەمانگەیەنێ بەو حەقیقەتەی کە زمان بوونێکی ئەزەلیەو هیچ شتێ نەدەکەوێتەپێشی ونە لە دواشی شتێ توانای هەیەبێبوونی ئەو بچێتە قووڵاییەکانی گەردوون و پەی بەنهێنییە شاراوەکان ببات، ئەوەش پرسیار لە نوسین دەکات بە پرسیارێك کە بوونی پەیوەستە بە زمانەوە، دەنگە جیاوازەکان و چۆنیەتی ئاخاوتن بۆ زمان دەگەڕێتەوە، بۆیە پرسیار لەنوسین پرسیارە لەو سیستمەی کە زمان دەنووسێتەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ لە دایکبوونی زمان، بەڵام لە ناوڕێکخەرێك کە پارێزگاری لە (کۆد.. ئاماژە.. دەنگ) دەکات، هەرئەو سیستمە ڕێکخەرەشە (گوتار) بە چەمکە فەلسەفیەکەی بەرهەم دێنن، ئەو گوتارە فەلسەفیەی لە ناودەقەکانی بەختیار



دادەیبینین و سەلەفیەت دەیەوێ دەیالۆگ لەسەر ئەو گوتارە بباتە نزمترین ئاست و ناوی دزین و بەئاسایی سەیرکردن ناوی دەبات، کە لە بنەرەتدا بۆ نەبوونی توانای خوێندنەوە دەگەڕێتەوە، کە ناتوانن لە ناو دەقە فەلسەفیەکان دەیالۆگ بکەن، ئەوجیاوازیەی کەدەکەوێتە نێوان (بیرکردنەوەی بەختیار) و (گوتاری سیاسی کوردی) تاکە جیاوازیەك نییە بەڵام بۆ ئەوەی لە تەوەری قسەکردنەکەمان دەرنەچین بگەڕێینەوە سەر ناونیشانی تەوەرەکە ئەوجیاوازیە لە چەمکی (دۆران) دەست نیشان دەکەم، کە لە دیدگای فکری (بەختیار)ە وەدەگەینە ئەو قەناعەتەی دۆرانی پاکێتی پێوەندی ڕاستەوخۆی نییە بەشەڕی حزبەکانەوە، بەڵکو چەندە بۆ ئەو خۆشباوەرییەی حزب دەیهێنێت دەگەڕێتەوە، هێندەش پێوەندی بەتێنەگەیشتنی کۆمەڵگا هەیە لە دیکتاتۆریەت، کە مەرج نییە تەنیا وەك دەسەڵاتێکی تۆقێنەر دەرکەوێت، بەڵکو مەترسی دەسەڵاتی ڕەمزی زۆرترسناکترە، کە دەبێتە هۆی خولقاندنی زەمینەیەکی کۆنکرێتی بۆ فاشیزم، نەبوونی ئەو تیگەیشتنە قووڵە کۆمەڵگاتیایدا بەشدارە،

ئەوەکۆمەڵگایە لە ڕاپەریندا نایەوێت بەوەزیفەی خۆی هەڵبستێت و مەبەستی نییە ((ئەو بونیادە ڕەمزییانە ئاشکرا بکرێت کە وایان کردووە دیکتاتۆریەت وەکو بارودۆخێکی ئاسایی لە عەقڵ و ویژدانی خەڵکدا بکەوێتەوە))[32].

هەر بۆیە کاتێ دەگەڕێینەوە بۆ ناو ڕەگی دیکتاتۆریەت لە دەسەڵاتی کوردیدا، ناکرێ رەخنە گرتن ئاراستەی ئەو گوتارە سیاسیە بکرێت، کەلە پشتییەوە فاشیزم دەبینین، بەڵکو ڕەخنە دەبێت سەرەتا ئاراستەی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتیانە بکرێت کە ئەو زەمینەیەی خولقاندووە، ڕەخنەگرتن لەو عەقڵەی لە ڕاپەریندا حزبی کوردیەکان بەفریاد ڕەسێك تیدەگەین و، وێنەی موقەدەسی پێدەبەخشین، موقودەسێك کە هەڵەناکات، بۆیە ڕەخنەگرتن لە سیما ناسراوەکانی فاشیزم دەبێ ڕەخنەگرتن بێت لە زمان، زمان بەو پییەی خاوەنی سیستمێکی دەلالیەکە گوتاردادەمەزرێنێ، بەر لەوەی ئەو زمانەی دەبێتە خولقێنەری دەسەڵات لای حزب بخەینە ژێر ڕەخنەوە، دەبێ لە ڕەخنەگرتن لەو زمانەی کۆمەڵگا دەست پێبکەین، ئەوزمانەی دەبێتە بونیادێکی سستی لە کارکەوتوو،



دەسەڵات لە خۆی دەسەنێتەوە و هەموو تواناکانی خۆی دەداتەوە بەزمانی حزب، گوتاری زەبروزەنگی حزب دەبێ بەزمانی گشتی، لە دەساڵی ڕابردوودا کۆتایی بەو قسەکردنە دێنین لەسەر فاشیزمی بەعس، چونکە بنەماکانی فاشیزمێکی تر لە قوڵایی حزبەکانەوە دەبینرێت، بەواتای ناسیۆنالیزم (فاشیزمێکی نوێ) دێنێتە بوون، کە لەسەر ڕابردووی فاشیزمی عێراقی گەشەی بە خۆیداوە، چونکە گەر فاشیزمی عێراقی دەرەنجامی لە دایکبوونی نێو کلتوری ڕۆژهەڵات بێت، ئەوا فاشیزمی نوێ لە هەناوی فاشیزمی عێراقی لە دایکدەبێت، هەرئەو لانکەیەشەوای لێ دەکات توێژە کۆمەڵایەتیەکان بتوێنێتەوە ونەیەڵێ سنورێك بۆ قەوارەیەکی جەماوەری دروست بێت، ئەودەسکاری زمانی دەیالۆگ دەکات، زمانی خۆی لە ناو میدیاکان باڵادەست دەکات، ئەگەر زمان لە جەوهەردا ڕۆڵێکی فاشیانە بگێڕێ، ئەوا فاشیزم دەزانێت چۆن ئەوزمانە جیاوازەی توێژەکان ئاوێتەی یەکتردەکات، بۆیە ئەگەر ((فاشیزمی عێراقی فاشیزمێکی ئاهەنگسازە، بەجۆرێك وەك بینیمان هەتاکولەسەر

**لاشەی هەزارەها کوژراویش ئاهەنگی دەگێڕا و ئاهەنگ تەنها شێوەیەك بووەکە فاشیزم لە ڕێگایەوە خۆی دەربڕیووە))[٣٣].**

**((ئەوا ئەو فاشیزمە نوێیە بۆنە نەتەوەییەکان دەکاتە جەژنێك بۆ خۆدەرخستن و بۆنە نەتەوەییەکان دەگۆڕێتە سەر چالاکی حزبی))[٣٤]، ئەوەش لە پشت گوتاری مۆدێرنەوە ئەنجام دەدرێت، کە پێوەندی بەگوتاری فاشیزمەوە هەیە، بۆیە ئەگەر مۆدێرنەبەرپرسیاربێت لە بەشێکی تاوانەکانی بەعس، ئەوا دیسان مۆدێرنەیە حەق بە دەسەڵاتی کوردی دەدات ئەوکارە بکات، لە ئێستادا ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرەوەی خەونەوەدەژییێت، بۆیە دەیەوێ لەسەر کلتوری رابردوو ئاهەنگ بگێرێت، ئەو لە ئێستادا خەونێکی نییە بیکات بە پرۆژەی، بۆیە ئەو کەڕەگێکی فاشیانە لە ناخی خۆیدا گەورە دەکات، بەتەنیا پێوەندی بە دۆراندنی پاکێتییەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەکۆتایی خەونیشیەوە هەیە، قبوڵکردنی کۆمەڵگایەکی بێ خەون، قبولکردنی قوربانییە بەدرێژایی مێژوو، هاورێیتی بەردەوامی ئێمەیە لەگەڵ غەریزەی مەرگ نەك تەنیا لە ژیانی**



**سیاسیمان، کەلە ئەنفالەوە بۆ ئەوانەی لە (ئیجە) دادەخنکێن، بەڵکو قوربانی مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤی کورد بە ئاینەوە، کاتێ دەچینە ژێرداواکانی ئاین و قوربانی دەکەین بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی و مێژووی خۆمان وابەستەی ئەو مێژووە دەکەین،**

**بۆچی ئاین هۆکارێکە بۆ خولقاندنی ئەو کۆمەڵگایە!؟**

**پرسیارێکی واسادە تەنیا پرسیاری مناڵە تورەکانە لە بەختیار، پرسیاری ئەوا نەیە کەدەرگاکانی ژیانیان بەسەر خۆیان داخستووە، کەئەوەش لە خوێندنەوەی ئەوان نایەت بۆ دەقی (کۆمەڵگای پرسە)، بەڵکو لە موتڵەقیەتی ئەو بۆ ئاین سەرچاوەی گرتووە، پێوەندی بەو پرسیارە نییە کە بۆچی ئاین دەیەوێ مەرگ یەکسان بکاتەوە بەژیان؟ چونکە ئاینیش ژیان بە جۆرێك لە خەڵاتکردنەوە سەیر دەکات، کەلەڕێگەی قوربانیەوە ژیان بە ئیسماعیل دەبەخشێتەوە، بەخشینەوەی ژیان ئەوڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ((مرۆڤ بەردەوام بۆ ئەلتەر ناتیڤێك دەگەرێت بۆ مەرگی تایبەتی خۆی، بیرۆکەی (قوربانی) فێلاویترین نەخشەی مرۆڤە**

**بەرامبەر پێشکەشکردنی زیندەگی دیکە، وەکو ئەلتەرناتیڤی مەرگی خۆی))[٣٥].**

**ئیسلام لە بەرامبەر قوربانی بەدوای ئەلتەرناتیڤ دەگەڕێت، بەلای (بەختیار) ئەوەش وایکردووە ئیسلام زیاتر بەرەو لای حیکاتەکەی ئیسماعیل بچێت نەك مەسیح،چونکە مەسیح خۆیدەکات بە قوربانی، ئەگەر چی مەسیحیش ئەوکاتەی لە خاچ دەدرێت زۆر لەوقوربانییە دڵنیانییە، بۆیە کەبەسەر خاچەکەوەیە هاواردەکات (خوایە بۆبە تەنیا بەجێت هێشتم) مەسیح بڕوای وایە لە ساتەوەختی قوربانی یەزدان بەجێی دێڵێت، بەڵام ئەو قوربانییە لە ئیسلامدا زیاتر قوربانیەکە لەسەر مەرگیپێشەوا ناوەستێ، بەڵکو لە سەرمەرگی ئەوانیتر، ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی مەسیحە، یەکێکە لە خاڵە جیاوازەکانی ئەو دووئاینە بۆ چەمکی مەرگ، چونکە مەسیح بەدوای ئەلتەرناتیف ناگەڕێت، بەڵکو خۆی ئامادە دەکات بۆ مەرگ، کەچی (موحەمەد) عەلی لە شوێنی خۆی دەخەوێنێ تا ئەلتەرناتیڤێك بۆ مەرگی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش تووشی گومانێکمان دەکات لەبەرامبەر قوربانی، کە بۆچی (مەسیح)خۆی دەکاتە ئەو قوربانییە، بەڵام**



**(موحەمەد) کەسانی تر بۆ قوربانی ئامادە دەکات!؟ چونکە ئەو جۆرە رەفتارە والەوانی تریش دەکات ژیانیان لەلا خۆشەویست بێت، خولْقاندنەوەی جۆرێك بێت لە دەسەڵات، کە ژیانی ئەوانیتر ببێ بە ئەلتەرناتیڤێك لە بەرامبەر مەرگ، بۆچی ژیان هێندە بەگەورە سەیر دەکرێت!؟ ئەگەر مەرگ ئەلتەرناتیڤێکە ئەدی بۆچی عەلی لەشوێنی خۆی دەخەوێنێ؟ بۆچی کۆچ بۆ مەدینە دەکات!؟**

**ئەو پرسیارە بەمەبەستی ڕەخنە گرتن نییە لە سێنتەرێك هێندەی گەیشتنە حەقیقەتی ژیانە، چونکە عەشقی ژیانە پێغەمبەری ئیسلام والێدەکات غەریزەی مانەوەی تیادا گەورەبێت، مانەوەیەك دەبێ ئەوانیتر قوربانی بۆ بدەن، بوونی ئەلتەرناتیڤ دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە ژیاندۆستی شورەیەکی قایمی بەدەوری مرۆڤدا دروست کردووە (ئیسماعیل و موحەمەد) عەشقیان بۆ ژیان هێندە گەورەیە بەپێچەوانەوە ئەو عەشقەیان بۆ مەرگ نییە، هەردووکیان لە ڕێگەی قوربانییەوە بەردەوامی بەو عەشقەیان دەدەن، قوربانی قبوڵکردنی مەرگ دەگوازێتەوە بۆ بەردەوامبونی عەشقی ژیاندۆستی ((ئەگەر مانای قووڵی بەخشینی ئیسماعیل ئەوەبێت**

**کە خودا داوامان لیدەکات خۆمان لەبەردەم میحرابیدا سەرنەبڕین، ئەوا مانای قووڵی بەجێهێشتنی (عەلی) لە پێخەفی پێغەمبەردا ئەوەیە کە ئیسلام داوامان لێدەکات لە پێناو سومبولە پیرۆزە کانیدا بەبێ دوودڵی و بیرکردنەوە خۆمان فیدا بکەن))[٣٦].**

**مردن لە چەمکی ئاینەوە دەسپێشخەریە بۆ نەمریی، کە ژیان دوای مردن دەست پێدەکات، ئەوەش جیاوازی ئاینە لەگەڵ ئێستا، ئێستا ئەو زەمەنەی دەبێ بکرێ بە قوربانی بۆداهاتوو، ئێستا شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە قوربانیەك بۆ داهاتوو، ئەوەش دەرخستنی چێژی ژیانە، ئاین خوازیارە ئێستا بکەینە قوربانی تاژیانی داهاتوو وە دەست بێنین، قوربانی لە پێناو زیندووڕاگرتنی ئاین، کە دەبێ مرۆڤ بمرێت تا ئاین زیندوو بێت، بۆیە دەبێ جەستە ملکەچی ئایین بێت خۆی بۆ مەرگ ئامادەبکات، بەڵام دەبێ چ شتێ والە ئێمە بکات جەستەمان بۆفەرمانڕەواکانی سەرزەویش بکەین بە قوربانی!؟ ئەگەر بۆ ئەنفال بگەڕێینەوە، ئەوتراژیدیامرۆییەی جەستەی کوردی تیایدا دەکرێت بە قوربانی پێوەندی بەمانەوەی سەرۆك**



**هەیە، بەعس ئەنفال وەك قوربانیەك بۆ سەرۆك پێشکەشدەکات، کاتێ لە دەساڵی ڕابردووش بنەماکانی فاشیزم لە هەناوی ئەو دەسەڵاتە نوێیە دەردەکەوێت، قوربانی بەشێوازی جیاواز دەردەخرێت، قوربانی بۆ حزب لە قوربانی بۆ ئاین دەچێت، بۆ ئەوەی حزب بە زیندوویی بمێنێتەوە دەبێ شەهید بدات، بۆ ئەوەی جەستەکان خۆیان بکەن بە قوربانی ئەو بڕوا ئاییینیەیان لە ناودا دەچێنێ، کە شەهید بوون دەست پێکردنەوەی ژیانە کە نەمرییە، بەڵام پرسیارە کە ئەوەیە چ بەهەشتێك شەهیدەکانی حزب دەگرێتە خۆی!؟ حزب لەو شوێنەدا خەباتی خۆی بەخەباتی ئاین ناو دەبات، ئەوەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو قسەیەی (بەختیار) کەبە (کۆلاژکردنی ئایدیۆلۆژیا) ناویدەبات، ((بزاوتە ناسیۆنالیستەکان قسە لە ئیسلام بوونی خۆیان دەکەن پتر لە ئیسلام و بزاوتە ئیسلامیەکان قسە لە کورد بوونی خۆیان دەکەن زیاتر لە ناسیۆنالیستەکان))[٣٧].**

**ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئیسلامیەکان زیاتر پێویستی بەو کۆلاژکردنی وێنەی (ئیسلام-نەتەوە) یە هەیە چونکە ئەو وێنەیە شەرعیەتی مانەوەی**

پێدەبەخشێ، دەشتوانێ لەو ڕێگەیەوە ستراتیژێك بۆ مانەوە بدۆزێتەوە، مانەوە غەریزەی ژیان لای ناسیۆنالیزم لە خۆیدا هەڵگرێت بۆ گەران بەدوای ئەلتەر ناتیڤ، کە ئەندامەکانی کۆمەڵگایە.

کاتێك دەیەوێ پێمان بڵێت بۆ ئەوەی مەرگدوست لە کۆمەڵگا دەرکەینە دەرەوە ((دەبایە واز لە مردووەکان بهێنین، بەڵام کێ دەیوێرا واز لە مردووەکانی خۆی بهێنێت لە ساتێکدا ئەو مردوانە ببونە ناوەندی گردبوونەوە و چڕبوونەوەی هەموو چەمکە پیرۆزەکانی دیین ونەتەوە و سیاسەت))[٣٨].

ئەگەر جیاوازیەك لە نێوان ئەو دوو تێگەیشتنە هەبێت، ئەوا ئاوێتە کردنی (قوربانی) و (خۆشباوەری) لای حزبەکان سەرەتای بنەما کۆنکرێتیەکانی مەرگدۆستیە، قوربانی ئەگەر لە ڕابردوودا بەرەو ناو لمی بیابان دەبردرا، ئەوا لە ئێستادا کەمەرگدرستی شورەکانی خۆی بەرزتردەکاتەوە، جەستە بۆ خۆی لێرە دەچێتەوە دەرەوە ، جەستەیەك بەرەو دەریا مل دەنێت، بۆیە جەستەی کوردیبە درێژایی ئەودووزەمەنە جیاوازە دەبێ بە قوربانی (بیابان/دەریا)، پرسیاری ئێمە لە دەریا پرسیارە لەو ئومێدەی لە دەستمانداوە،



گەڕانە بەدوای خەونێك، هەوڵێکە بۆ دەسپێکردنەوەی ژیان، پرسیارێك چەندە پرسیاری منالە نامۆکانە ، هێندەش گەڕانە بەدوای چارەنوس کە کۆمەڵگاش لە ڕێگەی ئەلتەرناتیڤ ستایشی ژیان دەکات ، قوربانی کردنی کۆمەڵگا لە جەژنی قورباندا بۆ خۆی پیرۆز ڕاگرتنی ژیانە ، کەچی حزبی کوردی دەیەوێ بیگۆڕێتەوە سەر قوربانی، حزب وەك ئاین گوتارێکی هەیە بۆ ئەوەی پاساو بۆقوربانیکردن بدۆزێتەوە، شەڕی ناوخۆ ڕازێنراوەتەوە بە دروشمی لە پێناو پاراستنی پەرلەمان لە کاتێکدا دەبێ ئەو حەقیقەتە بەهەند وەربگرین کە ((لە مێژووی ئەم سەدەیەی کورددا هیچ شتێك بە ئەندازەی پەرلەمان کاریکاتێری نەبووە و هیچ شتێکیش بە ئەندازەی جەنگی ناوخۆ جیدی نەبووە))[٣٩].

لێرەدا دەکرێ جیاوازیەك لە بیرکردنەوەی بەختیار لەبەر دەم جەمکی (قوربانی/ مردن) دەست نیشان بکەین ، قوربانی کە لە ڕێگەی ئەنفالەوە شوناسی تراژیدیامان پێدەبەخشێت ، شوناسێك بەلای ( بەختیار ) ەوە دەبوایە بمانهێنابا ناو ڕاپەڕین ، نەك ئەو شوناسە بە خۆشباوەڕی بگۆڕین ، کە

ئەوەش جیاوازە لە دەسبەردار بوون لە قوربانی ، چونکە گۆڕین بڕیاری کۆچ کردنمان پێدەدات بۆیە ، کۆچی منالّە نامۆکان ، ئەو دەرچوونە لە شوێن ، هەمان سەفەری دەرچوون نیە بۆ نێولم چونکە ئەم جارە بە ویستی خۆمان سەفەر بۆ نێو دەریا دەکەین ، ئەو سەفەرەش هەڵگری پرسیارێکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسیاری (موزەفەری سوبحەدەم) پرسیاری مرۆڤێك بیست و یەك ساڵ لەگەڵ لمدا دەژێت ، دواجار باوەش بە دەریا دەکات بۆ دۆزینەوەی خەون و ئومێدەکانی (ئێمە تا هەتایە لەم ئۆقیانووسەدا ونین .. ئەوەی لە دەریادا ونبوو دەبێت بتوانێت بە دوای خۆیدا تەماشای ئاو بکات ، وەك ئەوەی لە سەحرادا ون دەبێت و بەدوای خۆیدا تەماشای لم دەکات، ئەوەتا من لەم دەریایەدا ونم..ونم و لێرەوە، لە قوولایی ئاوو تاریکییەوە هاوار دەکەم سەریاسی سوبحەدەم، تۆلە کوێیت.. تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟ تۆلە کوێیت؟))[٤٠].

پرسیارکردن لە کۆچ پرسیارکردنە لە چۆنیەتی ژیان، هەولێکە بۆ دۆزینەوەی ڕووبەرێك بۆ ژیان، ڕاکردنە لە خەونێك..خەونی ئازادی، بۆیە



کۆچکردن لە نیشتیمان هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە خەونی گۆڕان، دەسبەردار بوونی خەونی لە مێژینەیی، خەونێك کە لە ئازادیدا دەکوژرێت، کوشتنی خەونیش پێوەندی بە دۆڕاندنی پاکێتیەوە هەیە، ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەرباسێکی تر کە کۆچە، بەلاّم چونکە ئەوەیان پەیوەندیی بەو نووسینەوە نییە بۆیە دەسبەرداریی دەبین، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین ئەگەر ئەنفال سەفەرێك بووبێ بێ ئیرادەی ئێمە بەرەو بیابان بردبێت ئەوا ئەمجارەیان دەرچوون لەشوێن بە ئیرادەی خۆمانە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

(١) لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن/ بەختیار عەلی رەهەند، ژمارە (٧)/ل٢٠٤

کۆماری ترس/ بەختیار عەلی گەلاوێژی نوێ ژمارە (٢)/ ل٢٠

هەمان سەرچاوە/ل٢١

بۆ ئەوەی لەو ڕێکخراوە سیخورییەی عێراق بگەین، کە لە ماوەی بیست ساڵدا ئەو دەوڵەتە پاشەکشەی

له هەشت پرۆتۆکۆڵی ستراتیژی کردووه، که پێوەندی به گۆڕینی بارودۆخی سەرەکی عێراقەوە هەبووه، بڕوانە: العراق..دوله المنقمه السریه/حسن العلوی انتشارات الشریف الرچی –١٩٩١ ص (٨٤–٨٥)

کۆماری ترس/ ھ.س / ل٢٣

نقگه البدایه/ میشیل عفلق / المؤسسه العربیه للدراسات (بیروت) الگبعه الخامسه/ ١٩٧٥

کۆماری ترس / ھ . س/ ل٣١

له ئارەزووی کوشتنەوه بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن/ بەختیار عەلی ڕەهەند، ژماره (٧) ل١٧٢

هەمان سەرچاوه /ل١٧٣

هەمان سەرچاوه /ل١٧٦

هەمان سەرچاوه /ل١٧٨

هەمان سەرچاوه /ل١٧٩

هەمان سەرچاوه /ل١٨٦

هەمان سەرچاوه /ل١٨٨

هەمان سەرچاوه /ل١٩٦

هەمان سەرچاوه /ل٢٠٦



سەبارەت به جۆرەکانی لاقەکردن و دووبارە بوونەوەی ئەو مۆراله بەعسیه بڕوانه ووتارێکی ترمان: چیاکان دۆستی کوردنین/ نیهاد جامی گۆڤاری روانین/ ژماره(٩)

له ئارەزووی کوشتنەوه.../ل٢١٥

هەمان سەرچاوه /٢١٦

هەمان سەرچاوه /ل٢١٩

هەمان سەرچاوه /ل٢٢٣

چۆن پاکێتیمان دۆراند؟/ بەختیار عەلی هزر/ ژماره (١) هاوینی ١٩٩٨/ل٥٨

بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی خەون/ بەختیار عەلی گەلاوێژی نوێ/ ژماره ٣/ل

هەمان سەرچاوه /ل

لێرەدا نامانەوێ قسەی زیاتر لەو پێوەندیه بکەین، چونکه له شوێنێکی تردا لەسەر چۆنیەتی ئەو پێوەندیه قسەمان کردووه، بڕوانە: کۆمەڵی مەدەنی وەهمی حزب و خەونی خێڵ/ نیهاد جامی/ گۆڤاری (نما) ژماره (٤).

بەرەو کۆتاییەکانی سەدەی خەون/ ل

وەلامێکی تازه بۆ پرسیارێکی کۆن/ شێرزاد حەسەن رامان / ژماره (١٦)/ ل٥٨

سەدەی ناسیۆنالیزم/ بەختیار عەلی رەهەند/ ژمارە (٩/١٠)/ ل١٤١

هەمان سەرچاوە /ل١٦٦

فاشیزم، دیموکراسیەت، سانسۆر/ بەختیار عەلی یەکگرتن، ژمارە (١٤)/ل٢٣

هەمان سەرچاوە ل٢٣

هەمان سەرچاوە /ل٢٣

هەمان سەرچاوە /ل٢٤

ئاگری نەورۆز بە نمونە دەهێنینەوە، ئەو ئاگرەی کۆمەڵگای ئێمە کردوویەتی بە سیمبولی نەتەوەیی، سەربانی ماڵەکان و شەقامەکان دەکات بە کەرنەڤاڵی ئاگر، یادەوەری مناڵیمان پریەتی لەو ئاگرەی ئەو ئێوارەیە، کەشەقامەکان دەگۆڕدران بە ئاگرو بۆخۆی جۆرێك لە نارەزایی لە ڕێگەی وەستانی شەقام، پێوەندی بەگیانی بەرەنگاری ئێمەوە هەبووە، کەچی لە ئەمرۆدا دەسەڵاتی کوردی بە بیانووی پیسکردنی ژینگە، ڕێگە لە کردنەوەی ئەو ئاگرە دەگرن و لە تاقەشوێنێك تەقەمەنی ڕەنگاو ڕەنگ و تاکە ئاگرێك دەکرێتەوە، ئەو کارە دەگۆڕێتە سەرچالاکیەکی حزبی، تا حزب لە ڕێگەی سەرکردەکانیەوە ئاگرمان بۆ بکاتەوە، ئەوەش خۆ



درێژکردنەوەی حزبە بە کلتوری نەتەوە، چونکە کاتێ کۆمەڵگا بۆخۆی ئەو ئاگرە دەکاتەوە پابەندبوونیەتی بە کوردبوون، بەلام حزب ئەو کارە لە کۆمەڵگا دەسەنێتەوەو خۆی بەکردنەوەی هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی مێژووی سەرکەوتن و ئاگری ئەو حیکایەتە بۆ خۆی بگەرێنێتەوە وەك ئەوە وابێ حیکایەتەکانی خۆی کەمبن، تاحیکایەتەکانی نەتەوەش بکات بەموڵکی خۆی.

(٣٥) کۆمەلگای پرسە/ بەختیار عەلی ڕەهەند/ ژمارە (١)/ ل٦٨

(٣٦) هەمان سەرچاوە /ل٧٠

(٣٧) سەدەی ناسیۆنالیزم/ بەختیار عەلی ڕەهەند / ژمارە (٩-١٠)/ ل١٨٥

(٣٨) کۆمەڵگای پرسە/ ل٩٦

(٣٩) هەمان سەرچاوە /ل٩٣

(٤٠) دواهەمین هەناری دونیا/ بەختیار عەلی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی/ل٣٢٧